# نامەی هوشیار

دانراوی :

مەلا عبدالکریمی مدرس

---

چاپخانەی ـ الحوادث ..
بەغدا ـ ١٩٩٢

بسم الله الرحمن الرحيم

پەروەردگارا ، تۆی پەروەردگار
هەر تۆی خاوەنی چەرخی ڕۆژگار
هەر تۆی بەڕاستی ( واجب الوجود )
هەر تۆ خالقی ، هەر ئەتۆی مەعبوود
بۆ تۆیە سەنا ، بۆ تۆیە سوپاس
بۆ تۆ پێویستە بەندەیی‌و ئیخلاس
هەرچی دیارەو هەرچی نیهانە
سەرانسەر هەمووی ناوی جیهانە
هەمووی تەسبیحی تۆ ئەکا بە حەق
مەگەر کافری نەفامی موتڵەق
بە حەق تۆ دارای وەسفی کەمالی
وەسفی جەلالی‌و وەسفی جەمالی
تۆ ڕەوانەت کرد گەلێ ڕەهبەران
بۆ تەمێی هوشیار گەداو سەروەران
ڕشتەت تەواو کرد بە کانی کەرەم
یەعنی (محمد) سەرداری ئەکرەم

جا ئیزنم بده بێم بۆ دروودی
سەنای مەقامی بەرزی مەحموودی
با دڵی (نامی) بێتە جۆش‌و کوڵ
پڕ بە دڵ بڵێ : ئەی سەرداری کول
سەلامی خودا لەسەر گیانت بێ
هەم لەسەر گیانی پەیڕەوانت بێ
ئەی تاجی سەری حەزرەتی ئادەم
مایەی ڕەحمەتی سەرانسەر عالەم
لەبۆ زنجیرەی ڕشتەی ئەکابیر
بە ڕۆح ئەووەڵ بووی ، بە بەدەن ئاخیر
لە ڕێی دوورەوە هاتی بۆ لامان
وا بووی بە ڕەهبەر بۆ ئاخر زەمان
ئەی مایەی نەجات لە تاریکستان
**چەند شوێنی شۆرت کرد بە گوڵستان**
دڵی تاریکت ڕووناك کردەوە
کەعبەت لە ژەنــگی بت پاك کردەوە
یەکێتیی خودات نیشاندا بە عام
داتمەزراند دین‌و ئایینی ئیسلام
نەفامیت لابرد ، هێنات هۆش‌و فام
چەندت پێگەیاند عولەمای ئەعلام
یاسای بەدخوڵقی کز بوو لە دنیا
دنیا بوو بە جێی ئینسانی وریا
لە مەککە دەرچووی بۆ یارمەتیی دین
بۆ جیهاد لەگەڵ کافری لەعین

ئەی نووری ڕەحمەت سەلام لە گیانت
لە گیانی پاکی گشت پەیڕەوانت

## ڕەزا بە قەزا

لامەدەن لە ڕێی ڕەزا بە قەزا
خۆ مەدەنە بەر ئازاری سزا
یاسای قەزای حەق لە عام پەنهانە
کەی جێگەی باسی شەخسی نەزانە
ئەوەی لە نەبوون جیهانی هێنا
بەردی بناغەی دانا لە شوێنا
خشتی دیواری لە جێی خۆی دانا
لە هەر لاو گۆشەو سووچی جیهانا
شیعاری هوشیار یاساو نیزامە
یاسا ڕاگرتن حوکمی ئیسلامە
شوعوور پێویستە بۆ خاوەن شیعار
شیعار بێ شوعوور کارێـکە نابار
ئەملاك‌و ناموس نەفس‌و عەقڵ‌و دین
پارێزگاری‌یان فەرزە بە یەقین

## ئیخلاس بە دڵە

ئیخلاس پێویستە بۆ کـاری ئینسان
ئیخلاس ئەساسە بۆ خێرو ئیحسان

ئیخلاس لەبۆ دڵ وێنەی چرایە
کــە دڵ ڕووناك بوو كارت باڵایە
ئیخلاس خۆشویستن چاترە بۆ تۆ
لە هەزار كیلۆ بۆیەی ڕەنگ‌و بۆ
موخلیس ئادەمی دوور لە هەوایە
هەوا بەدبەختیی هەردوو دنیایە
هەوای دڵ وێنەی چڵكی سەر دەستە
لێی دوور بە ئەگەر پاكیت مەبەستە
هەتا دڵ لە چڵك پاك نەكەیتەوە
قەت لە ژیانا ناحەسێیتەوە
تا چڵكی هەوا لانەبەی لە دڵ
زەحمەتە بــگەی بە حوسنی حاسڵ
ئەگەر بۆم بكرێ سەد عەهدو پەیمان
سوێندم بۆ بخۆن بە یاسای زەمان
هێشتا دوو دڵم لە ئیخلاسی گەل
قەسەم بە زاتی خوای ( عز و جل )
كاكڵەی ئەمیشە تەنها هــەوایە
هەر هەوا مایە غەوغای دنیایە

★ ★ ★

كاری موشریكین بت‌پەرستی بوو
ئەویش هەر لەسەر خۆپەرستی بوو
خوداپەرستان دوورن لە هــەوا
كەی هەوا مایەی حەق‌پەرستی بوو !

★ ★ ★

که تۆ ئاغا بی‌و منیش هەر ئاغا
دنیا پڕ ئەبێ لە هەراو غەوغا
ڕێگای دڵسۆزان تەرکی هەوایە
بە تەرکی هەوا ئەڕۆی بە باغا

## دنیا پڕە لە ئاشووب

هەرکەس هاتە ناو لە دنیا دەرچوو
هیچ‌کەس لە دەستی دنیا دەرنەچوو
ئێمەیش هەروەها ئەڕۆین بە ڕێدا
دەی با بۆ خودا بێینە هاتوچوو
هەوا بازاڕە ئەم دنیای دوونە
ئینسانی هوشیار تیایا مەجنوونە
یاسای بەڕاستی پێچەوانەیە
ئەفلاتوون گێژەو گێژ ئەفلاتوونە

★ ★ ★

لادەن لەوانەی خاوەن کیبریان
بە دڵ بێهۆشن ، بە زوبان وریان
بەڕاستی ئەڕۆن بە ڕێی لاڕێ‌دا
باریان تەواوە لە ناباری‌دا
دەماخیان توندە لەسەر داماوان
پەتکە بەرەو ڕووی تالیبی تاوان
وەربگرە دەرزم ڕۆڵەی بەختیار
مەبە بە هاوڕێی پیاوی ستەمکار

مەبە بە یاری یارۆی بیباوەڕ
مەبە بە هاوڕاز بۆ هەرزەی بێفەڕ
مەبە بە برای درۆی بێسەبات
لەگەڵیا مەژی لە ڕووی سەربسات
مەبە بە دۆستی پوستەی دەمبەتاڵ
مەبە بە یاری ڕووگرژی دەمتاڵ
دوور بە لە پیاوی نەفامی بێهۆش
چ لە بێگانە چ لە خزمو خوێش
ژیانی دنیا مەحدوودە ، چەند ساڵ
حەیفە زایە بێ لەگەڵ بێکەماڵ
ئەگەرچی دنیا پڕە لەمانە
ڕیعایەت فەرزە بەپێی زەمانە
تایبەتی (نامی) لەوە ئەترسێ
کە لە حوقووقی خودا ناپرسێ

## ئامۆژگاریی گشتی

ئادەمی ئەبێ ڕۆڵەی ئادەم بێ
چرای ڕێنومای ئەهلی عالەم بێ
لێو ئەبێ ببێ بە هۆی فووی ژیان
نەك بۆ ڕەشەبای دەردو ئەلەم بێ

★ ★ ★

فەرموودەی ڕەهبەر وەربگرە بە دڵ :
یاخود زانا بە یا پەرسای موشکوڵ

ئەرنا نەبوونت چاترە لە بوون
بۆ چاوی عالەم ئەبی بە چقڵ

★ ★ ★

نە لەبۆ خۆت بیو نە لەبۆ خەڵکی
وێنەی دارێکی بێبەرو کەڵکی
ئادەم هاتەڕوو بۆ دەرزی بەرزی
بۆ پیشەسازی هەتا بۆ دەرزی
چۆن ئەبێ ببی بە دەرزیی بێسەر
لەبەر بێبەرگی بۆ خۆت بلەرزی

★ ★ ★

(احسن الحدیث) ڕیوایەی شەرعە
ئەگەر لە ئەسڵە یاخۆ لە فەرعە
ڕەفتاری ئینسان بەو شەرعە بەرزە
تیرو کەوانە ، قەڵغانەو دیرعە

★ ★ ★

ئادەمێ بەرزو جیهانئارا بێ
لەبۆ دوو بەهرە ئەبێ دارا بێ
یەکەم خادیم بێ بۆ پەروەردگار
دووەم تالیبی کاری باڵا بێ
هێمن بێو زاناو توانا بۆ کار
بێتە مامۆستای چەرخی ڕۆژگار
ئەو دەرزەی ئەیڵێ بە نەزانەکان
هۆی بەرزییەتی لای پەروەردگار

ئینسان بە وێنەی دەرگای سەرایە
کە کرایەوە گەنجی دنیایە

## سکاڵاو پاڕانەوە

خودای هەتیوی بێ دەستو بێ پێ
داماوی دەران ، سەرگەردانی ڕێ
ڕاکردووو بەشوێن یارمەتیدەرێ
تا باری کەوتووی بۆ بسگاتە دێ
بارت ڕەها کرد ، پارەیشت پێدا
کردت بە دارای ماڵو حاڵو جێ
ئیسە پاشکەوتووی گەلی یارانە
بە میهرەبانی بیگەیێنە دێ

★ ★ ★

هەر تۆی هەزاران شات کرد بە شاگرد
هەزار بێسەرت بە شای سەران کرد
خودای دەلیلی زەلیلو بێکەس
خودای خاوەندەس ، خودای فریادڕەس

★ ★ ★

تۆ بووی کە مووسات دەرکرد لە ڕووبار
فیرعەونت خنکاند بە دەردو ئازار
تۆ بووی کە ئێمەی ناچیزت خوڵقان
تا گەیاندمانت بە شانو بە نان

تۆ بووی نەزانت گێڕا بە زانا
بوو بە مامۆستای ئەربابی عیرفان

★ ★ ★

تۆ بووی مەقامت دا بە بێمەقام
عیلمی کەلامت دا بە بێ کەلام
تۆ بووی مولهیمی بێعیلمو زانست
کردت بە ئوستاد بۆ گرۆی ئیسلام

★ ★ ★

شەخسی بێ کەسی داکەوتووی دەران
کردت بە هاوڕێی گرۆی ڕەهبەران
بوو بە نووری چاو بۆ ئەهلی نەزەر
بوو بە نووری دڵ لەبۆ دڵبەران

★ ★ ★

ئەمانەی وتم مەبەس (نامی)یە
(نامی) داماوی ناتەمامی‌یە
پەنای هێناوە بە بارەگای تۆ
تالیبی بەهرەی ڕێی ئیسلامی‌یە

★ ★ ★

خودا ، بە زاتی پاکی یەزدانی
وجووبی وجوود بوو بە نیشانی
بە پێنج سیفەتەی سەلبیی جەلالی
بە حەوت سیفەتی ذاتیی جەمالی
بە سیرڕی وجوود سیفەتی نەفسی
کە عەینە لەبۆ حەزرەتی قودسی
بە (ورحمتی وسعت کل شیئ)
بە ڕووناکیی تاو ، بە بێشەوقیی فەیئ

به غوررەی جەبهەی سیمای سوڵتانی
به تورڕەی توغرای گەورەی عەدنانی

بە نووری زاتی زانای هۆشمەند
بە بەرەکاتی بینای ئەرجومەند

بە ئالو یاران ، بە ئەهلو بەیتی
بە عیلمو عیرفان بە چرای زەیتی

بە سەفای سینەی گشت موجتەهیدین
بە وەفای گرۆی ئەولیای پڕدین

بە سەربەرزانی تەریقەی پاکان
لەگەڵ عیرفانی حەقیقەی چاکان

بە پیری گەیلان میری ئەرجومەند
بە کانی عیرفان شاهی نەقشبەند

بەوانەی لە ڕێی دینا مەحبووبن
لە ئەسڵو فەسڵی دینا مەرغووبن

بە ئەهلی ئەدەب وێنەی نیزامی
سەعدیو حافزو مەولانای جامی

ڕووناککەرەوە دەروونی (نامی)
تا بمرێ لەسەر یاسای ئیسلامی

هەتا داخڵ بێ لەو ڕشتەی نوورا
ڕێـگە ونـنەکا لەو دەشتە دوورا

هەتا دڵەکەی ماتو مەلوولی
شاد بێ بە سیمای سافی ڕەسوولی

# ئامۆژگاری

جیهان دەشتێکە گەشت ئەکەن پێدا
جێگەی هەنــگاوە ئەڕۆن بە ڕێدا
با ئاگادار بن لە بەرزی‌و نشێو
لە ئادەم سیمای بە تەبیعەت دێو
(قدموا الخروج من قبل الولوج)
(قدموا النزول من قبل العروج)
ئەوەی پێشبینی نەکا لە کارا
ئەکەوێ بەسەر باری خەسارا
هەرگیز دڵ مەدەن بە هۆسەو هەوا
مەڕۆنە گێژی تەنوورەی غەوغا
دوور بن لە هەوای نەفسی ئەممارە
ڕەشەباییکە هەوای نابارە
تەلبیسی شەیتان مایەی ئیفسادە
تەلبیس ئەساسی فەنای ڕەشادە
قەت تالیب مەبن بۆ زیانی کەس
بە قەدری ئیمکان تا ئاخر نەفەس
(ان ربك لبالمرصادِ)
ڕزگاری نابێ ئینسانی عادی
(وخاب کل جبار عنید)
ئەکا بە دەلیل ئینسانی ڕەشید
بڕوانە عالەم بە وێنەی برا
بۆ دڵ تاریــکان ببن بە چرا

موئمین هەرکەس بێ بۆ تۆ برایە
دڵی چاوەڕێی نووری چرایە
ئەگەر ڕووناکی نادەی بە دڵیان
تاریکی مەدە بە ناو مەنزڵیان
یاران برای تۆن لە ڕۆژگارا
یارمەتیت ئەدەن لە کاروبارا
ئەگەر بۆ ئەوان خۆت ناکەی بە قوڵ
مەبە بە گورگی هاری جێگەی چۆڵ
مەبن بە یاوەر لەبۆ ڕێگەبڕ
ڕامەگرن سەگی نهێنگری دڕ
کاتێ سەگ وەڕی لە ڕێبوارێ
مەنعی پێویستە بە دەم یا دارێ
مەبنە دزدەسەك بۆ پیاوی دەسبڕ
مەبن بە هاودەم بۆ پیاوی دەمشڕ
مەبنە کەشتیوان بۆ دڵخوازی جەنگ
مەبنە پشتیوان بۆ ماری بەدڕەنگ
مەبنە هاوکاسە لەگەڵ فیتنەجۆ
با هەزار گەوهەر ڕاکێشێ بۆ تۆ
تێکەڵی مەکەن لەگەڵ نامەردان
هاودڵی مەکەن لەگەڵ دڵ مردان
لە لای کەللەڕەق دڵت ڕەق ئەبێ
هاودەمی ئەحمەق زوو ئەحمەق ئەبێ
لەگەڵ بەدگومان مەڕۆنە کایە
کایە لەگەڵیان ئەنجامی کایە

له ئەرزی خەڵقا خەڵفە مەنێژن
ئارەقی بێسوود بۆ کەس مەڕێژن
میوان میوانە نەك خاوەن خانە
فەرقیان زۆرە بە دڵ بیزانە
قەت مەژین لەگەڵ شەخسی بەدناوا
شەرەفی خۆتان مەدەن بە ئاوا
قەت بە بێ ڕاوێژ دەس مەدەنە کار
مەبەس کارێـــکە موهیم بێو دیار
هەم ئیستیخارە سوننەتی دینە
دوو ڕکات نوێژەو دوعاو ئامینە
بە بێوەسیلە مەچنە بارەگاه
دیاری فەرزە لای مەردی ئاگاه
بە عەریزەی ڕووت ناگەی بە کەماڵ
دیاریی مەزبووت ئەتبا بۆ ناوماڵ
مەڕۆن بەگژی شەخسی سەردارا
پێویستە بۆمان حەیاو مودارا
دانێ کلۆر بێو بێشێ ، بیکێشە
دار بێخی نەما دەردێ لە ڕیشە
دڵێکت تەوساند ئەتەوسێتەوە
نەفست لەوکەسە ناحەسێتەوە
سیفەتی بەرزی ئینسانی وریا
وتاری نەرمەو حەیاو مودارا
زانیت سەرڕەوە لەگەڵیا بڕۆ
بۆ خۆی دێتەوە بە بێ گفتوگۆ

حوقووقی وەفا ڕابگرن بە دڵ
حوقووقی نیعمەت بۆ شەخسی فازڵ
قووتو ژیواری ئینسانی شەریف
خوڵقی جوانەو وتاری زەریف
زمانو ڕووی خۆش دەهندەی کەریم
ئەتبەن بۆ ماوای (جنة النعیم)
گەر نانت وشکە با خوڵقت تەڕ بێ
ماڵ بێقڕە بوو چش فەرشت بەڕ بێ
هۆشو دەسندەو شۆرەتو نەژاد
بۆ ماڵی شەرەف ئەبن بە بونیاد
درەختی باخچەت ئەگەر بێبەر بێ
قەیناکا مادەم خاوەن سێبەر بێ
نە بەری ببێو نە ساو نە سایە ،
ماندوو مەبە بۆی بێسوودو مایە
کە تۆ کەریم بی بە جوێنی لەئیم
بەرز ئەبیتەوە بە پایەی تەعزیم
داری سەمەردار بەردی بۆ ئەخەن
دوژمنو دوژمن هەر دەستەویەخەن
هەر کارێ ئەکەن با بە ئیخلاس بێ
بۆ ڕەزای خودای خاوەن سوپاس بێ
ئیخلاس بۆ خودا نوورە لەبۆ دڵ
نووری دڵ قووتە بۆ ڕۆحی کامڵ
بە وێنەی خوێنە بۆ ڕۆحی ئینسان
ڕەگێ بێ خوێن بێ ناشێ بۆ ژیان

دەخیل سەد دەخیل ئێوەو خوداتان
سوپاسی نیعمەت بێ لەلاتان
سوپاسی نیعمەت پیرۆزیی مەردە
لە دنیاو دینا وەزیفەی فەردە
مەبن بە مەستی پیاڵەی هەوا
تا بـگا پێتان بەراتی خودا
مەستی پیاڵەی هەوای فەسادی
قەت گوێ شل ناکا بۆ (یا عبادی)
وتەی قەدیمە شەخسی بێ سوپاس
پایەی کەمترە لە هیی سەگی پاس
بـگەڕێن بەدوای نانێکی پاکا
لە شوێنێکی خۆش ، لە کەسبی چاکا
نانێ شیرینە بێ‌سەداو دەنگ بێ
نەك نانێ نانی تەقەتفەنگ بێ
نانێ شیرینە بە دڵداری بێ
نەك نانێ نانی دڵئازاری بێ
لە شوێنێکا بن خاوەن نیزام بێ
نەك شوێنی شەڕو هەرای عەوام بێ
لە شوێنێکا بن جێی عیبادەت بێ
جێگەی ئیمامی پڕ جەماعەت بێ
لە شوێنێکا بن بۆ کاسب بشێ
هەر کاسب کاری جێ‌بەجێ ئەبێ
بە دڵ وەربگرن وتاری (نامی)
بەسوودە لەبۆ گرۆی ئیسلامی

# ڕاستی و ناڕاستی ناحەزی یەکن

ئەزانێ بە دڵ ئینسانی وریا
لەو سەردەمەوە هاتە ڕووی دنیا
خێرو شەڕ بە حەق دژی یەکترن
دوژمنی خوێنیی لەبەد بەدترن
هەر یەکێ بۆ خۆی سوپا جەم ئەکا
هەر کام لە شوێنێ تۆزو تەم ئەکا
سەرسوپای ڕاستی تەربی‌یەی ماڵە
لەو باوکو دایــکەی خاوەن کەماڵە
ئەمجارە دەرزی بەرزی مامۆستا
ئەو مامۆستایەی بۆ قیبلە وەستا
جا هاودەمی پاك لە دەرو لە ماڵ
لە دەرو دەشتو کوێستانی خاڵ‌خاڵ
ئەمجار مەجلیسی ئونسی مەردانە
ئەو مەردەی لەناو دڵ زیندووانە
دڵ پڕ لە نووری عیلمو مەعریفەت
خاوەن خوڵقی بەرز ، ساحێبی ئولفەت
هەموو ئەمانە لەگەڵ عیلمی شەرع
بە یاسای تەحقیق لە ئەسڵو لە فەرع
جا موتاڵەعەی کتێبی پیرۆز
کتێبی گەلی ئەسفیای دڵسۆز
ئەمانە هەموو یارمەتیدەرن
ئادەم لە دەریای فەساد دەرکەرن

عەکسی ئەمانە سوپای فەسادە
کە دین‌و دنیای پێوە بەربادە
گێژی‌و نەزانی‌و نەفامیی ئینسان
مانیعی پیاون لە خێرو ئیحسان
ئەمانە هەموو چەکداری پیسن
سەربازی سوپای مەکری ئیبلیسن
جا وردە وردە بڕوانە لەبۆ
ئەنجامی هەردوو دێنەڕوو بۆ تۆ

## ئەساسی فەساد

بنچینەی فەساد نیشانی هـــەیە
یەکەم بێباکیی دایەو بابەیە
ئەو دایەو بابەی تەمێ نافامن
نائاگاداری ڕەشیی ئەیامن
ڕۆڵەی بێئەدەب چیی بەسەرا دێ
لەکوێ بە حەسرەت ئەژی تا ئەمرێ
دووەم ئیهمالی مامۆستای مەکتەب
زیانی زۆرە بۆ عەقڵ‌و ئەدەب
سەری کەر بـــکەن بە شاخی گادا
لە سروشتی خۆی هەرگیز لانادا
مامۆستای بێهۆش بەرەڵڵا لە دەشت
چۆن قوتابیی خۆی ئەبا بۆ بەهەشت

که تەمێ نەما لە دانشگادا
قوتابی عومری ئەدا بە بادا
هەندێ بەرهەمی بیری بێگانە
چوارەمین مایەی گەورەی زیانە
مەبەست بەرهەمی بیری گومڕاهان
بوو بە بەنزین و ئاگر بۆ جیهان
نە دین نە یاسای خۆشیی نیشتمان
نە وەفا بۆ حەق نە عەهدو پەیمان
نە سەروبەرەو نە گەورەو بچووك
نە سەنگی ماقووڵ ، نە قورس و نە سووك
هەموو لە دەریای پانی دنیادا
پێمەلە ئەکەن بەناو هەوادا
جا نەخوازەڵا دڵبەر بێتە ڕوو
یاری شەنگو شۆخ بێتە هاتوچوو
یەعنی ئارەزووی ماددەی بێمایە
یا هەوای پایەو جاهی بێپایە
شێخی بایەزید بێتە ڕووی دنیا
دەستی ئەبەستن ئەیخەنە دەریا

## ڕزگاری لە شەڕ

ئەگەر ڕزگاریت لە شەڕ مەبەستە
لادە لە هەوای نەفسی خۆت ، بەستە

له کەس مەترسە ئەوەندەی نەفست
هەر نەفسە مایەی زیادیو نەقست
بە هـەوا ئەتبا لەبۆ ئاسمان
جا ئەتخاتە خوار لەسەر بۆ دامان
نەفس جیوەیە بە جیلوەبازی
جیننی خەڵوەتە بۆ حیلەسازی
هەرکەس ئەو جیوە بە دڵ بکوژێ
ئاوی حەیاتی پیرۆزی ئەمژێ
چۆنی ئەکوژی ؟ دوور بە له هەوا
بپارێرەوە لـــە نیوەشەوا
قەناعەت بـکە بە ژیواری خۆت
مەڕوانە بۆ کەس دنیا بێنێ بۆت
دوورکەوەرەوە له هەراو هۆسە
له خۆ دەرخستن ، له کۆسە کۆسە
بکەوەرە دوای دینی پێغەمبەر ( د )
له دنیاو له دین نابینی زەرەر
ئەڵێن دەرمانی نەفسی وەك جیوە
داوێنی پیری دنیا نەدیوە
پیرێـکی وەهات ئەگەر دەست‌کەوێ
جوان ئەبیتەوە بە تاقەشەوێ
یەعنی بە یەك شەو بە کارەبای دڵ
گەش‌ئەبیتەوە هەروەك پەڕەی گوڵ
نەفسو ڕۆحو دڵ گەرم‌ئەکاتەوە
هێزی لاوی‌یان پێ‌ئەداتەوە

وایان داخ ئەکا ساردەوە نابن
ڕوو لە خوا ئەبن هەتاکو مابن
بەهرەیێ بەرزە لە لای خوداوە
ئەگەر هەڵکەوێ لە ڕووی دنیاوە
(نامی) ئەڕوانێ بۆ بارەگای غەیب
بەهرە لای ئەوە بە بێ شوبهەو ڕەیب

## جیهانی جۆرجۆرە

دنیا بە وێنەی حوجرەکەی منە
جاربەجار پڕی دێوو ئەرجنە
جارجاریش چۆڵەو ، جارێـکی دیکە
پڕە لە مرۆی خوو مەلائیکە
لەگەڵ عالەما مودارا سەهلە
مودارا لەگەڵ نەفسی خۆت ئەسڵە
ڕۆژێ دڵخوازی باڵاخانەیە
بۆ زیادەڕەوی بە بەهانەیە
ڕۆژێ تەقالای جبەو کەوایە
داوای مێزەرەو فۆتەو عەبایە
ڕۆژێ مەجلیس‌و مەقامی ئەوێ
لە مەراقەدا ناخەوێ شەوێ
ڕۆژێ لەبرسا ئەوەندە گێژە
ئەڵێی فتبۆڵی سەر بەرەو لێژە

ڕۆژێ بە تیری ئەوەندە مەستە
ئەڵێی سەرۆکی سوپا بەدەستە
کاتێ داماوەو ، کاتێ گریانە
دڵی بە گریان دیزەی بوریانە
کاتی سەرکەوتن ئەوەند باییە
ئەڵێی نیشتەجێی تەختی شاییە
نە ئەوسا بیری ئەم ساتەی هەیە
نە حاڵی سبەی ئەزانێ چییە
وێنەی تەسەلسول زنجیرەدارە
هەمووی لە هەوای نەفسی بەدکارە
چار هەر ئەوەیە بێینە دیراسە
ڕزگار ئەوەیە حەقیقەتناسە
حەقیقەت چییە زانستەو کردار
میانەکاریی توولی ڕۆژگار
میانەکار بین بۆ دین‌و دنیا
بە قەدەر توانا وریا بین وریا
قەت ماندوو مەبن لە عیلمی بەسوود
قەت ماتڵ مەبن لە داوای مەقسوود
گەر تۆزێ شوعوور هەیە لەلاتان
فەرامۆش مەکەن حەققی خوداتان
ئینسانی نەزان بە دڵ حەیرانە
لەبەر بێدڵی زۆر سەرگەردانە
کــە زانستت بوو بە یاریی خودا
چاك بۆ کردەوە ئەکەی بە لادا

لەبۆ بێگانەو گەلی خزمو خوێش
ئەبی بە هەنگوین بە بێ ئێشی مێش
ئەوەند بزانن زانستی ئادەم
چین لەسەر چینە لەسەر ڕووی عالەم
یەکەم چینەکەی زانستی بزنە
ڕائەکا لە گورگ چونکە دوژمنە
دووەم چینەکەی هەر هیی ئینسانە
گەشەکردنی ئەمە ئاسانە
سێهەم چینەکەی لە مەعقوولاتە
تا بالآتر بێ هەمووی خێراتە
عیلم ئەوەیە بتبا لەبۆ غەیب
لەسەر دەلیلی قاتیعی بێڕەیب
قەت ڕامەوەستە لە سایەی حەواس
قەت ڕامەوەستە بە شۆرەتی ناس
عیلمی ئاسارو تەئسیرو شووعوور
دەرکی تاریکیو بەرقی هێزی نوور
دەرکی جاذیبەی مەجموعەی شەمسی
باش ڕاتئەکێشن بۆ عیلمی قودسی
هەرکەسێ لەسەر ماددە مایەوە
دوورە لە مەعناو نەحەسایەوە
فەرزە بفامێ جامیدو (نامی)
لەسەر ڕاستییە دینی ئیسلامی

# ئاساری پێشینان نامێنێ

بە قوربانت بم قازی زەکەریا
عالمی عامیل بۆ دین‌و دنیـــا
باسی مەفهوومت نەما لە چەرخا
کێ بێ هەوڵبدا ئەفـکارت سەرخا
(قەددوری) قەدری نەماوە لەناو
(مینهاج) بەجارێ فەوتاوە فەوتاو
لامەزەبی‌یە مەزهەبی ئەعلام
لامەنهەجی‌یە مەنهەجی کەلام
ئەمەیە دڵخواز لەسەر یاساو عورف
مەحو بۆ نەحوەو بێ‌سەرفی بۆ سەرف
با لاچێ باسی عیلمی بەلاغە
(ما علی الرسول الا البلاغ)ە
مەنتیق بێ‌نوتقەو ئاداب نەماوە
ئوسووڵ بەجارێ لامان فەوتاوە
بۆ چیتە شەرحی شێخ ئیبنوحەجەر
(فتح القدیر)یش بڕوا دەربەدەر
هەتا کەی باسی ئەحمەدو مەحموود
کەی لەو باسانە ئەگەی بە مەقسوود
عیبارەتێکی عەرەبیی سافی
هەرچۆن بێ مەعنای ، کافی‌یە کافی
هاوار بۆ عیلمە ، ئەم عیلمە نەما
عیلمی‌تر داهات ، ئەو چوو بۆ سەما

چەندەم پێ وتن مەسلەك بە دەستە
شت هەڵناگرێ دەستی شکستە
بناوان ڕووخا جۆگە وشکانە
زەمان زەمانەو مەکان مەکانە
هۆ هۆ بە بێ گا لە بێسەرانە
مێگەل چاوەڕێی کەڵو بەرانە
ڕانو گاگەلو گەلەی بێشوان
بۆ گورگی ڕۆژە یا دزی شەوان

## سألني سائل

سألني سائل من ذوي المشارب
عن العمر المفدى للمآرب
وعما نلته في دور كسبي
وعن جهدي الى نيل الرغائب
فقلت بلهفة مني وغم
وآساف على فوت المطالب
نعم انا فتحنا عين جهـــد
الى نيل العلا فوق المراتب
وقد نلنا كثيرا من حظوظ
وآمـــال وخيرات المكاسب
وسرنا في بساط الارض شوطا
طويناها بـكد في المتاعب

وعارضنا المخالف حيث كانا
وعادينا الاقارب والاجانب
ولم يك حاصل المحصول الا
قليلا لا يعد مـــن الرغائب
ولو كنت عليما بالعواقب
صرفت العمر في خير المكاسب
فياأسفا على عمر نفيس
صرفناه كمصروف الملاعب
وكان الواجب المشروع جدا
سلوكا في المحاسن والرغائب
وتركا للهوى في كل حال
وبعدا عن خسيس في المطالب
فان الخير في اعلاء شأن
بكسب الخير من اهل المواهب
ولم يبق المجال سوى جمال
لمولاى الشفيع لدى المصائب
ورحمته التي وسعت وعمت
جميع المؤمنين أولي الرغائب

## ئادەمی پێویستی بە یاسا هەیە

ئادەمی ناژین بێ یاساو نیزام
نیزامی دنیا پێویستە بۆ عام

بێجگە لەو یاسا یاسایێ بۆ دین
پێویستە ببێ بە (علم الیقین)
یاسای دنیایی دنیا ڕائەگرێ
هەتا بێدادو ستەم داینەگرێ
نیزامی دینیش بۆ ئەمانەتە
لەبۆ چاودێریی حەیاو عیففەتە
ئەگەر ئیمانت نەبێ بە حیساب
هەزار کاری بەد ئەکەی لە غیاب
جا هەرکەس بۆ خۆی تێکۆشێ بەحەق
ئەگا بە سوودی دوو دنیا موتڵەق
کەس زامن نیىیە بۆ نەتەوەی خۆی
هەر چینێ بەشێ دانراوە بۆی

★ ★ ★

پێغەمبەرەکان هاتن بۆ بەشەر
لەبۆ تەربیىیەو تەمێی هەردوو سەر
لەگەڵ ئینسانا بە ئیحسان بژین
لەگەڵ خودایشا بە حەیاو تەمکین
بوون بە پیرۆزی بۆ بەنی ئادەم
بە وێنەی هەتاو بۆ هەموو عالەم
بوون بە مەرهەمی دڵی بریندار
بوون بە هۆی شیفا بۆ دڵی بێزار
کەچی پاش ئەوان خەڵقێ دەرکەوتن
لەسەر گەردنەی هەوا سەرکەوتن

نه دین نه تەمکین نه تەمێی ڕەهبەر
نه ئامۆژگاریی مەردی باخەبەر
(الا من تاب) وا له قورئانا
ئەمه سەرمەشقه له ڕووی جیهانا
پیرەکانی دین به حەق‌پەرستی
بەشەریان لادا له ڕێـگەی پەستی
بۆ بەرزیی ڕەوشت بوون به مامۆستا
بەشەر له خەوی غەفڵەتی هەستا
لەسەر ئەم یاسا بوون به گەورەماڵ
بوون به دارای عام بۆ ماڵو بۆ حاڵ
کەچی پاش ئەوان نەتەوەی ئەمان
بوون به دوژمنی سیرەتی باوان
دەرچوون له یاسای خوداپەرستی
ڕوویان‌کرده ڕێی پەستی‌و سەرمەستی
بابا ئەوەنده سوودی بوو بۆ دین
ئەمان بوون به دژ بۆ یاسای تەمکین
جا ئێمه نابێ چاو بـکەین لەوان
نه بۆ کاری ڕۆژ نه کاری شەوان
هەرکەسێ بۆ خۆی ئەسووڕێتەوە
ئارەزووی نەفسی ئەدۆزێتەوە

★ ★ ★

میره گەورەکان خان‌و خەوانین
هەموو خاوەن بوون بۆ دنیاو بۆ دین

ئەگەر ستەمیان ببوایە جارێ
ئەیگرتە بەر خۆی کەرەمیان شارێ
عەلاوەی ئەوە خاوەن نیزام بوون
تەبەقەی عاممە بەوان ئارام بوون
کەچی پاش ئەوان وردە میرەکان
بوون بە شمری شەڕ بۆ فەقیرەکان
بوون بە جەردەی ڕێ ، بوون بە دزی ماڵ
بوون بە دوژمنی شوعوورو کەماڵ
ئەگەر تۆ باسی باپیری بکەی
خۆت بە نیشانە بۆ تیری ئەکەی
هەرکەسێ بۆ خۆی ئەسووڕێتەوە
بەش‌و بەهرەی خۆی ئەبینێتەوە

## ئیمان چەند جۆرە

پێی مەڵێ ئیمان ئیمان بۆ یاسا
یانێ تەقلیدی ڕەساو ناڕەسا
تەقلیدی باوکو باپیرەو ئوستاد
تەقلیدی عاممە بێ شێوەی ڕەشاد
پێی مەڵێ ئیمان بۆ پایەو مایە
لەلای خاوەنی سوودو سەرمایە
پێی مەڵێ ئیمان لەبۆ ئارەزوو
ئارەزووی نەفسی بۆ ڕێکەوێ زوو
بەکورتی ئیمان ئەبێ زاتی بێ
هەموو حاڵی بێ‌و هەموو کاتی بێ

ئیمان ئەوەیە نووری نەفسی بێ
پێوەندی ڕاستی زاتی قودسی بێ
ئیمان لە دڵدا ڕووناکیی دڵە
چرای دائیمی ماڵو مەنزڵە
ئەمەیش دوو ڕێــــگەی هەیە بە میزان
یەکێ دیاریو دووەمی پەنهان
یەکەمین تەمێو دەرزی مناڵی
جێ بگرێ وەکوو شیری یەك ساڵی
دووەم سوحبەتی دڵپاکانی پاك
خاوەن لەتیفەی دەروونی ڕووناك
ئەمانەن شاباز لە بورجی دنیا
ئەمانەن دڵیان پانە وەك دەریا
دڵیان تەنوورە نەك تەنووری نان
نەفس ئەبرژێنێ بە تینی ئیمان
دەخیلە ئەگەر لەمانەت دەس کەوت
بزانە ڕۆحت بۆ ئاسمان سەرکەوت
دڵیان عەماری نووری ڕەحمەتە
دەمیان پلووسکی عیلمو حیکمەتە
مایەی پیرۆزیی ژیانی دنیان
مایەی نەورۆزیی ئینسانی وریان
بە بێسوحبەتو هاوکاریی مەردان
کەس نابێ بە مەرد مەردی ناو فەردان
سوحبەت بەڕاستی تەمێی ئەرواحە
بۆ ڕووناکیی دڵ شەوقی میسباحە

(صدیق) بە سوحبەت بوو بە یاری غار
بوو بە یەکەمی کۆمەڵی چوار یار
دەخیل گوێ مەگرن قەت لە هەرزەگۆ
مەکەن هاوڕێیی پیاوی فیتنەجۆ
سیرڕی ئەولیا گەلێ لەتیفە
تیشکی هەتاویان بۆ دڵ شەریفە
دڵو ڕۆحو سیرڕ ، خەفی‌یو ئەخفا
بەوان ئەکەونە ذیـکری پڕسەفا
لەپاش ئەم پێنجە جا نەفس دێتە کار
ئەویش پڕ ئەبێ لە فەیزی ئەنوار
بە نەفی‌و ئیسبات مونەووەر ئەبێ
ئەمجار (سلطان الاذکار) دێتەجێ
نووری دڵ ئەڕژێ بەسەر وجوودا
وجوودت ئەبا بەلای شوهوودا
زەرڕاتی وجوود بە وێنەی زوبان
دێنە تەسبیحو تەحمیدی سوبحان
لەپاش ئەمانە بە یارمەتیی زات
ئەبێ بە کانی نوورو بەرەکات
چـــەند موراقەبە هـــەیە لە ناوا
نووریان لـــە دڵدا بەرقـــە لە ئاوا
بە فەیزی مورشید ئەگـــەی بە تەمکین
لەبۆ ئیتاعەی ( رب العالمین )
(نامی) شاگردی حەڵقەی سەماعە
بیستنی خێریش بۆ دڵ مەتاعە

# خير أمة أخرجت للناس

(خير أمة أخرجت للناس)
ئەبێ قەومێ بن ڕاستو خوداناس
لەڕێی خوادا بەڕاست تێکۆشین
لەگەڵ دڵسۆزی بۆ دنیاو بۆ دین
ئامیر بن هەموو بە کاری مەعرووف
ناهی لە مونــکەر ئاشکراو مەکشووف
قورئان بخوێنن بە زمـــانو دڵ
لانەدەن لە ڕێی تا ئەچنە ژێر گڵ
بەو شێوەی ڕەهبەر بەیانی فەرموو
بڕۆن بە ڕێدا لانەدەن بە موو
بپاڕێنەوە لە بارەگای خوا
لە نیوەشەواو وەختی سەحەرگا
خۆ بپارێزن لـــە کــاری تاوان
بە پاکی بچنە بارەگای یەزدان
کەسانێ وا بن چاترین گەلن
لە ڕووناکیدا ئاگری سەرکەلن
هەرکەس ئەوانەی خۆشنەوێ بە دڵ
گومڕایەو کوێرەو ناگـــاتە مەنزڵ

★ ★ ★

وەچەی یەکەمیان هاوڕێی حەزرەت بوون
لای خودای گەورە خاوەن حورمەت بوون
گیانیان فیدا کرد لە ڕێی خودادا
دینیان دامەزراند لە ڕووی دنیادا

بوون بە گوڵۆپی سەد نمرەی ڕووناك
لایان‌دا لە دڵ غوباری ناپاك
عادڵو عاقڵ عالم بە مەفهووم
( لـكل منهم مقــام معلوم )
عیسمەت لە خاسسەی پێغەممەرانە
هەموو مەحفووز بوون باشی بزانە
هەرکەس ئەوانەی خۆش‌نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگـــاتە مەنزڵ

★ ★ ★

هەتا حەزرەتی ڕەسوول مەوجوود بوو
هەر فەرمانی ئەو بە حەق مەقسوود بوو
پێویستیان نەبوو باسی عامو خاس
موتڵەق ، موقەیەد ، یا باقیی ئەبحاس
یەکەم چون ئەوان بە یاسای ئیسلاح
دوور بوون لە بابی لوغەو ئیستیلاح
جەماعەتێ بوون وێنەی شیری خاو
دوور لەو باسانەی پاشان هاتنە ناو
ئەوەیش پێویست بوو ڕەهبەر ئەیفەرموو
چیی پێ ئەفەرموون حەق هەر ئەوە بوو
تا ئەو زەمانە کە تەیری شەخسی
فڕی بۆ ماوای عالەمی قودسی
پاش دەفنی زاتی پیرۆزی ڕەهبەر
دامەزرا حوکمی سیددیقی ئەکبەر
لەبۆ هەر کارێ ئەهات بەسەرا
ئاسان بوایە جێ‌بەجێ ئەکرا

گران بوایە بە شێوەی شوورا
بڕیاری حوکمی شەرعی تیا ئەدرا
بەم جۆرە ئەحکام جێبەجێ ئەکران
هەتاکو چینی یاران ڕابووران
دەوری تابیعین کە هاتە ناوان
دەرکەوتن گەلێ زانا لە مەیدان
چاویان کردەوە بۆ عام و بۆ خاس
کەوتنە چارەی دەردی ئیلتیباس
عالمی زانا گەلێ دەرکەوتن
بە لووتکەی عیلما بە حەق سەرکەوتن
ئەبواب و فوسووڵ باش تەرتیب دران
هەتا حاڵی بن گشت برادەران
ڕووناکەوە بوو ڕێگای مەعریفەت
لەبۆ تالیبی فەهمی شەریعەت
ئیتر کەس نەڵێ چۆن دەوری ئەسحاب
تەواو بوو لەسەر سوننەت و کیتاب
ئێمەیش بەوجۆرە ئەڕۆین لەسەر دین
پێویستمان نی‌یە بە موجتەهیدین
هەتا تێبگەن ئەسحابی کیرام
لە نەفسی ڕەهبەر وەریان گرت ئەحکام
حەزرەت بەیانی نەسسی دین بکا
کێیە بمێنێ لە شینی شکا
کاتێ زاتی ئەو چوو لەئارادا
پێویستە بمرین لەبەر ئارادا

ئیتر مەخڵەتێن بە واتەی نەفام
لامەدەن لــە ڕێی سەلەفی کیرام
سەلەف کۆمەڵی موجتەهیدانن
خاوەنی عیلمو عەقڵو ئیمانن
لەسـەر یاسای حەق فەرمانیان ئەدا
لەبۆ دەرکی حــەق تەقەلایان دا
بە ئیجتیهادو ســەعیو ئیهتیمام
ڕوونیان کردەوە ئەحکامی ئیسلام
سەلەف بەوجۆرە ئایینیان هێنا
بە یاساو ئوسووڵ ئەحکامیان دانا
هـەندێ لەوانە بە یاریی خــودا
بۆ تەدوینی دین تەوفیقیان درا
ئارایان گەیشت بـە هــەموو عالەم
بوون بــە چرای نوور بۆ بەنیئادەم
هەندێ مانەوە بێ جەمعو تەدوین
بە فـکری خۆیان ئەچوون لەبۆ دین
ئیتر گوێ مەدەن بە فیتنەی نەزان
ئاخرزەمانە ئامان سـەد ئامان
هەرکەس ئەئیممەی خۆشنەوێ بە دڵ
کوێرەو داماوەو ناگاتە مــەنزڵ
★ ★ ★
ئەو ئیمامانە لــە تابیعین بوون
زاناو ئەمینو موخلیسی دین بوون
بە یارمەتیی حەق ڕوویان کردە دین
کیتابو سوننەی (خیر المرسلین)

لەسەر چاودێریی کردەوەی حەزرەت
ڕوونیان کردەوە مەعنای عیبارەت
باب‌و فوسووڵ‌و فورووعیان دانا
لەســەر عورفی شەرع عورفیان داهێنا
دینیان هۆنیوە هەروەك مرواری
زۆر بە دڵسۆزی‌و بە فیداکاری
ناسیخ‌و مەنسووخ لەفزی عام‌و خاس
قانوونیان دانا بە بێ ئیلتیباس
لە موتەشابیە یا ئایەی موحکەم
باسیان کرا باز (بالوجه الأتم)
هۆی دەلالەتی لەفز بۆ مەعنــا
مەنتووق‌و مەفهووم بەگوێرەی توانا
لەســەر ئازادیی عوقوول‌و ئەفـکار
ڕوون‌کرایەوە بە عەقڵی هوشیار
ئەمجـــار تەدوینی ئەحادیس کرا
بەپێی ئیحتیاج بابیـــان دانرا
ڕاوی یەکێ بێ یا دوو یا زیاتر
نەخوێندەوار بێ یا زانای زاهیر
مەشهوور بێ وەیا موتەواتیر بێ
عەزیز یا غەریب ، فەردی نادر بێ
دایانە دەسمان بۆ فەهمی ئەحکام
( جزاهم الله المولى العلام )
هەرکەس ئەمانەی خۆش‌نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگـــاتە مەنزڵ

# نەحوو سەرفو عولوومی تری ئیسلامی

بۆ فەهمی لەفزو مەعنـــای کەلیمات
بۆ فەرقی جامید لەگەڵ موشتەققات
بۆ فەهمی مەعنا بە وەجهی سەواب
کە زۆر پێویستە بە فەهمی ئیعراب
لەبۆ مەسادیر بۆ نەقڵی ئەفعال
تا فەهمی ئەحکام بـکرێ بە کەمال
عیلمی نەحوی ساغ ، سەرفی پڕمەعنا
لەلای ئەعلامی کیرامی زانا
دانران بە حەق بۆ ئیستیفادە
چونـکە پێویستی فەقێو ئوستادە
جا بۆ بەیانی بەلاغەی قورئان
یاخود حەدیسی ڕەسوولی عەدنان
(عبدالقاهر)و **ئەعلامی زانا**
عیلمی بەلاغە هاتە ڕووی دنیا
عیلمی مەنتیقیش لەبەر ئیستیدلال
بۆ ناسینی ذات بە شێوەی کەمال
تەرجەمە کران بۆ ئەهلی ئیسلام
تا بە ئیستیدلال بـگەن بە مەرام
جا لەبەر کەشفو ئیزهاری سەواب
دانرا عیلمی ئەبحاسو ئاداب
ئەمـــانە هــــەموو پێویستی دینن
هەموو وەسیلەی ڕێـگەی یەقینن

ئەوکەسەی دژە بە فـــەهمی عولووم
ئەیەوێ بژی بە جەهلی مەحتووم
ئەگینا عیلمی ئیسلامی گشتی
مایەی ڕەشـــادە بۆ وردو دشتی
هەرکەس عولەمای خۆش نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگـــاتە مەنزڵ

## عیلمی ئوسووڵی فیقه

زانا بەرزەکان خـــاوەن ئیهتیمام
بۆ زەبتی یاسای دەلیلی ئەحکام
بۆ وێنەکە ئەمر لەبۆ ئیجابە
نەهی بۆ تەحریم ڕاستەو سەوابە
دەلالەتی عـــام قـەتعی یا زەننی
خاس لە جێـگای عام بە شێوەی فەننی
سوننەت قەول‌و فیعل کاتی ئیستیدلال
کامیان ڕاجیحە لای ئەهلی کەمال
ئیجماع حوججەتە یا حوججەت نی‌یە
ئەنجامی قیاس لە دینا چی‌یە
عیلمی ئوسووڵی فیقهی موبارەك
دانرا لەســەر یاســاو تەدارەك
ئیمامی بەرزی شافیعیی زانا
لە ئوسووڵەدا (رسالە)ی دانا
تەرجەمە کرا بە گــەلێ زمـــان
خوێندرایەوە لـــە زۆر وڵاتان

ئەم عیلمە گەلێ بەرزو شەریفە
هۆی شارەزاییی ئەهلی تەکلیفە
یەکێ بیزانێو بڕوانێ لەبۆی
ئەیکا بە جوزئی ئیمان لەبۆ خۆی
جا لەم فەننەدا فوقەهای دنیا
کتێبی زۆری بەکەڵکیان دانا
خودا جەزایان پێ بدا زیاتر
بە ڕەحمەتی خۆی باتینو زاهیر
زەخیرەیێ بوو ئەم عیلمە بە حەق
ڕووناکیی دڵە بە وێنەی شەفەق
خودا ڕازی بێ لە ئەسڵی ئوسووڵ
عیلمی ئەوانە وەسیلەی وسووڵ
هەرکەس ئەمانەی خۆش نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگاتە مەنزڵ

## عیلمی ئوسووڵی دین

پاش عەهدی ئەسحاب ، عەهدی تابیعین
(رضي الله عنهم اجمعين)
هەندێ پەیدا بوون بە هەواو هەوەس
دەمیان درێژ کرد بۆ تەئویلی نەس
زیانی زۆریان گەیاند بە ئیسلام
عالەمیان پڕ کرد لە هەوای ئەوهام
واسیلی کوڕی عەتا دەرپەڕی
لە ئەڵقەی دەرزی حەسەنی بەسری

خۆی‌و ئەوانەی کـــەوا بەپەلە
دوای کەوتن ، ناویان نان (موعتەزیلە)
چەند فـکری ناجۆر ، چــەند عەقیدەی لار
کەوتە ناو خەڵـــکی مزگەوت‌و بازاڕ
سەرەتای قــەرنی چوارەمی هیجری
ئەبولحەسەنی لەقەب ئەشعەری
لــە شاری بەسرە ناوبانــگی دەرکرد
هێرشی بۆ ســەر ئەهلی بیدعەت برد
بە عیلم‌و دین‌و فەلسەفەی ئیسلام
مەهتووکی کردن لەناو خاس‌و عام
عەقیدەی بە حەق تازە کردەوە
گرەوی لەوان هەموو بردەوە
جا هات بۆ بەغدا پێتەختی ئیسلام
بۆ دەرخستنی عەقیدەو ئەحکام
هەم ئەبومەنسوور ماتوریدی خاك
خاوەن دەروونی خاوێن‌و ڕووناك
ئەمیش وەکوو ئەو لە سەمەرقەندا
پیشانی خەڵـکی ئەدا ڕێی هودا
ئەم دوو ئیمامە بوون بە پێشەوا
لە خۆرهەڵاتۆ هــەتا خۆرئاوا
عیلمی کــەلامیان گەیاند بە عالەم
بوون بە مایەی خێر بۆ بەنی‌ئادەم
هەرکەس ئەوانەی خۆش‌نەوێ بە دڵ
کوێرو گومڕایە ، ناگاتە مــەنزڵ

# زانایانی دین

لەو ڕۆژانەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ
زانا ڕەهبەر بوون بۆ منو بۆ تۆ
ئەوان چرا بوون بۆ موسوڵمانان
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەحکامی ئیمان
گەلێ زانای بەرز بەگوێرەی توانا
عومری عەزیزی خۆی بۆ دین دانا
وەکوو ئیمامی بەرزی غەزالی
یا فەخری ڕازیی مەرتەبە عالی
وەك سەید شەریف زانای جورجانی
سەعدی مولەققەب بە تەفتازانی
وەکوو ئەسعەدی دەووانی نەسەب
وەکوو جەلالی کوڕی خۆش مەشرەب
وەکوو زەینەددین کوردی بەلاتی
وەك حەیدەری‌یان لە خۆشناوەتی
وەکوو مەولانا خالیدی دڵبەند
یەکە مورشیدی ڕێـگەی نەقشبەند
وەکوو شێخ قەسیم ، وەکو مزووری
وەك بنەماڵەی ناو شارەزووری
وەك ئیبنوڕەسوول ، وەکوو زەهاوی
کە لە عالەما مەشهوورە ناوی
وەك ئیبنوئادەم ئەگـەر بنوێنی
وەکوو نۆدشیو مەلای پێنجوێنی

وەك مامۆستاکەی پایە برنجی
یانێ مـەولانا عـەلی قزڵجی
وەکوو مامۆستای لێوان گوڵباغی
شێخ‌عومەر مەشهوور ئیبنوقەرەداغی
وەکوو نۆدشیی لە ماڵ ئاوارە
یا قوتابی‌یەکەی : مەلای‌بیارە
هەرکەس ئەمانەی خۆش‌نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگاتە مەنزڵ

## ئەولیاو خاوەن تەریقەتەکان

دیارە لای زانا بە شێوەی تەحقیق
چۆن بوو ئەحواڵی بووبەکری سیددیق
چۆن بوون عومەرو عوسمانو عەلی
بۆ زیکری سیرڕی ، بۆ زیکری جەلی
ئەو ئەسحابانەی (أفضل البشر)
بە ئیتتیباعی حەزرەتی ڕەهبەر
نووری دەروونی حەزرەتیان بۆ هات
بوون بە چرای دین بۆ کاتی زوڵمات
جا وا دڵ بەدڵ یاخود دەم بەدەم
هاتە خوارەوە ئەو ذیکرە سەرجەم
سەلمانو قاسم جەعفەری سادق
لە سیددیقەوە بە شێوەی لایق
حەسەنی بەسری لای ئیمام عەلی
بوو بە خاوەنی نووری تەجەللی

ئەو نوورە کەوا لەلای ئەوان بوو
باعیسی نووری ڕۆژو شـەوان بوو
گەیشت بەمانەیش بە فەزڵی خودا
جا لەبۆ عالەم بوون بە موقتەدا
هەمووی خولاسەی ئیتتیباعی دین
لەسەر سوننەتی (خیر المرسلین)
شەوقی دایەوە بە ڕووی دنیادا
خەڵـکی ڕاکێشا بەلای خودادا
بە ئیخلاسی دڵ کەوتنە کردەوە
بۆیە گرەویان لە عام بردەوە
ڕەفتاریان هەموو بە وێنەی ڕەهبەر
دایم ملکەچ بوون بۆ قەزاو قەدەر
دوور بوون لە دنیای بێبەهای فانی
مەگەر پێویستی ژینی ئینسانی
دەم بە زیکری حەق ، دڵ لای خوداوە
سەریان نایەوە بە تەجەللاوە
ئیرشادیان ئەکرد بە دەم بە قەڵەم
خزمەتیان ئەکرد بە عـەتاو کەرەم
دڵی عالەمیان پڕ کرد لە پڕتەو
بوو بە ڕۆژ بۆیان کاتی نیوە شەو
بەهرەیان بۆ هات بە کەشفی ئەستار
شەوی تاریکیان لێ بوو بە نەهار
دڵیان ئەبرژا بە ناری ئەنوار
نەقشیان ئەکرد بە نەقشی ئەسرار

بۆیه (محمد) پیری ئەرجومەند
مەشهوور بوو بە ناو (شاهی نەقشبەند)
ڕۆحیان پەروازی ئەکرد وەکوو باز
بە بێ‌تەفاوت بۆ شامو شیراز
لەبەرئەمەیە کـــە بازی ئەشهەب
بۆ عەبدولقادر بووە بە لەقەب
زۆر زۆر توانا بوون لەسەر تێکۆشین
بۆ تەسفی‌یەی دڵ بە جەفا نۆشین
یەکێ بە خەڵوەت ، یەکێ بە ئەزکار
یەکێ بە ڕۆژوو بۆ ڕەزای جەببار
یەکێ بە عەتا ، یەکێ بە خزمەت
یەکێ بە پەندو وەعزو نەسیحەت
خزمەتیان فەرموو بە دینی ئیسلام
بە بێ‌جیاوازی بۆ خاسو بۆ عام
بەم بەهرە بەرزە بوون بە خاوەن جاه
بۆ داماوان بوون بە پشتو پەناه
ئەمـانە هـەموو خاسسەی ئوممەتن
مەوریدی نوورو فەیزو ڕەحمەتن
هەرکەس ئەمانەی خۆش نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگاتە مەنزڵ

★ ★ ★

زیارەتی پیاوچاك بەهرەیە بۆمان
بۆ هێزی دڵو بۆ نووری ئیمان

حوببی یەکتری ناو موسوڵمانان
سوننەتی دینـــەو نەریتی ژیان
( المتحابان في ظل العرشِ )
بخوێنەرەوە لەبۆ دڵخۆشی
دەرزی ئادابی زیکری خوداوەند
وەربگرە لێیان ئەبی بەهرەمەند
دەرزێ بەسوود بێ بۆ دینی ئینسان
فەرزەو مایەیە بۆ خێرو ئیحسان
واجبە لەسەر ئینسانی عاقڵ
موبالات نەکا بە قسەی غافڵ
دوعای خێریشیان لە حاڵی حەیات
دیارە لە دینا ، پێی ناوێ ئیسپات
پاش وەفاتیشیان غەیرە مەمنووعە
ئەسڵی ئیباحە بە حەق مەسمووعە
(ولا تشد الرحالُ) لەبۆ
نوێژی مزگەوتە حاڵی ببە زوو
بە نەسسی ئایەت نەبی ڕووداره
تـکا پەسەندی لای کردگارە
خاوەنی جاهـە لە بارەگادا
دوعای قوبووڵە لە حوزوور خوادا
(ئیستیمداد) مەعنای داوای مەدەدە
مەدەد یارمەتیی ئەرواحی عەبدە
هیممەت بۆ ڕۆحە ، ڕۆح پایەدارە
قەدری هەمیشەو بە ئیعتیبارە

بەراورد کرا نەك جارێ چەند جار
بۆ چاری موشکوڵ بۆ شیفای ئازار
ئیستیغاسە هەم داوای نەجدەیە
نەجدەی ڕۆحی پاك لەبۆ بەندەیە
تەوەسسول بە ڕووی کردەوەکەی خۆی
حەدیس ئەفەرمێ سوودی هەیە بۆی
هەروا بە حەققی گشت پێغەمبەران
قسەی حەزرەتە سوود بەخشە بۆمان
لە کاتی دەفنی والیدەی عەلی
شوبهەی تیا نییەو ڕووناکەو جەلی
بە حەق ئەوانەی ئەڕۆن بۆ مزگەوت
ویردی گشتی‌یە نەك لەسەر هەڵکەوت
تەوەسسولەکەی عومەر بە عەبباس
بۆ دڵی عاقڵ ناهێڵێ وەسواس
داوای صەحابە بۆ دوعای حەزرەت
باران بباری ، ئەشێ بۆ عیبرەت
ئەم دوعا لەپاش وەفاتی ئەو بوو
ڕۆژی ڕۆشن بوو ، نەوەك بە شەو بوو
خۆلاسە دوعاو هیممەت بۆ ڕۆحە
ڕۆحیش خالیدەو خاوەن فوتووحە
ئینسان بفامێ‌و نەمرێ بە خامی
بە حەق وەرئەگرێ پایەو مەقامی
(وكان أبوهما صالحا)
موژدەیە لەبۆ دەستەی سولەحا

لقێ داری تەڕ ئەگەر بەسوودە
دوعای ڕۆحی پاك بۆ نامەقسوودە
(حجر الاسود) بەردی دیوارە
لەلای حاجییان بە ئیعتیبارە
کە ئیستیلامی سوننەت بێ بۆمان
فەرزە تێبگەین لە کاری خۆمان
ئیجادو تەئسیر هەر بۆ خودایە
ماباقیی ئەسباب وێنەی دوعایە
وەها دامەزرا ئادابی سەلەف
لەسەر سوننەتی ڕەهبەر بۆ خەلەف
عولەما وەها تەمێیان کردین
کاتێ پێکەوە مەشغووڵ بووین بە دین
چوار ئەدەب هەیە بۆ دینی ئیسلام
هەتا هەتایە بە تووڵی ئەییام
یەکەم فەرزی عەین ، دووهەم کیفایە
سێهەم سوننەتی موئەککەد مایە
چوارەم تەتەووع ئەویش سوننەتە
نەك وەکوو ئەوان خاوەن قیمەتە
هەر تەتەووعێ بە تۆ بێتەجێ
بیکە بۆ خوداو گوێت لە کەس نەبێ
بەڵێ ئەگەر نەهی وارید بوو لەوا
مەیکەو دانیشە بۆ خۆت ماڵاوا
دەلیلی دینیش کیتابەو سوننەت
ئیجتیهاد لەگەڵ ئیجماعی ئوممەت

بیدعەت لە عورفی شەرعا بزانە
ئەبێ خاریج بێ لەم چوار بەشانە
نەك بۆ شتێکە ئەوسا نەبووبێ
ئیستە موسوڵمان بیهێنێتەجێ
ئەگینا چایی یا خۆشاوی سێو
ئەبێ حەرام بێ نەینێتە سەر لێو
ئێمە تابیعی عولەمای دینین
یەعنی تابیعی موجتەهیدینین
ئەوان زانا بوون بۆ مەعنای قورئان
ئەوان خادیم بوون نەك خەڵکی نەزان
ئەوان بە تەفسیل هاتن بە دەلیل
ئەوان مانیع بوون لە دەردی تەزلیل
ئەوان لە ئەهلی (خیر القرون)ن
خاوەنی ئەجری غەیرە مەمنوونن
هەرکەس ئەوانەی خۆش نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگاتە مەنزڵ

## ئیمانو ئیحسانو ئیسلامو مەحەببەت

خەسڵەتی ئیسلام دوازدە خەسڵەتن
وەریان بگرە لێم مایەی ڕەحمەتن
ئیمان بە خوداو فریشتەو ڕەهبەر
بەو کتێبانەی وا هاتن لەسەر

بە قەزاو قەدەر لای خودای ئەکبەر
بە ڕۆژی جەزا هەمووی سەرانسەر
ئەمانە هەموو بیرو باوەڕن
وان لەناو دڵدا باعیسی فەڕن
ئیسلامی یەتە بە شەهادەتەین
پێنج فەرزەی نوێژە فەرزن لەسەر عەین
زەکاتەو ڕۆژوو و حەجی بەیتوڵڵا
دوازدەهەم ئیحسان حاڵی (مع الله)
یەعنی عیبادەت بکەی بۆ خودا
(کأنك تری أو هو یری)
ئیتر ماباقی ئیخلاسە بە دڵ
ئەگینا ئیفلاس بۆت ئەبێ بە جل
وەکوو ئەمانە پێویستن بۆ تۆ
پێنج مەحەبەتی دوور لە گفتوگۆ
مەحەببەت لەبۆ خوای پەروەردگار
مەحەببەت لەبۆ ڕەسوولی نازدار
لەبۆ ئەسحابەیش (مع الابتهاج)
شامیلە لەبۆ ئال (مع الازواج)
مەحەببەی ئەعلام لە موجتەهیدین
هەروا سایری عولەمای عامیلین
مەحەببەی هەموو ئەولیای کیرام
سەرۆکی عادیل وەلی یە بۆ عام
بە بێ مەحەببەت سەعی عەبەسە
ئەوکەسەی کەسە حەرفێکی بەسە

ئەمەیە دەرزی بەڕێزی (نامی)
بۆ چینی ڕۆڵەی بەرزی ئیسلامی
قەت بەرناگرێ درەختی ئیمان
هەتا ئاو نەدرێ بە ئاوی ژیان
واتە ئیخلاسی ئینسان بۆ خودا
بۆ ڕەهبەر واتە بۆ (رسول الله)
بۆ کتێبی حەق ، بۆ گەورەی ئیسلام
لەپاش ئەمانە بۆ عامەی ئەنام
ئەبووڕوقی‌یە تەمیمی داری
ڕازی ببێ لەو حەزرەتی باری
ئەڵێ خۆم بیستم لە دەمی حەزرەت
دین نەسیحەتە لەسەر حەقیقەت
نەسیحەت واتە دڵسۆزی‌و ڕاسی
یەکەمجار بە حەق بە خودا ناسی
لەبۆ ڕەهبەرو کتێب‌و ئەمیر
بۆ تێکڕای بەشەر سەغیرو کەبیر
تو خودا دینێ دڵسۆزیی نەبێ
پێم‌بڵێن چلۆن پیرۆزیی ئەبێ
هەرکەس ئەمانەی خۆش‌نەوێ بە دڵ
کوێرەو گومڕایەو ناگـاتە مەنزڵ

★ ★ ★

تەمێ‌و تەربی‌یە بۆ ڕۆڵەی هوشیار
ئەیـکا بە فەردی فەردی ڕۆژگار

به بێ‌تەربی‌یەت کەس نەبوو بە کەس
وەهایە یاسای خودای فریادڕەس
خێرو شەڕ هەمووی لەسەر عادەتە
لەبۆ مەعسی‌یەت یا عیبادەتە
ڕۆڵە منداڵە هەتا حەوت ساڵی
لەم تەئریخەوە هەتا کەماڵی
واتە تا بولووغ ئەوجار دەمارە
هەتا بیستوپێنج وێنەی ڕەشمارە

## خودا خاوەنی هەموو شتێکە

خودا تۆ ذاتی پەروەردگاری
دارای گۆڕینی ڕووی ڕۆژگاری
خاوەن سیفاتی سەلبی‌و ئیجابی
خاوەن ئەحکامی حورمەو ئیجابی
باران ئەڕژێنی بەسەر بساتا
ئەبی بە ڕەحمەت لە کائیناتا
بۆ دار ، بۆ گیا ، لەبۆ کشتوکاڵ
لەبۆ واریدات ببرێتەوە ماڵ
گەلێ شت دەردێ لە قووڵی زەوی
ئەبێ بە ژیوار بۆ بەرزو نەوی
لە هەندێ جێ خار ، لە هەندێ جێ گوڵ
ئەبرێ بۆ جوانی لە ماڵو مەنزڵ
گوڵی خاوەن‌بۆن گوڵی بێ‌بۆیە
گوڵی زینەتی بەرچاوی تۆیە

بۆ جینسی حەیوان ئەنواع و ئەسناف
بۆ هەرکام تەبعی سافە یا ناساف
ئەو غەریزەیە خەڵاتێ وایە
لێی نابێتەوە هــەتا هــەتایە
دیارە هەموویشی لەگەڵ حیکمەتە
نیسبەت بە خالق شیرین سنعەتە
بە ڕەحمەتی خۆت عەقڵت بەخشیوە
بە چاوو بە گوێ شەخست نەخشیوە
ڕەهبەریشت نارد زیاد لەوانە
لەگەڵ ئوسووڵو یاسای زەمانە
عوزر نەماوە بۆ ئینسانی ژیر
بەرابەر بە حەق لای خودای خەبیر
ئەوەندە ئەڵێم بە ڕەحمەتی خۆت
بمانپارێزە لە زەحمەتی خۆت
(نامی) شەوو ڕۆژ ئەپاڕێتەوە
بە تاوانەوە قەت نەتلێتەوە

## هوشیار ئەزانێ

هوشیار ئەزانێ لــەم ڕووی جیهانە
چی‌یە مەبەستی پیسی بێگانە
مەبەستی ڕاوی موسوڵمانانە
تا خۆی ببێتە پاشای زەمــانە

ئینسان پێویسته قەدری خۆی بگرێ
تا له عالەما بژێت و نەمرێ

تێکۆشێ لەبۆ ئیسلاحی دەوری
تا دوژمن نەیێ شوێنی دابگری

بەرباد کردنی ئوممەتی گەوره
ئەسبابی زۆر بوو به یاسای دەوره

یەکەم ئیبادەی یاسای تەعلیمه
تەعلیمی کەلام خودای عەزیمه

ئەوەی پێویسته بۆ فامی قورئان
نەیانهێشتەوه لەسەر ڕووی جیهان

دووەم تەفرەقەی گەلانه هەموو
تا ببنه دوژمن بۆ یەك یەکو دوو

سێهەم گۆڕینی یاسای خانەدان
له دەرو له ماڵ زاهیرو پەنهان

له ناو ماڵانا ئەسبابی عوشرەت
له دەر دوورکەوتن له یاسای حورمەت

ڕێویی ئورووپا شێری مەیدانه
شێری نیشتمان ڕێویی کێوانه

نەزانی ئەوان پرۆفیسۆره
زانای نیشتمان له شوعوور دووره

هەتا نەزانین مەعنای فام چییه
نازانین ئەوان شوعووریان نییه

هەتا یەکنەگرین بە دڵو بە گیان
ناکەوینە سەر شەقامی ژیان
(نامی) مەبەستی خاوێنیی دڵە
دڵ خاوێن دارای ماڵو مەنزڵە

## بەختیار کێیە

سەعید لە ژینا واتە بەختیار
ئەوەی لــە ژینا وریا بێو هوشیار
ئامۆژگاریو پەند وەربگرێ بە دڵ
لە ڕووداوەکان تەواوو کامڵ
لە بەندی خەڵــکی پەندێ وەربگرێ
چجای بەندی خۆی هەتاکو ئەمرێ
هەرکەس لە ڕووداو عیبرەت وەرنەگرێ
بە حەسرەتەوە ئەژی تا ئەمرێ
فەرزە بزانن ئەوەی قـــەزایە
ئەبێ بێتەجێ حوکمی خودایە
(یمحو الله ما یشا ، ویثبت )
لەسەر موعەللەق واریدەو سابیت
بێفەرقە لـــەوا گــەداو پادشـــا
(یجري بحکمە کل مـــا یشا)
کـــەواتە پارێز قـــەزا لانادا
هوشیار لـــەم قسە ملی بانادا

ئێمــــه کــه پارێز ئەکەین لـــه کاران
دوور ئەبینـــەوە لـــه شاری مـاران
لەبەرئەوەیە نازانین کـــه کـام
بەڵامان تووش‌دێ تا ڕۆژی ئاکـــام
گلەیی مەکـه لـه ڕووی ڕۆزگـار
لەگــەڵ قــەزادا مەڕۆرە پەیــکار
ئەوەندە هـــەیە بەقـــەد عەقڵی خۆ
بە ڕێـگای تەختو بێ‌دڕکـــا بڕۆ
ئیتر نازانم مـــارێ دەرئەچێ
پێمـــەوە ئەداو گیـــانم دەرئەچێ
(الحاصل) ئینسان تا لەســەر ئەرزە
دەفعو جەزبەکەی لـــه ژینـــا فـەرزە
ئەوەند ئەزانێ (نامی) لـــه دنیـــا
هوشیاری فـەرزە بۆ شەخسی وریا
(نابێو ناکرێ) نی‌یە لـــه دنیـــا
لە مێژووی دنیا لـه بەری تا دوا
چـــەند دەریا وشکیی هـاتووە بەسـەریا
چەند ئەرزی وشـکان بووە بـە دەریا
چەند کێو بوون بە دەشت بە مەکینەی کار
بوون بە مەزرەعەی ئینسانی سەردار
جـــا نەخوازەڵڵا زەلزەلەو بورکـــان
کێو بڕووخێنێ بە هێزی تەکان
چـەند لاتو لەوار بوون بە بازرگان
چـەند بازرگان بوون بە گەدای شـاران

چەند سیاچارە قەزا وەرگەڕا
بوون بە پادشای ناو کۆشكو سەرا
بڕوانە (ئەیاز) داماوو نابوود
گەڕا بە وەزیر لای سوڵتان مەحموود
چەندیش وەزیران کەوتنە ناو زنجیر
بە حەسرەت مردن بێچارەو تەدبیر
قەت غافڵ نابێ ئینسانی هوشیار
لە قەزای خودای بەدەستو قەهار
ئەغڵەب ئەسبابی هێرشی نەگبەت
دێتە سەر هەواو کوفرانی نیعمەت
ئەزانی ئەگەر حەقیقەت ناسی
شەڕ نییە بگا بە ناسوپاسی
پاش ناسوپاسی هەر ستەمکاری
ئەبێ بە مایە بۆ گرفتاری
خودا بە کەرەم لابدا (نامی)
لە هەرچی هۆیە لەبۆ ناکامی

## دنیا بۆ تۆیە

هەتاوی بەرزی چەرخی ئاسمان
بووە بە مایەی جوانی بۆ جیهان
مانگ یاوەریەتی بۆ کاتی شەوان
بەم دوو پڕتەوە خۆش ئەبێ ژیان
ئەستێرەکانی ئاسمان هەموو
مایەی ڕزگارین لانادەن بە موو

شەمسەی قـەلادەی ڕشتەی ئەصفیا
یەعنی (محمـد) خـەتمی ئەنبیا
ئەو زاتە کـــەوا سەرکەوت بە میعراج
لەلای خـــوداوە بوو بە خـــاوەن تاج
لەگـــەڵ خولەفاو یارانی بەرزی
خـــاوەن مەقامی هـــەموو سـەر ئەرزی
هـــەموو بۆ سوودی ئادەمی هـــاتن
هـــەموو بۆ ئێمـــە مـایەی نەجاتن
مـــایەی ڕزگارین لـە تاریـکیی دڵ
مایەی ڕووناکین بۆ ڕێـگەو مـەنزڵ
بێجـگە لـــە بەهرەی ڕێنوماکانت
ئەهلی تەعلیمی دینو ئیمانت
بێجگە لـە مـەردی فـەردی خانەدان
خانەدانی دین خـاوەن تەقواکان
بێجـگە لـە دەشتو ڕووباری سـارا
کـە گـەدا ئەکـــەن بە شەخسی دارا
بێجگە لـە بەفرو بارانی قـــەوی
دێتـە خوارەوە بۆ تەختی زەوی
هـــەموو خزمـــەتی تۆ ئەکەن بە دڵ
هـــەتا لـە گۆڕا دائەگری مـــەنزڵ
بۆ ئینساف نادەی لابـکەیتەوە
جـــەزای نیعمەتی حـــەق بدەیتەوە
لـە شـەوو ڕۆژا ماوەی‌یەك سـەعات
خۆت مەشغووڵ بـکەی بە مـایەی تاعات

# دامەزراوی مەرجی پیرۆزی‌یە

ڕەنگێکم ئەوێ بۆیەکار نەبێ
دەنگێکم ئەوێ بەدوتار نەبێ
عەقڵێکم ئەوێ هەرزەکار نەبێ
نەقڵێکم ئەوێ بێمەدار نەبێ
خاوەن دەنگەکەم خاتری جەم بێ
دڵی مەربووتی میری ئەکرەم بێ
بە دڵ بانگ بکا لە دڵ نەك بە دەم
دڵ بەو ئاوازە خاڵی بێ لە غەم
یانێ ئەو دەنگە قوولەی کۆ نەبێ
بە وێنەی دەنگی منو تۆ نەبێ
ئەم هەموە هەرا ئەکرێ لەم سەرا
بۆ سوودێ نادا بە خزمو برا
دەنگۆدەرەکان بێئاگان لە خۆ
چۆن سوودیان ئەبێ لەبۆ منو تۆ
نازانی خەوێ ئەبینی بە شەو
دڵت پڕ ئەبێ لە نوورو پڕتەو
چونکە ئەو لیقا لیقای ئەرواحە
ئەرواح بە ئەرواح ئەگا بە ڕاحە
ئەگینا سڕنا گوێچکە کاس ئەکا
لە خەوی شەوان تۆ هەراس ئەکا
گەلێ حەیرانم لەم دەنگە ـ دەنگە
لەم کاروانەی مل پڕ لە زەنگە

بەتایبەت ئەگـەر سەرقەتار کوێر بێ
نابەڵەد لـە ڕێو دەروازەی دێر بێ
برا بۆ ڕەزای خـودای عالەمین
لـەبۆ ئیتاعەی مـەولای مورسەلین
بـگەڕێنەوە لـە هـەوای غەفڵەت
بەرەو ڕووی صەفاو دەروازەی ڕەحمەت

## یەکێتیو تێکۆشین

سەرۆکی تاجی سـەری تێکۆشە
دامـاوی باجی لەشی نەخۆشـە
دوو برا یەك دڵ ئەبنـە دوو چرا
ڕووناکی ئەدەن بە دەورو بەرا
یەکێتی تاجـە ، یەکێتی تەختـە
یەکێتی نەجمـەی شـانی خۆش بەختـە
زانستو پیشەو تێکۆشین بۆ کار
کۆمەڵی بێسـەر ئەکەن بە سەردار
گەلی بێسامان دائیم مل کزە
گەلەی بێشوان بۆ گورگو دزە
گـەلی بەختیار بە هۆشو گۆشن
بە یاسـای ڕەسا دائیم دڵخۆشن
بە تەوازوعو بە شـەرمو حـەیا
بە سـەبرو نەرمی ئەبن بە دەریا
بە ڕاوێژ ئەڕۆن بۆ کـاری موشکوڵ
یەکیان لەبۆ حـەل دێتـە جێگەی کول

ئەمانەن ئەبن بە بەندەی خـــودا
چرایان ئەگرێ لـــە نیوەشەودا

★ ★ ★

گـەلی بەدبەختیش هـەوا پەرستن
بە شـەوو بە ڕۆژ سەرخۆش و مەستن
هـــەوا بە نەوعێ کەللەیان ئەگرێ
ڕێـگەی هەناسەی دەماخیان نەدرێ
بەرگیـــان ئەبێ هـەموو سوندوس بێ
گۆزەڵەی دەمیـــان ئەبێ لـە مس بێ
پشیلەی ماڵیان ئەبێ پڵنگ بێ
لەگـەڵ گەمـاڵا مەیلی لـە جەنگ بێ
هێلکەی مریشکیان دوو زەردێنەیە
بزنیـــان مانـــگای گوان پنـەیە
کـــاتی هەیهاتیش بزنێ گەڕۆڵە
تەقەیێکی بیست داماوی دۆڵە

## حەق و ناحەق

لەوکاتەوە ئەرز ئاوەدان بووە
ئادەمیزادی تیـــا دروست بووە
هەمیشە جەنـــگە لـــەناو دنیـــادا
بە وێنەی شەپۆل لـە ڕووی دەریادا
بەشێ لەسـەر حـەق بەشێ بە ناحــەق
بەشێکی ژێرەو بەشێکی ئەحمـــەق

بەشێکی لەســەر حــەق داوا ئەکا
بەشێ بە ناحــەق هــەر غەوغا ئەکــا
ناحــەق تاریــکە تاریکتر لــە شــەو
حــەق ڕووناکەو جوان کانە بۆ پڕتەو
خودایش هەمیشە بۆ فامی وریا
پۆل پۆل ناردوویە گرۆی ئەنبیا
ڕەهبــەرانی بەرز لـــە پێغەمبەران
مــەردانی ڕەسا لـــە موعتەبەران
یانێ بزانن کـــە بەشــەر ســەیرە
دوو بەشی شــەڕەو بەشێکی خــەیرە
ئایەی ( بعضکم لبعض عدو )
دەلیلە بۆ تۆ بە بێ یەكو دوو
کاتێ کــە ئادەم هـــاتە خوارەوە
بە کەرامــەتو ئیعتیبارەوە
هــەندێ نەتەوە لــەوو لــە حــەووا
پەیدا بوون لەســەر ئەرزی پڕ هـــەوا
هابیلو قابیل کــە دوو برا بوون
بە سافیی ناوچـــاو وێنــەی چرا بوون
یەکــەم ڕووداوی ناباری هـــابیل
قەتڵی ستەم بوو بۆ زاتی قـابیل
جـــا وەرە مــەمرە لــەو ڕەشەبایە
کـــە برا برا بـکوژێ بێمـــایە
ئەڵبەتە ســەبەب هێزی هــەوا بوو
ئەنا بە ناحــەق بۆچی ئا وا بوو

لـەو ڕۆژەوە وا دنیـــایە
ئەمــە ئەزانێ ئەوەی وریایە
هەمیشە جەنــگە لـە ڕووی دنیـــادا
چ لـــە وشکانو چ لـــە دەریادا
حەقــەو بەتاڵی تاریــکەشەوە
ئەو هێرش بۆ ئەم ، ئەم لەبۆ ئەوە
خـــودا هــەمیشە بۆ عـــەونی وریا
پۆل پۆل ناردوویە گرۆی ئەنبیا
لە (وصف الحال)ە بە بێ یەکو دوو
ئایەی ( بعضــکم لبعض عـــدو )
پاش هاتنــە خواری باپیرەی هــــەموان
لەگــەڵ حــەووادا بۆســەر ئەرزی پان
یەکــەم ڕووداوی ناپەسەندو زوشت
ئەوەبوو هابیل چوو قابیلی کوشت
جــا وەرە مەمرە لـە دەست کــاری وا
برا بێ ســەری برای خۆی بخوا
هاتنــە خوارەوە تا نووح پێغەمبەر
بە کارەســاتی بێ ســـەرو بێ بەر
هیچ چــارە نەما مەگــەر بە تۆفان
ئەو گەلە گورگە هەموویان فەوتان
وەرە خوارەوە لـەبۆ قـــەومی (عاد)
ئەهلی ستەمو بێـــدادیی (شەدداد)
بگەڕێرەوە بۆ خێڵی (ئەموود)
بۆ ژێراوژێریی وڵاتی نابوود

ئەمجـــار بێرە سـەیر بۆ سەر ئیبراهیم
نیزاعی لەگـــەڵ نەمروودی لەئیم
بیرە خوارۆتر بۆ فیرعەونەکان
ستەمیان گەییــە گشت کـەونو مەکان
هەرکەسێ عیبرەت بەمـــانە نەگرێ
نەبوونی چاکە ، با بڕوا ، بمرێ

★ ★ ★

یادێ پێویستە بۆ زاتی خـــەلیل
باوکی ئیسحاقو باوکی ئیسماعیل
باوکی ئەنبیای غـــەربی ئاسیا
پڕی کرد لـــە نوور سەرانسەر دنیـــا
هـاتە دنیـــاوە لـە خـاکی عێراق
لە (کووثا)ی بابل ( أحسن الآفاق )
یاخود لە (شەرقات) یا (شووش)ی عەقرە
بۆ هەرکامیان بێ بەهـــانە مەگرە
لـە بنەماڵەی ( بیت الاصنام ) بوو
مەرکەزی عیززو جێی ئیحتیرام بوو
خـــوا تەوفیقی دا ڕووی کردە خـــودا
کـــەوتە کێشەوە لەگـــەڵ نەمروودا
پاش گێرەو کێشەو دەمەقاڵەی زۆر
فەرمـــانی دەرکرد نەمروودی ناجۆر
ئاگرێـــکی زلیان کردەوە بە تاو
بۆ ئیبراهیمی دڵ بۆ حـــەق سووتاو

بەپێی دابی وەخت بەهۆی مەنجەنیق
تووڕیان دایە ناو ئاگری حـــەریق
بەڵام بە لوتفی خـــالقی سەتتار
ئاگری لێ بوو بە باغو گوڵزار
لەپاش چەند ڕۆژێ بێ دەردو مەینەت
هـــاتە دەرەوە ســـاغو سەلامەت
نەمروود لـەم کـارە کـەوتە ناو موشکوڵ
مەسئەلەی خەلیل بوو بە باری دڵ
ئەمری‌دا خۆی‌و تاقمی هـــەموان
دەرچن لـــە عێراق بۆ خاکی کەنعان
ئەم کۆچە بۆی بوو بەخێرو ڕەحمەت
بۆ خۆی‌و نەوەی لەگەڵ گشت ئوممەت
هەرکەس بەمانە باش عیبرەت نەگرێ
هـــەر نەژی باشـــە ، با بڕوا ، بمرێ

★ ★ ★

لەپاش ئیبراهیم دەوری ئیسماعیل
ئیسحاق‌و یەعقووب لەقەب ئیسرائیل
ئیسماعیل لەســەر ڕشتەی عەرەبە
باپیرەی حەزرەت ( فخر النسب )ە
یەعقووب باپیرەی (بەنی‌ئیسرائیل)
مەعلوومە باسی یۆسفی جەلیل
کـە لـە میسرەدا دامەزرا تەواو
باوکو برای خۆی گشت هێنایە ناو

بەم هــەموە گــەلی بەنی ئیسرائیل
مانەوە لـــە میسر ( جیلا بعـــد جیل )
ئەم میسرەیش جێگەی فیرعەونەکان بوو
جێی زوڵمو زۆرو تاوو تەکـــان بوو
فیرعەونی میسری کەوتە سەر ستەم
لەگـەڵ نەتەوەی یەعقووب بە سەرجەم
(موسی بن عمران) یەکێ بوو لـــەوان
بوو بە ڕەسوولی خودای لامەکان
ڕەوانە کرا بۆ لای ستەمکار
دەسبەردار بێ لـە کـاری بەدکار
دەسبەردار نەبوو ، خنـکا لـەناو نیل
میسریان بەجێهێشت بەنی ئیسرائیل
لـــە ئاوی دەریا گشت پەڕینەوە
بە ئێشو ئازار ، بە برینـــەوە
زۆری پێ نەچوو لەبەر سەرمەستی
ڕوویان وەرچەرخاند بۆ بتپەرستی
گوێرەکەیەکیان داڕشت بە پوختی
لـە زێڕو زیوی قەبیلەی قیبتی
دنیایان تێــکدا لە مووسای هوشیار
خۆیشیان بوون بە پەند لەبۆ ڕۆژگار
هەرکەس بەمانە باش عیبرەت نەگرێ
نەمێنێ باشــە ، با بڕوا ، بمرێ

★ ★ ★

حیکایەی دەوری بەنی ئیسرائیل
ڕیوایەتێکە عەریزو تەویل
تا دەورە گەیشت بە عیسای مەسیح
زاهیدی عالەم ، ڕەهبەری فەسیح
جوو دەورەیان دا بیکەن بە دارا
خودا ونی کرد لەناو دیارا
بەرزی کردەوە لەبۆ ئاسمان
ڕزگاری فەرموو لە جوولەکەکان
ئەم زاتە موژدەی فەرموو بە ئەحمەد
ڕەهبەری عالەم ئەسعەدو ئەمجەد
لەپاش پێنج‌سەدو کەسرێک‌و حەفتا
(ختم الانبیا) هات‌و ڕاوەستا
قورئانی ڕێ‌کرد بۆ مەردی هوشیار
شیریش بۆ سەری ئینسانی غەددار
دینی ئیسلامی بڵاو کردەوە
گرەوی لە گشت مەردان بردەوە
ئەمجارەیش خودا هاتە سەر کەرەم
ئەم ڕەهبەرەی نارد بۆ عالەم سەرجەم
یەعنی (محمد) ساحێب عیزو تاج
خاوەن خەڵاتی ئیسرا تا میعراج
لە شەرق‌و غەرب‌و جونووب‌و شیمال
هەر باسی ئەوە بە بەخت‌و ئیقباڵ
ئەسحابێکی بوون لە (خیر الأصحاب)
کیتابێکی بوو ( أفصح الكتاب )

چوار یاری بوو یەك لــە یەك چاتر
عیلمی لـــە عیلمی عالەم زیاتر
لەگــەڵ ئەو هــەموە هــەراو غەوغادا
ئیسلام باقی‌یە لـــە ڕووی دنیـــادا
هەرکەس بەمانە زوو عیبرەت نەگرێ
نەمێنێ باشــە ، با بڕوا ، بمرێ

★ ★ ★

لــەپاش جیهـــادو میحنـــەتی ئەییام
ڕووناکی داکــەوت بۆ خەڵــکی بە عـام
هـــەرکەس بزانێ ئەحـــواڵی ڕەهبـــەر
هەمیشە ئەڵێ ( الله اکبر )
( الله اکبر ) لـــەو قەومـــە پاکـــە
کـــە پێ‌یان دانا لەســـەر ئەم خاکـــە
( الله اکبر ) بۆ یارەکـــانی
لـــەبۆ ئەسحابە ئەخیارەکانی
بە مـاوەی سی ســاڵ دنیـا بوو بە باخ
هەردەو دەشت‌و شیو لەگـــەڵ شاخ‌وداخ
بنیادەم دەرچــوو لــە تای سەرمەستی
ئاگرپەرستی یا بت‌پەرستی
ڕوویان کردە حـــەق لەســـەر حەقیقەت
لەســـەر ئوسووڵی دین‌و شەریعەت
لەگـــەڵ ئەوەشدا کـــە فیتنە زۆر بوو
دنیـــای ڕەشبەڵەك لـــە ڕەش‌و بۆر بوو
بەڵام بە هێزی ئەنواری ئیسـلام
ئیسلام مـایەوە بە ئایینی عـــام

لەبەر پیرۆزیی ئیمامـــانی دین
زانای شەریعەت لـــە موجتەهیدین
لەســەر پیرۆزیی عولەمـــای زانا
کـــە نەحوو ســەرفو عەرووزیان دانا
لوغەت ، بەلاغە ، مەنتیقو ئاداب
ئوسووڵی دینو تەفسیری کیتاب
ئوسووڵی فیقهی بەرزی بە مـــەعنا
ڕەحمـەت لـــەوانە ئەوەیان دانا
هـــەتا ئەو یاســـا بمێنێ بۆ دین
ئیسلام پەرستان بـە خۆشی ئەژین
خـــودا نەخواستە جۆرێــکیتر بێ
ڕۆژبەڕۆژ ئەبێ ئایین کزتر بێ
لەپاش خولەفـای بەرزی مەعنـەوی
ڕیاســەت کـەوتە دەستی ئومـەوی
بە مـاوەیێ کـەم لـە شـەرقو غـەربا
فەتحیـان ڕۆیشت وەکوو بای سـەبا
ســەدو سیویەکی هیجری بە ڕاسی
خەلافـەت کـەوتە دەستی عـەبباسی
مـاوەی پێنجسەد ســـاڵ بۆ خزمەتی دین
بوون بە عیمـــادی بەرزی ئاسنین
پاش صـــەدری حوکمی عەبباسییەکان
(بووەیهی) هـــاتن بوون بە حوکمڕان
پاش ئەوان حوکمی سەلجووقی دەرچوو
بو عیلمو ئایین زۆر بەخزمـــەت بوو

(نیزامی یە) یان لــە بەغــدا دانا
دانشگایەك بوو پڕ بوو لــە زانا
هــەشت هــەزار نەفــەر قوتابیی تیابوو
بۆ زانستو دین پشتو پەنا بوو
فیتنەی ســەلیبی لــەدژی ئیسلام
ڕووی کردە خــاکی فەلەستینو شــام
صەلاحەددینی کوردی ئەییووبی
خــودا بۆ دەفعی شــەڕیان هــەناردی
زۆر شوێنی لــە چنگ هێنانەوەدەر
هــەتا سەرەنجام ئیسلام کەوتەسەر
لەپاش مــاوەیێ موغوولی غــەددار
خــاکی ئیسلامیان داگرت بە کوشتار
بەغــدایان داگرت ، عالەمێکیان کوشت
خوێنێــکی زۆریان بە بێ گوناە ڕشت
خەلیفە کوژرا ، خەلافــەت تێکچوو
لــە هــەر لا وردە دەوڵەت پەیدا بوو
لەپاش ماوەیێ سەلجووقی یش فــەوتان
تورکی عوسمانی هاتنە ڕووی مەیدان
بەشێکی زۆری وڵاتی ئیسلام
کــەوتە ژێر دەستیان سەرانسەر بە عــام
بە دەردی ناوخۆو فیتنەی ئورووپا
ئەمانیش فەوتان تۆزیان چوو بە با
جــا دنیــا گۆڕا بە بارێــکی تر
خولووس کــەمتر بوو و فولووس زیاتر

لـه خـودام ئەویٚ سەربەرزی بۆ دین
بە جـاهی حـەزرەت ( خیر المرسلین )
هەرکەس بەمانە زوو عیبرەت نەگریٚ
با بڕوا هـەتا بە حەسرەت ئەمریٚ

★ ★ ★

سیرڕی شۆڕش‌و غەوغای ئەم دنیـا
نەفسی ئینسانەو زانستەو هـەوا
بەکەشمەکەشە وەزعی عالەمی
ژیان زەحمـەتە لەبۆ ئادەمی
لەسـەر بەراورد خانەدانەکان
بە عەقڵ‌و بە عیلم کەوتنـە تەکان
هـەتا گەیشتن بە پایەی باڵا
لەسـەر بانی دڵ هەڵیانکرد ئاڵا
هـەتا بە ئەخلاق ژیان لەسـەر حـەق
هـەر بەرزەوە بوون تەبەق بە تەبەق
کـاتیٚ پاش ئەوان دەرکـەوتن ئەولاد
نەتەوەی بەدخووی بەدکـارو نیهـاد
هاتنـە دەرەوە بە ویٚنـەی شەیتان
شەیتان بوو بە برای هاوپشتی ئەوان
هـەزار ئاشووبیان ناوە بۆ عالـەم
نەك هـەر بۆ خۆیان ، بۆگشت بنیادەم
جـا فیتنە بۆ عـام پەرە ئەسێنیٚ
دوژمن بوختانی زۆر دائەهێنیٚ

هـــەتا ئەو چینـــە ئەڕۆن بە ناکام
کەس ئارام نابێ لـــە فیتنەی عەوام
جـــا چاری چینی داهاتووی تازە
ڕازێـکە ، بەڵام شیرینتر ڕازە

## یاسا بەهێز ئەبێ

هێزێـکی توندە بە دڵو بەگیـــان
ڕێك بخا بۆ عـــام یاســا بۆ ژیان
یەکـــەم بە تەمێو تەربیـــەی ناو مـــاڵ
بۆ کوڕو بۆ کچ بۆ گـەورەو منـــاڵ
ئەوجـــا خوێندنی باش لـــە دانشگا
لەلای مامۆستای مـەرتەبە باڵا
لەگـەڵ چاودێریی ڕێـگەو شوێنی دین
لەســـەر مەنهەجی ( خیر المرسلین )
بەمجۆرە چینی تازە پێ ئەگا
هەرکەس بەپێی خۆی لە حەق تێ ئەگا
هـــەتا بمێنێ ئـەم وەزعە چاکـــە
ســەری ئەو چینـــە بەرەو ئەفلاکە
هــــاتو گۆڕییان خودایش ئەیگۆڕێ
هەموو دنیایشی لێ وەرئەگەڕێ

★ ★ ★

کورتو موختەسەر گـــەلێ پێویستە
بزانن بەرزی لەســـەر زانستە

زانستی عیلمە ، عیلم بۆ عەمەل
عەمەل بەدەوام تا کاتی ئەجەل
فەن‌و سنعەت‌و پیشەسازیی تۆ
پادشا ئەکا بە هاوڕازی تۆ
سوودی ئەمانەیش بەقەد ئەخلاقە
ئەخلاق باعیسی خۆشیی ئافاقە
هەروەکوو ژیان ئەیسامی ئەوێ
ئەخلاقی پاکیش دەوامی ئەوێ
مادەم کە ئەرزو هەواو ئاسمان
هەموو هەر ڕامن لەبۆ هەموومان
لەسەر دەریاش بێ کاسەت پێ ئەوێ
بۆ پارێزی ماڵ قاسەت پێ ئەوێ
(نامی) بە ئیخلاس ئەنووسێ بۆتان
ئیتر خۆتان‌و غیرەتی خۆتان

## ئەدەب بەسوودە

ئەنجامی تەمێ نووری ئەدەبە
ئەگەر عەجەمەو ئەگەر عەرەبە
ئەدەب نەسەبەو ئەدەب حەسەبە
ئەدەب بۆ ئینسان تاجی زەهەبە
ئەدەبە ئەهلی فەرش ئەبا بۆ عەرش
بێ‌ئەدەب لە عەرش دایێ لەبۆ فەرش

ئەدەب بەرگێکی ڕەسای ڕەحمەتە
ئەدەب سەرچاوەی نازو نیعمەتە
بەئەدەب بێ ماڵ بوو بە خاوەن ماڵ
بەئەدەب بێ حاڵ بوو بە خاوەن حاڵ
ئەدەب نامەحرەم ئەکا بە مەحرەم
بێ کەرەم ئەکا بە خاوەن کەرەم
ئەدەب سوپاسە بۆ خوداو بەندە
ئەدەبە لایان زۆر ئەرجومەندە
ئەدەب وەربگرە لە خاوەن ئەدەب
ئەبی بە یاری عەجەمو عەرەب
موئەددەب ئەبێ بە خاوەن حەسەب
بێئەدەب ئەبێ بە ئەبوولەهەب
ئەدەب وەربگرە لە بێئەدەبان
دوور بە لە خوڵقو ڕەوشتی ئەوان
ئەدەب چاودێریی حەددو حودوودە
ئەگەر حامیدەو ئەگەر مەحموودە
بەئەدەب ئەیاز گەیشتە مەحموود
مەحموود بەئەدەب گەیی بە مەقسوود
بۆ بەرزیی ئەدەب نەبیی عەرەبی
جاڕیدا کەوا ( أدبنی ربی )
مەحەبەو سوحبەت بە مەرجی ئەدەب
ئینسان ئەباتە سەر بانی حەسەب
(نامی) بەئەدەب گەیشتە پایە
سەد هەزار شوکر بەم پایەو مایە

# مەعنای وجوودم نازانم

نازانم بەهرەو سوودی وجوودم
بێبەش لـە فەیزی کـەرەمو جوودم
ئاسارێـکی وام نی‌یە لایق بێ
پەسەندی دەرگای خودای خالق بێ
نە تاعەتێکە مـــایەی جـەزا بێ
نە عیبادەتێـکە مـــایەی ڕەزا بێ
گشتی بێبەهرەو پڕ لـــە دڕکوداڵ
مشتێ ڕەزیلەی پڕ لـــە خەوش‌وخاڵ
بێ شوعوور ، بێ نوور ، بێ مایەو پایە
دارێـکی بێسوود ، بێ بەرو ســـایە
نە شەهادەتێ ڕووناکیی دڵ بێ
نە شەهامەتێ سوودی کامڵ بێ
نە دەستێکی بەرز بۆ سوودی عالەم
نە دوعــاو دەرمان بۆ چـــاری ئەلەم
نە نوێژێـکە وا ڕۆحم هەڵبڕێ
دەستم لـە لیتەی دنیای دوون ببڕێ
یەعنی مانیع بێ لـــە فەحشاو مونـکەر
نزیك بێتــەوە لـــە خودای ئەنوەر
نە ڕوژوێـکە بە ئیخلاس‌و سۆز
بتگەیەنێتە مەقـــامی پیرۆز
نە حەجێـکی ساف بۆ ماڵی خودا
نە عەمرەیێکی بێ قڕەو هـــەرا

نه دروودی پاك لــه دەردی ڕیا
بۆ بارەگاهی خــاوەن کیبریا
نه بیرێــکی پاك لەکــاتی مردن
نه تەدبیرێــکی لایق بۆ کردن
بەڕاستی شەیئی وێنــەی لاشەیئم
دوور لــه هــەتاوی نزیك لــه فەیئم
(نامی) گەر شەیئه وەگەر لاشەیئه
به فیــدای کاڵای باڵای بێفەیئه

## خودا تۆ خودای

خودا تۆ خودای بۆ هــەموو عالەم
ئەرواحو ئەجسام گیاندارو ئادەم
بۆ ئەرزی وشکان ، بۆ دەریای ئەمواج
بۆ گەدای داماو ، بو شای خاوەن تاج
بۆ کۆسارو دەشت ، بۆ باغو گوڵزار
بۆ داری بێبەر ، لــەبۆ بەهرەدار
ئەوەند ڕەحمەتت پانو گوشادە
دڵی تاوانبــار به عــەفوت شــادە
به حــەققی لوتفو ڕەحمەتی عامت
به فروستادەی دینی ئیسلامت
به حەققی ئەوەی مەحبووبه بەحەق
فریشتەو پەریو ئادەمی موتڵەق

به جیلوەی بەستی بەهرەمەندانت
بە شێوەی قــەبزی دەردمەندانت
بە نمی بارانی هــەوری کەرەمت
بە جەمعی جوودو فەیزی نیعەمت
مادەم لــە عــەدەم هێنامتە وجوود
بە ئیرادەی خۆت بە ئیحسانو جوود
لە نەبوونەوە بۆ بوونەوەری
کردمت بە ئینسان بۆ بەختەوەری
با لــەم وجوودەم بە جوودو ئیحسان
فەیزێ وەربگرم بۆ بەرزیی ئینسان
گۆڕەکەم ببێ بە گۆڕی کــەرەم
نەك جێی کرمو مــار بۆ ئێشو ئەلەم
هاوڕێی گۆڕەکەم ڕۆحی پاکان بێ
هاوڕێم لــە ژینــا دەستەی چاکان بێ
تەوبەم لــە تاوان وەربگری بە حەق
نەمخەیتە کۆڕی نەفــامی سەرشەق
(نامی) نامی بێ هــەتا هــەتایە
سامی بێ هــەتا سەما سەمایە

## هۆی زەفەری بێگانە

ڕێــگەی زەفــەری بێــگانە پێمان
گەلێکە ، یەکــەم یاســای تەمێمان

یانێ لایانبرد یاسای دامەزراو
لەبۆ زانستی ئایینی خۆش ناو
لە سەرف و نەحوو مەنتیق و ئاداب
بەلاغەو ئوسوول ، تەفسیری کیتاب
دەرزی تەجویدو تەفسیری قورئان
فامی سوننەتی حەبیبی ڕەحمان
دووەم ئیهمالی تەربی یەی منال
لە خوێندنگادا بەدرێژیی سال
نە نوێژ ، نە ڕۆژوو ، نە بیروباوەڕ
نە ڕەوشتی بەرز حەزرەت پێغەمبەر
سێهەم تێکەڵیی پۆلی نێرو مێ
گۆڕینی بەرگیش سا مەگەر کەمێ
چوارەم وەسیلە بۆ غایەی پەستی
دامەزراندنی ڕەگەزپەرستی
لەسەر زمان و ئیقلیم و یاسا
بەپێی ئیمکانی تەمێی مامۆسا
نەژادپەرستی بوو بە ژاری مار
دای لە جگەری منالی هەژار
پۆل پۆل براکان بوون بە شادوژمن
نە بۆ سوودی تۆ ، نە بۆ سوودی من
پێنجەم یارمەتی بۆ ئەقەللیات
لە بیرو باوەڕ وڵات بە وڵات
ئەقەل پەرەی سەند گەلێ لە ئەکسەر
لە حەددی ئەکسەر هەم ڕۆیشتەدەر

شەشەم شەهادەی خوێندنگای درۆ
نەفامی کۆمەڵ بوو بە وەستای تۆ
ئەم شەهادەیە بوو بە نیشانە
بۆ گەورە مەردی چەرخی زەمانە
حەوتەم ئازادی بۆ بیروباوەڕ
چاك بوو بە خراپ لای زومرەی بەشەر
هەرچی لەلای خەڵك جوان بێ باشە
باقیی بیری چاك پووش‌و پەڵاشە
کتێب دەرئەچوو لە هەموو بابێ
هەرچیی تیایە هەر ئەبێ وابێ
وردە کتێبی هەڵەی ئورووپا
بوو بە سەرمەشقی خەتی چەلیپا
ڕەسمی بێشەرمیی شەخسی نائینسان
بوو بە قیبلەگای عالەم بەئاسان
ژن‌و پیاو هەموو لەبەر سەرمەستی
چوونە سەر ڕێگەی هەواپەرستی
سەرەڕای نادی‌و سینەمای دەرۆ
سینەمای ناومال گەیشتە بەرۆ
هەشتەم تەقدیری بەرزی ئورووپا
گەیشتە حەددێ دەرزی‌تر فەوتا
ناڵێن ئەو دەرزە دەرزی ماددەیە
خوێندنی ماددە بەپێی عادەیە
تۆیش فەرموو وەکوو مامۆستای ئەوان
عیلم وەربگرە بخوێنە جوان

نەوەت پێ ئەگا لەوان عالی‌تر
عالی‌تر نەبێ با کەمێ کەمتر
ئێستا وای لێ هات ئاسیا سووتا
هەزاران پایەی عولوومی فەوتا
زانیاریی ئێمە بوودی نابوودە
هەر زانیاریی ئەوان بەسوودە
واتە هەڵەیان ڕاستەو بەسوودە
واتەی ڕاستمان هەڵەو نابوودە
ئەگەر مەحاڵیش بێ بە دەمیانا
ئەبێ واجب بێ لە ڕووی جیهانا
نۆهەم تاڵانی متمانەو باوەڕ
باوەڕ نەماوە ئەمبەر تا ئەوبەر
برا بە برا ، باوك بە ئەولاد
باوەڕی نەما ، گۆڕا بە فەساد
ئەمەیش هەر لەبەر تاریکیی دڵە
کە لە ڕەفیقی بەددڵ حاسڵە
دەهەم دانانی دەستەی بێ‌مایە
ئاگری بەردا لە هەموو لایە
ئاگری بەردا لە نیزامی دین
( اعاذنا الله رب العالمین )
بزانن هەرچی ڕووی‌دا لە دنیا
تایبەت ئەفریقاو ناوچەی ئاسیا
هەموو بە نەخشەی بێگانەکانە
چەند ساڵ لەمەوبەر تا ئەم زەمانە

گەلی موسوڵمان سادەو غافڵن
هەرچەند لە عیلمو عەقڵا کامڵن
حیلە نازانن ، بە دڵ بێ گەردن
لەگەڵ عالەما بێ ئێشو دەردن
ئەسبابیان زۆرە • یەکەم دەستو زۆر
دووهەم زەڕو زیو بۆ مەردی ناجۆر
زۆرن موغری‌یات لەبۆ تەفرەدان
کێ بێ خۆی بگرێ وەك مەردی مەیدان
بەڵام خۆ ئێمە هیوامان بەرزە
بەوخودا کەوا ئیتاعەی فەرزە
وەعدەی پێداوین هەرکەس تێکۆشێ
جامی کامی دڵ بە حەق ئەنۆشێ
سەعیی بەردەوام فەرزە لەسەرمان
بەدەوام لەسەر ئادابی ئیمان
تەمێی دانشگا ئەگەر نەماوە
تەمێی بارەگا ڕاستەو وەستاوە
زانیار بانگ بکەن بۆ ماڵی خۆتان
بۆ تەمێی منداڵ قازانجە بۆتان
ئوسووڵی ئیمان شەش بەندە مەشهوور
خوداو فریشتەو ڕەهبەری پڕنوور
کتێبەکانی خودای لامەکان
کە هاتنە خوارێ بۆ پێغەمبەران
ئیمان بە قەزاو قەدەری خودا
هەرچی مەیلی بێ ئەبێ ڕووبدا

ئیمـان بە ڕۆژی بەرزی قیامـــەت
بە زیندەوە بوون بۆ هەموو ئوممەت

ئەڕۆن گرد ئەبن لـــە مەحشەرگادا
حیسابیان ئەکرێ لـەلای خودادا

ئەوجا گواستنەوە بۆ ماڵەکەیتر
وەکوو دۆزەخ بێ بۆ مرۆی کافر

یا مـــاڵی بەهەشت لەبۆ موسوڵمان
کـــە ژینـە لەسـەر ئیسلامو ئیمان

لەپاش ئەمـــانە ئەرکـــانی ئیسلام
دوو شەهـــادەتە مەعلوومن بۆ عـام

بە شـــەوو بە ڕۆژ پێنج فەرزی نوێژە
یەکێکیان بە شـــەو ، چواریان بەڕۆژە

ئەمجارە ڕۆژووی مانـــگی ڕەمەزان
ئەمجار زەکاتی داراییو سامان

ئەمجارە حـــەجی ( كعبة الله )یە
لەسـەر ئەوکەسەی داراو توانایە

بەتایبەت کـــاتی پشووی ساڵەکان
ئـەم دەرزە بڵێن بـە مناڵەکان

واجبی (نامی) دەرزی ئیسلامـــە
ئەمجارە هیـــوای خۆشیی خیتامـــە

# ئەو یاسا دژی دینی نەبی بێ

ئەو یاسـا دژی دینی نەبی بێ
هـــەزاران ملیار نەفرینی لێ بێ
دینی ئەو حـــەقەو باقی بەتاڵە
تامی شیرینی لـــە تاڵ مەحـــاڵە
ئەگـــەر دڵخوازی میوەی شیرینی
ئەبێ لـــە باغی ئایین بیهێنی
ئەوەی لابدا لـــەو دینـــە بە دڵ
دۆزەخ جێیەتی لـــەپاش ئاوو گڵ
ئەوانەی دەرچوون لـــە ڕێی ئەنبیا
نازانی چـــۆن بوون بە وەحشی چیـــا
یەکێ بۆ ڕیبـــاو یەکێ بۆ ڕیا
یەکێ بێ کەشتی ڕووی کردە دەریا
ئەو ماڵی دزی ، ئـەم تالآنی کرد
یەکێ ناموسی هـــاومالآنی برد
لـــە دنیـــا دەرچوون بە بێتفاقی
بێبەش لـــە پایەی بڵنـــد ئەخلاقی
ئادەمی ئەبێ ڕۆڵەی ئادەم بێ
لەســەر ئوسوولی دینی خـــاتەم بێ
جـــا فەرموو بۆ ئەم ڕەوشتە پاکـــە
کـــە ڕێی ڕەسوولی خواوەندی تاکە
( کما تحیون تموتون ) بە حـــەق
( کما تموتون تبعثون ) ئەلحەق

ئەلاڵێمەوە لـــە بارەگادا
بە ئیستیعدادی دڵ لـــە ئارادا
چون زمـــانی دەم بە وێنـــەی ئەبـکەم
واتەی بۆ سەمعە نەك ڕۆحی ئەکرەم
زمـــانی ئیستیعداد بە حـــەق زمـــانە
شایستەی لوتفی ذاتی یەزدانە
(نامی) زمـــانی ئیستیعدادی خۆی
هیوایە ببێ بە هـــادی لەبۆی

★ ★ ★

بە ( لا اله الا الله )
قەسەم بە خـــوای تاقی تەنیـــا
خوایە تۆ حـــەی‌و قەیيوومی
ئەزەلی‌و ئەبەدی بێ‌ئینتیها
خەلاقی عـــەین‌و عەرەزی
بێ سوورەت‌و بێ هـــەیوولا
واقیفی ڕازی نیهـــانی
کاشیفی چـــەند ئەسرارەها
هـــەر تۆی بە حـــەق یارمەتی‌دەر
هـــەر تۆی لـەبۆ بەندە پەنا
ڕەحمێ فـــەرموو بە ئەحواڵم
یا ( أرحم مـــن رحمـــا )
بە پایەی خۆشەویستەکەت
بە نەفسی پاکی پڕبەهـــا

بە جـــاهی ئەحمـــەدو مەحموود
موحەممەدی ئەرزو سەمـــا
شـــافیعی ڕۆژی مەحشـــەرە
خـــاوەنی حـــەوزە ( للظما )
بـــەو قوبووڵ بوو تەوبەی ئادەم
مەخسووسی ( علم الأسما )
(نامی) گـــەڵێ تاوانبـــارە
دووری خـــەرۆ لـــە چـــای سیا
(نامی) بە تۆ بوو بـــە ئینسان
( یا مـــن خلقت آدمـــا )
(نامی) تۆ کردت بـــە زانا
( یا مـــن علم العلمـــا )
تۆ داتـــە دەستی دۆستان
دەرچوو لـــە چـــای عیـــداو عەما
با ڕزگـــار بێ لـــە دەردی دڵ
دڵی ببێ بـــە حەقنومـــا

★ ★ ★

دەریای هادی‌یە قورئانی پیرۆز
چـــەند فـــەرعی هـــەیە هەمیشە دڵسۆز
یەکـــەم فەرعەکەی تەخویلی نەبی
لـــەبۆ بەیانی بۆ موکتەسیبی
بـــە واتـــەو ڕەفتـــار ئەمجـــا بە تەقریر
بۆ وەفـــا بە حـــاڵ بەشیرو نەزیر

فــەرعی دووهەمــە تەقریری ئیجماع
کـــە ئیجماع ڕێـــکەوت نامێنێ نیزاع
هەرکەس لـــە ئیجماع لابدا بە دڵ
بێ دەستەو کوێرەو ناگـــاتە مـــەنزڵ
سێهەم فەرعەکـــەی بـــە ئیجتیهادە
(تفقە) بۆ دین مـــایەی ڕەشادە
بەم فەرعـــە ئەبێ ســـوودی ئیستینبات
ئەحـــکام ئەگـــاتە پایەی ئینزیبات
ئایینی ئیسلام عاممـــــەو ئەبەدی
ئیجتیهاد فـــەرزە بە ڕای ئامودی
چوارەم فەرعەکەی عیلمی زانایە
بۆ تەعلیمی عـــام لە ڕووی دنیـــایە
ئەو زانایانەی خـــادیم بوون بۆ دین
ناویان نووسراوە لای موجتەهیدین
تەعلیمی دەرزی دینی موحەممەد
جیهـــادەو فـــەزڵەو شـــەرەفی ئەبەد
پێنجـــەم فەرعەکەی لـــە ئیعتیسامە
شەشەم ئیتاعـــەی گـــەورەو ئیمامە
حەوتەم ئیعدادی عوددە بۆ خیسام
هەشتەم ئیقتیساد لـــەبۆ خاس و عـــام
نۆهـــەم خولقی بەرز ئەعلاکەی ســـەبرە
جـــا سیدق و ســـەفا دەورە بە دەورە
دەهـــەمین سیدق و عەهـــدو وەفـــایە
خۆزگەم بەوکەسەی دوور لە جـــەفایە

یازدەهەم فـــەرعی تیمـــاری بیمار
بەرزیی ئــەم فەرعـــە دیارەو ئاشکار
دوازدەهەم سیلەی گـــەلی ئەرحامــە
سیلە بنەمـــای ڕەحمـــەتی عامـــە
سیازدە سنعەت‌و کـــارو کاسبی
ئەگـــەر پیاوێـکی بۆ حـــەق تالیبی
ئەمـــانە هـــەموو دوو شتیان ئەوێ
بێ ئەو دوو شتە پەکتان ئەکـــەوێ
یەکـــەم تەنویری ئەولیـــای کیرام
لـــەبۆ دەروونی خـــاوەن ئیعتیسام
تا بەر لـــە هـــەموان ڕووبکەنە خـــوا
تەنهـــای بێوینـــەو میسال ئەبەدا
دووهـــەم ئیـــدارەی ئیمـــامی عادڵ
عـــالم‌و ســـالم خۆش دەروون‌و دڵ
بەم دوو فەرعـــانە عالـــەم ئەمێنێ
ئەمـــانە نەبوون دنیـــا نانوێنێ
دنیـــا بە بێ نوور یا بە بێ ئیلهام
یا بە بێ فەرمـــان ناگـــاتە ئەنجام
ئـــەم دوو فەرعـــەی بوو وەك چراخانە
سەراسەر جیهـــان مانـــگی تابانە
ئەوەی بە ئاوی موحیتی هـــادی
دەمی تەڕ نەبێ شەخسێکە عـــادی
عـــادی بە مەعنـــای مـــاددیی تاریـــکە
ڕێـــگوزەرەکەی گـــەلێ باریـــکە

حەتمــەن ئەکـەوێو ئەکەوێتە خوار
جێی جەهــەنمەو ئاگرو ئازار
پیرۆزیی ئینسان بـە ئیعتیــداله
دینو دنیــای بوو خــاوەن کەماله
هـەمووی لـە قورئان وەرئەگرێ (نامی)
شـوێن کـەوتووی ڕێـگای پاکی ئیسلامی

## خۆلادان لە هەوا

خودایا بە حــەق بەهرەی یەکێتی
لامــانده لــە ڕێی لاریو نەگبــەتی
ڕێـگەی نەگبـەتی ڕێـگەی هــەوایە
لادانە لـەوەی ئەمری خــودایە
ڕێـگەی نەگبــەتی تاوانبــاری‌یە
کـە پایەی ســەختی شەرمەزاری‌یە
کـە ئینسان لـە ڕێی خوداوەند لای‌دا
سەفاهەت ئەیدا بـە هـەردو بەردا
نامێنێ لەلای ئیمــانو باوەڕ
بە خــواو پەیغامی خــوداو پێغەمبەر
جا لە ڕێـگەی حــەق لائەدا بێ‌سوود
ئەگـەر دارایش بێ ناگــا بە مەقسوود
کــە ئیمان کزبوو نامێنێ ویجــدان
کــە ویجــدان نەما ئەوجـارە جیهان

ئەبێ بە جێگەی دڕندەو دەعبا
خەڵك بەئاشکرا یەکتری ئەخوا
کە ڕێگای بەهەشت گومبوو لە بەرچاو
خەڵکی بۆ دۆزەخ غارئەدەن بە تاو
ڕێی بێویجدانیو کاری ناڕەوا
ڕەنجی ئینسان گشت ئەدا بە ئاوا
ئەیکا بە وەحشیو دڕندەی کێوان
ئەیگوێزێتەوە بۆ بەرەی دێوان
کێ دیویە بەدتر لە وەحشیو لە دێو
دەستی خوێناویو دەمی پڕ جنێو
بەمجۆرە ئەڕواو ئەگاتە ئەوپەڕ
کفنەکەی ئەبێ بە خراپەو شەڕ
جا خودا هەر تۆ پەنای ئادەمی
بمانخەیتە سەر ڕێگەی سالمی
(نامی) لە حاڵی وا پەنا ئەگرێ
هەتا لە گۆشەی قەبرا جێ ئەگرێ

★ ★ ★

بنیادەم وەها دروست کراوە
خاوەن بەهرە بێ لە هەموو لاوە
بە لای خودادا تەیری قودسی بێ
شابازی بورجی بەرزی کورسی بێ
یەعنی بەڕاستی ئاگای لە دڵ بێ
ئاوێنەی چرای ماڵو مەنزڵ بێ
پاکی کاتەوە لە خوڵقی خراپ
دوور بێ لە قینو عینادو عیتاب

دوور بێ لــه هـــه‌رچی نه‌ی لێ کراوه
وابێ به‌ڕاستی بووترێ پیـــاوه
به لای دنیایشا خـــاوه‌ن به‌هره بێ
هوشیارو تێکۆش خۆش عیباره بێ
زاناو توانا بێ ، خـــاوه‌ن سنعه‌ت بێ
خـــاوه‌ن غیره‌ت‌و به مرووه‌ت بێ
ئه‌وه‌ند دڵدار بێ ده‌شتی یا کێوی
شێرێ دابنێ به به‌چـــکه ڕێوی
بدا لـــه جـــادوو به هێزی عاســا
بدا لــه ده‌ریا به وێنـــه‌ی مووسا
نه‌ترسێ مه‌گـــه‌ر لــه خودای عـــه‌زیم
بڕوانه ئاگر وێنـــه‌ی ئیبراهیم
لــه هــه‌موو کـــارا میانه‌کار بێ
میانه‌ڕه‌وی وته‌و کردار بێ
نه خـوا لـــه بیری خۆی بباته‌وه
هــه‌تا پاڵ ئه‌دا بــه نه‌هـــاته‌وه
نه دنیـــای ڕۆشن تاریك کا له خـۆی
تا مـــارو مێروو هه‌ڵمه‌ت دێنن بۆی
پێویسته ئینسان هـــه‌میشه وابێ
بۆ دینی شێخ‌و بۆ دنیـــای شا بێ
نه دین بێ دنیـــا ، نه دنیـــا بێ دین
ڕێبوار نابه‌نه ســه‌ر ( حق الیقین )
(نامی) لـــه داخی ئاده‌میی نابار
وه‌ختـــه شێت ببێ‌و بداته کۆســـار

# ئینسان بە ئەخلاقە

گوێ بـگرە لە من ئەی ڕۆڵەی ڕەسەن
لـە حەدیسمایە بە پایەی ( حەسەن )
ئینسانی ڕەسا لـە ڕووی دنیـــادا
ئەبێ وا بژی لــەم بارەگــادا
حیلمو حەوسەڵە وەزیری ئـەو بێ
عیلم دۆستێکی لـە کۆنەو نەو بێ
سیفەتی نەرمی زاڵ بێ بەسـەریا
بەرگی بێ شـەرمی نەکرێ بە بەریا
سـەبر سەرسوپای هێزی کـاری بێ
نەك هـەڵەو پەڵەو بەد کرداری بێ
تێکۆشان بۆ کـــار بەگوێرەی ئیمکان
بـکا بە پێویست لەسـەر ڕووی جیهان
ئەم فەرموودەیەی هێناوە بە ڕاس
حەکیم لـە زانای نەتەوەی عەبباس
ئادەمی وێنـەی پەیکەرێ وایە
بێن بۆ تەماشای لـــە هـەموو لایە
پەیکەرێـکی وا پڕ لــە جەوهەربێ
سەرتاپای لەشی هـەموو گـەوهەر بێ
گەوهەری سـەری لـە شەجاعەت بێ
گەوهەری سینەی عیلمو سنعەت بێ
گەوهەری تەختی تەوێڵی پانی
ڕازابێتەوە لـەبەر جـوانی

مـاوەی ڕوخساری بە وێنـەی هـەتاو
ڕووناکی بدا ، دڵ بێنتە بەر چـــاو
گەوهەری دەمو زمـــانی وابێ
وتاری شیرین چەشنی حەڵوا بێ
گەوهەری دەستی کیسەی کـەرەم بێ
بەپێی دەسـەڵات زۆر بێ یا کـــەم بێ
دوو گەوهەری پێی هـەروەك ڕەوڕەوە
ڕێی چاکـە ببڕێ ، ڕۆژە یان شــــەوە

★ ★ ★

جەوهەری ئینسان زۆر بەقیمەتە
چون دارای عیلمو عەقڵو هیممەتە
ئەخلاقی بەرزی یەکەمیـــان سەبرە
ئەمجارە ڕاستیو چاودێریی قـەدرە
وەفـــا بە وەعـــدەو پەیمـــانی ڕاسی
نەك پەیمـانی بەد وەك خـــوا نەناسی
بەدەوام لەســەر ئەم حاڵەتانە
ئەبی بە مــەردی فــەردی زەمـــانە
مـادەم ئینسانی دڵ بە ئیحسان بە
لـە کـاری نابار دل هەراسان بە
وتاری (نامی) بە دڵسۆزی‌یە
مەبەستی بۆ گـەل هـــەر پیرۆزی‌یە
بەینی ئیسلامو خەڵـکی بێـگانە
لــــە مابەینی عــــەرز تا عاسمانە

ئێمە سادە دڵ ساف‌و بێ‌گەردین
بەم بێ‌گەردی‌یە گیرۆدەی دەردین
ئێمە پەشێوین ، ئەوان مورەتتەب
ئیمە بەسیتین ، ئەوان مورەککەب
هەر موویێ لەوان جۆرێ ئەخوێنێ
ڕوویان هەر ساتێ ڕەنگێ ئەنوێنێ
دنیا لای ئەوان یەکەم هەدەفە
هەر دنیا مایەی فەخرو شەرەفە
بە چەنهای چەند ساڵ ، بە چەند وەسیلە
خۆ حازر ئەکەن بە حەول‌و حیلە
هەتا بمێنن لە ڕووی جیهانا
وەها بە زاهیر یا لە پەنهانا
کەسیان پێ‌ناوێ مەگەر ئەو کەسە
بۆ سوودی ئەوان خاوەن نەفەسە
عەهدو پەیمان‌و ویجدان‌و ئیمان
لەلایان نی‌یە وەکوو بینیمان
ئیستە ناچارین بۆ ژینی دنیا
ئیدارە لەسەر شوعووری وریا
لەپاش تەوحیدی خوای پەروەردگار
یەکێتی‌ناس بین لە ڕووی ڕۆژگار
بە هێزی هۆش‌و بە ڕەوشتی بەرز
بە دڵ ئەستووری ، بە بێ ترس‌و لەرز
بێینە کایەوە لەگەڵ کائینات
بە عیلم‌و سنعەت سەعات بە سەعات

لەسەر بیری ڕاست بگەینە تەدبیر
بەڵکو ڕزگار بین لە تاریکیی بیر
دوورە ئیختیلاف لە دینی ئیسلام
فەرمانی خودا هات بە ئیعتیسام
فەرمانی ڕەهبەر ڕاستە بە خوا
بە حەوت ڕیخۆڵە کافر نان ئەخوا
ئەگەر غافڵ بی لەم کۆنە زێڕە
ئەمری بە دەردی ڕیخۆڵە کوێرە
ئیمان پێویستە بۆ ڕووناکیی دڵ
تا چرات بێ بۆ ماڵو مەنزڵ
عەقڵ پێویستە بۆ ژینی جیهان
بۆ نەجاتی گەل لە دەردی پەنهان
زانست پێویستە بۆ شارەزایی
هەتا مەشغووڵ بن بە ڕێنومایی
پیشەو سنعەتی بەنرخی باڵا
گەل ئەپارێزێ لە دەردو بەڵا
دووربینی فەرزە لەبۆ بنیادەم
تا نەکەوێتە ناو چاڵی نەدەم
یەکێتیی گەلان سیحەتە بۆ دڵ
بێ سیحەتی دڵ حەل نابێ موشکوڵ
یەکەم یەکێتی یەکێتیی دینە
هەر یەکێتیی دین مایەی تەمکینە
بۆ شەڕ بێسوودە هووشەی بێعەمەل
بێعەمەل پووچە نیازو ئەمەل

گردەوە شـەرتە لەگـــەڵ تێبینین
دەوام پێویستە تا دانەمێنین
ئەرنا بەو خـــودا بۆ خۆی خودایە
خەرمانی خەیاڵ خەرمانی کایە
واتە تەنبیهە بۆ شەخسی غافڵ
یاخود تەوجیهە بۆ شەخسی عاقڵ
ئەرنا سـەد خوتبـە نابێ بە دەنـگێ
لە لوولەی تۆپێ یاخـود تفەنـگێ
(نامی) ئەزانێ بێ هێزی قەسەم
سەرکەوتووان گشت سەرکەوتن سەرجەم

## یادنامەی مەردان

یادی مـەردانی گـەورەی ئەم ئەرزە
لەسـەر ئینسانی بەوەفـا فـەرزە
چ موورشیدانی مەنبـــەعی ئەنوار
چ ئوستادانی عولەمای ئەبرار
حوقووقیان هـــەیە کۆمـەڵی پێشوو
لەسـەر کۆمـەڵی وەچـــەی داهاتوو
لـــە جوملەی ئەوان موورشیدی بەرزم
مـــایەی فوتووحو بەرزیی سەرئەرزم
عەلائەددینی عومـــەری عوسمان
فـەردی دەوری خـۆی ، نادیرەی زەمـــان

کە سوودی پێدام بە ماددەو مەعنا
بوو بە ڕەهبەرم لە ڕووی زەمانا
لەبۆ تەنویری لەتیفەی دڵم
کە بوو بە چرای ماڵو مەنزڵم
لەبۆ تەرغیبم لەسەر دیراسە
لەسەر هەر کارێ پەسەندو ڕاسە
لەسەر تەرویجم بۆ خزمەتی دین
لەبۆ تەدریسی زومرەی تالیبین
بۆ ڕزگار بوونم لە گەلێ مەینەت
بە ماڵ ، بە مەقال ، بە حاڵ ، بە سوحبەت
بە موژدەدانی ئاشکراو پەنهان
بە دوعای تەوفیق بۆ عیلمو ئیمان
بەیانی هەمووی زەحمەتو دوورە
ژمارەو عەدەد غەیرە زەروورە
ئەوەندە ئەڵێم لای خودای عالەم
جەزای بە ئیحسان (بالوجه الأتم)
ئەم زاتە بەرزەی خاوەن کەرامە
خاوەن پیرۆزیی چەرخی ئەیامە
تەقریبەن چل ساڵ ژیام لەگەڵیا
ئەگەڕام لەگەڵ مەکنوونی دڵیا
هیچ کەسم نەدی لە چەرخی ئافاق
وەکوو ئەو جامیع بۆ حوسنی ئەخلاق
یەکەم ئیمانی ئەوەند پتەو بوو
قەسەمت ئەخوارد سینەی پڕتەو بوو

فەرمـــان بەرداری ئەحـــکامی شـــەرعی
ئەحـــکامی ئەسڵی یا حـــوکمی فـــەرعی
باوەڕی وابوو بـــە موجتەهیدین
کـــەوا کۆڵەکەی پتـــەون بۆ دین
بۆ خزمـــەتی عیلم ، لەبۆ عولەمـــا
خادیم بوو بە دڵ بە گوێرەی توانا
کوڕی باوکی بوو عومـــەر ضیادین
بۆ فیداکاریی دەرزی عیلمو دین
دووەم نادر بوو میزانو قـــەدری
لە بابی هێزی حەوســەڵەو ســەبری
مـــن کەسم نەدی ئەوەند ســەبوور بێ
تەسلیمی قـــەزای نزیكو دوور بێ
چ لەســـەر مـــەرگی ئەولادو ئەحبـــاب
چ بۆ ڕووداوی بەدی بێحیساب
چ لەســـەر عیدای گـــەلی نامـــەردان
چ بۆ ئازاری دڵ لـــە بێویجدان
چ بۆ ناســـاغیی ئەندامی پاکی
چ بۆ فـــەوتانی مـــاڵو ئەملاکی
سێهەم سەخاوەو کـــەرەمی دەستی
لـــە ســـەرفی مـــاڵا نەبوو مەبەستی
مـــادەم ببوایە هـــەرچی مەسرووف بوو
لەلای عەقڵی ئەو حـــەقو مەعرووف بوو
چوارەم غیرەتی بۆ ئومووری دین
بۆ غەیووریوا هـــەزار ئافەرین

پێنجەم بۆ عـەفوی ئەهلی جەسارەت
بە کار ، بە زوبان ، یا بە عیبارەت

شەشەم بۆ ڕەحمو بۆ میهرەبانی
نەمدی لـەو چەرخا هەرگیز هاوشانی

حـەوتەم بۆ پاکیی دەمو دەروونی
حـەرام بوو لـەلای وتاری دوونی

هەشتەم بۆ سیدقی لـــە وتارەدا
لـە هـەر بابەتێ ، لـە هـەر کارەدا

درۆم لێ نەبیست مــاوەی ژیانم
قەسەم بە قـــەدری دینو ئیمــانم

نۆهـەم بۆ سیلەی ئەرحـــامی هـەموو
ئەوەی مومکین بوو درێغیی نەبوو

دەهـــەم دەوامی لەســـەر حەسەنات
وێنـەی نادر بوو لەڕووی سەربسات

سوورەتی نوێژی ئەوەند باڵا بوو
بە حـەق موناجیی حـەق تەعـالا بوو

کـە ڕائەوەستا ڕوو بە قیبلەی حـــەق
هەیبـەت ئەباری تەبەق بە تەبەق

وەزعی ڕوکووعو سوجوودی وابوو
تاعـەتی بە حـەق لەبۆ خـودا بوو

خوشووعی وابوو ئینسان ئەترســا
کـە بێهۆش بووە لـە بەهرەی قودسا

من ئەو نوێژانەی لـــەو چاوم پێ کەوت
لـــە کەسم نەدی هــەتا بە هەڵـکەوت

★ ★ ★

لەپاش ئەو یادی مامۆستای دەرزم
ڕەهبەری تەمێو تەربی یەی بەرزم
شێخ عەبدولواحید بن عەبدولسەمەد
مەزهــەری نوورو مەنبــەعی مــەدەد
ئوستادی مــەنتیق ســەید موحەممەد
هــەروا بۆ دەرزی فیقهی موعتەمەد
موحەممەد سەعید عوبەیدی نیسبەت
خاوەنی دین‌و عیززەت‌و عیففەت
بۆ گەلەنبەوی‌و بۆ ( لب الاصول )
چــەن دەرزیش لەلای شێخ باباڕەسوول
خـــودا جــەزایان پێ بداتەوە
لای بەڕەحمەتیان لێ بــکاتەوە
بەتایبـــەت مــەولای ئاخرین پایەم
واسیتەی عیلم‌و عـــەقڵ‌و سەرمایەم
شێخی شێخ‌عومەر سوورەت گوڵباغی
مەشهووری دنیـــا ( ابن القرەداغی )
ئــەو حەقایقەی لەومـــان وەرگرتن
دوایی‌یان نایەت حـــەتتا بە مردن
بەلاغــەو مەنتیق ، هەندەسەو حیساب
بۆ مونازەرەیش ڕیسالەی ئاداب

( تهذيب الكلام ) بۆ ئوسوولی دین
هەتا لە دینا بگەین بە یەقین
بۆ ئوسوولی فیقه ( جمع الجوامع )
ئوسوولی فیقهی ڕەسوولی شافیع
حاشیەی لاری بۆ شەرحی قازی
خواو پێغەمبەریان لێ ببێ ڕازی
( تشريح الافلاك ) ، ڕیسالەی حیساب
( ربعی مجيب ) لەگەڵ ئوستورلاب
چەند عیلمیتریش غەیری ئەمانە
لای ئەو فێریان بووین بەو شێوە جوانە
ئیجازەی پێدام بۆ تەدریسی دین
بۆ زانیاری بە فەقێ بەخشین
سێ نەسیحەتی بەنرخی کردم
کە لە ڕێی ژینا بۆم بوون بە پردم
یەکەم : ڕۆژانە دەرزی فەقێکان
ئامادە بکەم بە دڵو بە گیان
دووهەم : هەر ڕۆژێ کەمە یا زۆرە
موتاڵای فیقهی دینی زەروورە
سێهەم : بسپێرم گشت کاروبارم
بە خوداوەندی پەروەردگارم
هەزارو سێسەد چلوسێی هیجری
ـ بە کۆگای نوور بێ ناو چاڵی قەبری ـ
ئیجازەی دامێ دەرز بڵێمەوە
فەقێ لە دەوری خۆم کۆکەمەوە

بۆ خزمـەت کردن بە زانستو دین
بە شـەرعی پاکی خیر المرسلین
ئەو ئوستادانە ئوستادی ئێمـەن
مایەی تەجەللان لـە ( وادی الأیمن )
لەوانەوە هـات بۆمـان بەرەکەت
بۆمان بوون بە کۆی خەرمـانی ڕەحمەت
نووریان لـە دڵدا ئەدرەوشێتەوە
دڵمان بەو نوورە ڕوون ئەبێتەوە
( رضي الله عنهم اجمعين )
( وعنا بهم مـع الطالبين )

★ ★ ★

سیڕرو حیکمەتی قـەزای خوداوەند
کەس لێی تێناگا مەگـەر هۆشمەند
ئەو هۆشمەندەیش خـاوەن ئیلهامە
واریثی دینی ( خیر الانام )ە
ئەویش خامۆشە لـەم دەنگوباسە
چون کەتمی ئەسرار خاصـەی خەواصە
ئەگـەر ئەتەوێ بژیت بەئارام
لـە قەزای خـودا مەدوە تا ئەنجام
سیڕڕی ئیجابو سەلبی سیفەتی
سیڕڕی تەئسیری وەسفی قودرەتی
نایزانێ مەگـەر ئەوەی خوداوەند
ئیلهامی بـکا یەك لـە هـەزار بەند

کەس حـــاڵی نابێ ئەسراری ئوموور
مەگــەر بە دەرزی ( کاشف الصدور )
ئەوەند بزانە جێی توهمەت نی‌یە
قەزای خوداوەند بێ‌حیکمەت نی‌یە
ئەجزای دەروونی (نامی) ئەناڵێ
بۆ سیرڕی کـــاری ساتێ لـــە ساڵێ
بە خدرو مووسا تەی نابێ باسم
مادەم حیکمەتی قـــەزا ئەناسم

## کەس نەڵێ من بەرزم

برا ، کەس نەڵێ من شەخسێ بەرزم
مـــن پایەدارو سەرۆکی ئەرزم
نەڵێ مـــن خاوەن خێرو پیرۆزیم
من خـــاوەن ڕەحمو خـــاوەن دڵسۆزیم
من سوودم هـــەیە بۆ موسوڵمانان
من هەڵـــکەوتووم بۆ نووری ئیمان
بەو خودا کـــەوا هـــەر خۆی خودایە
پەروەردگاری هـــەموو دنیـــایە
بەو خودا کـــەوا خـــاوەن سیفاتە
بە سەلبو ئیجاب پڕ کەمالاتە
بە بێ‌تەوفیقو یارمەتیی خـــودا
کەس وای لێ نایەت کـــە جیلوە بدا

خانوو تا چرای تیا هەڵنەگیرسێ
ئەسبابی ناومـــاڵ نابینێ کـــەسێ
لەش هـــەتا هێزی هاتوچووی نەبێ
دڵ هـەتا نوورو پڕتەوی نەبێ
چـاو تا پاك نەبێ لـە تۆزو غوبار
گوێ تا پاك نەبێ لـــە ماددەی ژەنـگار
(الحاصل) مەقسوود بێ بوونی ئەسباب
جێبەجێ نابێ بە نەصصی کیتاب
( وآتیناه ) هـــەتا ( سببا )
لەم بارەوە گـەرد لـە دڵ لائەبا
یەکێ تا دەرزێ وەرنەگرێ بە دڵ
نابێ بە زانای تەواوو کامڵ
کەواتە ئەساس لەســەر تەوفیقە
تەیسیری ئەسباب واتەی حەقیقە
تەوفیق وای لەکوێ ، بە قوربانت بم
بە دۆستی ڕاستی میهرەبانت بم
بێ بەلامـــەوە دەس کەرە ملم
بەڵـکو داگیرسێ چـــرای مەنزڵم
بەڵێ نیشانەی تەوفیق گەلێکە
کـاتو شوێنەوار وێنـەی هەلێکە
ڕەفیقو موحیت ، زرووفو ژیوار
ئینسان ئەبەنە پایەی بەختیـــار
کـاتێ خواستی بوو خودا بۆ ئەمـــان
ئەمانـکا بە جێی ئەمـــانو ئیمان

یەکـەم ئەسباب و هۆی بەختیاری
دۆستیی پاکـانە بە خۆش کرداری
ڕەفیقیی چاکـان مەکینەی حەقــە
کێ کەوتە بەری باش مووەففەقە
پارچـە گڵێ بوو (نامی) لـە چیـا
ڕێبواری ڕێـگا ئەچوو بەسەریا
تەوفیق وا کردی بە گڵی گوڵدان
پێی ڕازاندەوە مەجلیسی یاران

## حیکمەتی بالیغە

حیکمەی بالیغەی پەروەردگارە
ئەم کائیناتی شیرین دیدارە
مەعدەنی دنیـــات حەیوان و ئینسان
هـــەموو بەڕێزن بۆ ڕیزی خۆیان
خـاوەن ئافاقن بە پایەی ئاسار
هەرکام ئوفوقێ بۆی درا قـەرار
( وان من شیئ الا یسبح
بحمد ربه ) ئایەتی فەسیح
هەرکەس کارێـکی بۆ دامـەزراوە
لەگەڵیـا ئەژی هـــەتاکو مـاوە
کـان و گیـاو دار ، گیانلەبەرەکان
کێوی یا مـاڵی یا نەوعی ئینسان

فریشته بۆ فەڕ بۆ ذیکری خودا
بۆ فەرمـان کردن لەسەر ماسیوا
پەری بۆ کـاری سەلبیو ئیجابی
چ بە مەوهەبە چ ئیکتیسابی
تایبـەتی ئینسان نەوعێکی وایە
سەرگەردانە بۆی عەقڵی بەمـایە
( انی أعلم مـا لا تعلمون )
وەربگرەو لە خوای خۆت بە مەمنوون
هەرکـام ئیلهامی کارێکی کرا
هەرکەس بۆ کـارێ دەسنیشان کرا
هەرکـام وەزیفـەی خۆی بەجێ دێنێ
بە یارمـەتیی حـەق قـەت دانامێنێ
ڕەگەزی ئینسان لـە دوو ئەسڵی بەرز
دروست کراوەو کەوتۆتە سەر ئەرز :
نووری فریشتەو ماددەی حەیوانی
جـا کـەوتە کردار بەپێی ئینسانی
ئەگـەر مـایل بوو بۆ لای فریشتە
بزانن بەرزەو جێگەی بەهەشتە
ئەگـەر تالیب بوو لەبۆ حـەیوانی
کاریوا ئەکـا یاخـوا نەیزانی
لـە دڕندەو دێـو بەدترەو زیاتـر
لـە جنۆکەی بێدین ڕەشو سیاتر
شێتەو زیانەوەر ، دووپشکە ، مـارە
وەحشی کێوانە ، دڕندەی هـارە

ئینسان سەر ببڕێو بیشبیرژێنێ
لـەم کـارە بەدە هیچ دانامێنێ
دڕندەی کێوی هـــەر یەك بە بارێ
ئەدەن بە عالـەم ئێش‌و ئازارێ
ئینسان ئەنواعی ئازاری هــەیە
ئازاری وەهــا حیسابی نی‌یە
تەبعی ناباری تەعلیم دراوە
بۆ ئازاری خــەڵك دیاری کراوە
ئەم خوڵقە شـەڕە وا لەگەڵیانا
پەل ڕائەکێشێ لەگــەڵ زەمانا
تا دەستی ئەڕوا بۆ دەسدرێژی
سڕەو بێ‌کارە لەبەر سەرگێژی
کاتێ بەدەس بوو ئەکەوێتە کار
مشکەو دووپشکەو بەرازەو ڕەشمار
خــودا لامــاندە لــەم خوڵقە بەدە
بۆ فرمانی‌وا دەسمان پێ مــەدە
( عــدم القــدرة عصمة ) ڕاســە
(نامی) بەسی بێ ئەم دەنگوباسە

## فام پێویستە

برا ، پێویستە ئێمــە بفامین
وەکوو کاروانی چــەرخی ئەیامین

جیهانیش وێنەی کاروان سەرایە
هەر هاتوچووە هەتا هەتایە
هەر چینێ چەند ڕۆژ تیایا ئەمێنێ
ئەوجا نیەتی کۆچی لێ دێنێ
ئەو زەنگ‌و دەنگە ، ئەو هەراو سەدا
ئەمڕۆ دیارن ، نامێنن فەردا
سبەی نە دەنگەو نە ڕەنگەو نە بۆ
نە باسی منەو نە تاریفی تۆ
بەڵکو ئەوانەی لەپاش ئێمە دێن
کە خاوەن ماڵ‌و خاوەن ڕێگەو جێن
بەدەگمەن مێژووی ئەم چینە ئاگان
هەموو مەشغووڵی ئوموری دنیان
مەبەست مەشغووڵن بە کاری خۆیان
نایەتە دڵیان باسی پێشینان
مادەم وەهایە ئەو کەسەی چاکە
چەرخی خۆی ئەکا بەو چەرخە تاکە
کاری‌وا ئەکا لە ڕێگەو بانا
خێری بمێنێ لە ڕووی جیهانا
دنیا دنیایە بۆ فرمان کردن
ئەبی جیاواز بێ لە حاڵی مردن
ئەو پارچە کە لەو ئەمێنێتەوە
خەڵکی بە قازانج ئەیسێنێتەوە
ئەمەیە دنیاو ئەحواڵی ئینسان
گەر سوودمەندە یاخود بە زیان

هەرکەس دەفتەری خۆی ئەکاتە مل
مەسئوولە لـە خۆی عاطیل یا عامیل
ئینجا هەرکەسێ خـــۆیو ڕەفیقی
هەرکەسێ خۆیو بەهرەی تەوفیقی
ئەوەندە هـــەیە ئـەبێ بزانن
ئینسانو هـــاوڕێ دوو هاومیزانن
سیاچارەیە هـــاوڕێی نالایق
خاوەن بەهرەیە ڕەفیقی صادیق
خوا ئەڵێ : « کونوا مـع الصادقین »
لەگـەڵ صادیقان ئەبنـــە موتتەقین
(نامی) ناناڵێ بە پایەو مـــایە
مەگـەر بە تـکای شای خاوەن سایە

★ ★ ★

بۆیە ئـەم دنیـــا وێنـــەی دەریایە
ئینسانی تێـکەوت ئیتر دەرنایە
تێ ناگـــا هـــەتا ئەکەوێتـە ناو
چونـکە ئەترافی نابینێ بە چـــاو
جاذیبەی زیاتر لـــە کارەبایە
موغری یاتەکەی بێ ئینتیهایە
دارایی‌و ماڵە ، جاهـــەو پایەیە
ئارەزووی نەفسی ناکارامەیە
دێ ڕاتئەکێشێ بەقـــەد پێویستی
باش ئەو میقـــدارە بەووۆ ناوەستی

ئەتخاتە سەر ڕێی هەواپەرستی
بە پلە ئەڕۆی بۆ خۆپەرستی
جا خۆپەرستی بەرەو پەستی یە
کە پەستی داهات نۆرەی مەستی یە
کاتێ سەرخۆش بووی بێ ئاگا ئەبی
پاپایی ناکەی بە شەرعی نەبی
ئەمجارە بە دڵ دێتە سەر سەما
لە خاك دەرئەچی ئەڕۆی بۆ سەما
بەینێ بە سەیران لەسەر ڕۆژگار
ئەمێنیتەوە بێ ئێش و ئازار
جا بە کتووپڕ ئەکەویتە خوار
بێ کەس و بێ دەس بێ دۆست و بێ یار
ئەوەند ئەم باسە بەراورد کرا
لە شەوا دیارە بێ شەوقی چرا
ئەمجار تێ ئەگەی کە دنیای دەنی
زۆر بێ وەفایە مەخسووس بۆ غەنی
یەعنی دوژمنە لە بەرگی دۆسا
ڕەقست پێ ئەکا لە کاتی کۆسا
دەست و پێ بڕە کاتی دەسبۆسی
سەریشت ئەبڕێ کاتی سەر لووسی
بەرەوڕوو خەندە بە لێوی نازار
کە پشتی هەڵکرد هەر ئێشە و ئازار
بۆیە فەرموویە شای خاوەن بەها
دنیا مەلعوونە خۆی و ( ما فیها )

مەگـەر ئەوەندەی ذیـکری خودایە
یا عیلمو تەعلیم لـەلای زانایە
سەرەتای خـەندەو ئەنجـامی پەندە
گیرۆدەی دنیـا هـەر دەردمەندە
بەڵام مـــن چیبـکەم لـە فەرامۆشی
ئازار لەیادچوون لە کاتی خۆشی
(نامی) لـــە داخی دنیـــای بێپەروا
وەختــە ســەری خۆی هەڵـگرێو بڕوا
هـەی داد هەندێ شت سەر ئەسووڕێنێ
هـا وەختــە ئینسان خۆی بدۆڕێنێ
ئینسان لـە ئادەم ، ئادەم لـە خاکـە
خاکیش ئەسڵێـکی خاوێـنو پـاکـە
بۆچی هەندێ کەس پایەی وا پەستە
هەندێکیش باڵای بەرزی مەبەستە
ئەگـەر پێمئەڵێی ئەسـباب ئەیگۆڕێ
ئەم دنیـا لەسـەر ئەسباب ئەسووڕێ
ئەڵێم دەی بۆچی چـەند کەسی خـاوێن
خـاوەن عـەقڵو هۆش ، پاکیزە داوێن
ئەڕۆن ئەخوێنن لـــە دانشگادا
موراقیبی حـــاڵ لـە گـاو ناگادا
دەرز هـــەر یەك دەرزە ، بابیش یەك بابە
گـەر هەندەسەیە ، وەگـەر حیسابە
هەموویش تێئەگەن لـە دەرزی ئوستاد
لـە تەعلیلاتو تەتبیقو ئیرشـاد

کـەچی هەندێکیان دەرئەچن بە بۆش
لە بۆش سووکترن بە میزانی هۆش
بەعزێکیان پڕن لـە عیلمو زانست
لێیشی زیاد ئەکـەن بەگوێرەی پێویست
هـەندێ بە خوڵقو ڕەوشتی مـەردی
هـەندێ بە یاسـای سەرسەری گەردی
هەندێکیان ڕووناك بە وێنـەی قەبەس
مەزهەرن لەبۆ پایەی موقەددەس
ئەگـەر پێم‌ئەڵێن زەمـــانو مەکان
عەلاقەدارن بەقـەدەر ئیمـکان
هەر یەك قاڵـبێ هەڵئەسووڕێ بـۆی
بەو وێنـە هـەیئەت دەرئەچێ لەبۆی
ئەڵێم زۆرم دی ئەولادی بابی
بە شیری دایـکی عـالی جەنابی
کـەچی هەندێکیان ئەڕۆن بـە لاری
هەندێکیان لەسـەر ڕاستیو هوشیاری
مـــن وائەزانم ، باوەڕم وایە
لەسـەر ئیستیعداد دەرئەچێ پایە
ئیستیعداد یەعنی شاکیلەی ئینسان
هەندێ بۆ شەڕەو ، هەندێ بۆ ئیحسان
هەموو فەردێـکیش ئەشێ بە حیساب
بۆ سەلبو ئیجاب ، بۆ حوکمو خیتاب
بەڵام هەندێ‌کەس مەعلوومە کەوا
ئەکەوێتە بەر ئەڵـتافی خودا

هەندێکیش ئەمەی بۆ هەڵناکەوێ
بە خوا خۆیشیەتی چیی بوێو نەوێ
حەقی خۆیەتی گەر لوتف ئەنوێنێ
لێیشی ناگیرێ گەر بیشکێنێ
(نامی) لەم شوێنا بەمە زانایە
حوکم هەر لە لای خوای تەعالایە

## پێویستە ئینسان بفامێ

پێویستە ئینسان کە هاتە سەر دەور
بوو بە شایستەی حوکمی عەدلو جەور
بوو بە فەرماندار لەبۆ هەندێ کار
لەسەر چەند کەسێ کرا بە سەردار
یا دەوڵەمەند بوو بە ماڵی دنیا
لە مایەو سایە بە لوتفی خودا
بفامێ بۆخۆی ، بزانێ کێیە
خەڵکی کام شوێنەو ئەهلی کام دێیە
حەلیم بێ بە حاڵ بۆ برادەران
ڕووی خۆی تاڵ نەکاو چارەی خۆی گران
هەڵنەچێ وەکوو کەفی دیزەی ڕەش
نەبێ بە مایەی فیتنەو غەلو غەش
نەبێ بە مایەی باری بەدبەختی
نەبێ بە سەبەب بۆ ساردیو سەختی
بیربکاتەوە بەقەد حاڵی خۆی
تۆزێ بڕوانێ بۆ مەئالی خۆی

کـاریٚ وا نەکـا پاش ئەوەی ئەمریٚ
لەناو دۆزەخـا جیٚـگەی خۆی بـگریٚ
ڕەحمیٚ ، ئینسافیٚ ، بیریٚ ، ویژدانیٚ
سوپاسیٚکی حـەق ، هیٚزی ئیمـانیٚ
کـەمیٚ حوقووقی خـوای پەروەردگار
بیٚنیٚتە بەرچـاو لەبۆ ئیعتیبار
تا هاومـاڵانی ئاسـوودە دڵ بن
هیٚمن دەروون بن ، دوور لـە موشکوڵ بن
مـن لەلام وایـە بەڵا سـەد بەشە
نەوەدی لەسـەر ناوچـاوی ڕەشـە
تاڵیی ڕوخسارو تاڵیی گوفتـاری
ئەبن بە مـایە بۆ گروفتـاری
ئەغڵەب ئەمیشە لەسـەر هـەوایە
هـەوا غوروورەو ئینتیهای نایە
غوروور بایی‌بوون ، شیٚوەی شەیتانە
لـە خـۆ بایی‌بوو لەکویٚ ئینسانە
سـەد (سبحان الله) لـەم بنیادەمـە
چـەند بلیمەتەو چـەندە زاڵمە
نە خۆی ئەناسیٚو نە خـوا ئەناسیٚ
نە لەسـەر نیعمـەت ئەکـا سوپاسیٚ
هـەر ساتیٚ تیٚر بیٚ ئەڕوا بۆ فـەلەك
ناگەڕیٚتـەوە بۆ پایەی مەلەك
شـایە ، ئەمیرە ، خـاوەن دەفتـەرە
دنیـا لەلایا ئەمسەرەوسەرە

کە لێشی قەومـا بە سەختیی ئەحواڵ
ئەگری‌و ئەناڵێ هـەروەکوو منـاڵ
ئەمتـە لـە چی‌یەو ، ئەوەت لـە چی بوو
بۆ ئەوسا ئەمەت لـــە بیر ڕەویبوو
(نامی) ئەناڵێ بەدەم دەردەوە
تا ئەچێتە لای سەنـگی سەردەوە

★ ★ ★

ئەزانێ بە حـــەق ئەوەی هوشیارە
دنیـــا ماڵێـکی دەروازەدارە
دوو دەرگـای هـەیە یەکەم بۆ نەفسە
نەفسیش ئەزانن مـایل بە نەقسە
کـــە ڕۆیشتە ژوور ئەبینێ دنیـــا
سەری دیار نی‌یە بە وێنـەی دەریا
پڕە لـــە خۆشی‌و ئارەزووی نەفسی
لـە پایەو مـایەو ئارەزووی جینسی
لە جاەو شەوکەت ، لـە ڕێی سەرداری ،
لـە هیـوای درێژ بۆ پایەداری
تەماشا ئەکـــا لەم‌لاو لەولاوە
هەرکەس ئەبینێ مەشغووڵی ڕاوە
ئەمیش وەك ئەوان دەس‌ئەکا بە ڕاو
دەستێ بۆ کـــەوان ، دەستێکی بۆ داو
ئیتر مەپرســە کەشمەکەشێکە
ئازا ئەوەیە خـــاوەن بەشێکە

هەرکەس بەشی باش ئەخـــاتە دەستی
نیسبەتی ئەدەن لـــە دوونیو پەستی
بردنەو خواردن ، گرتنـــەو کوشتن
هەموو جەسوورن لەسەر خوێن ڕشتن
بێجگە لـە مەکرو لـە حیلەبازی
لـە غەش ، لـە دزیو کاری جانبازی
بە هـەر بارێـکا کـە بـگونجێ بۆی
ئەکەوێتـە سـەر هـەوای نەفسی خۆی
هەروەها ئەڕواو سـەر سپی ئەکا
شـــەوو ڕۆژ هـــەروا کاسبی ئەکا
جـا بە تەوژمی دەردی لەرزو تێ
نەخۆش ئەکـەوێو ئەکەوێ لـــە جێ
گیـــانی دەرئەچێ بـە هەناسەی سـەرد
ڕایەخی لـــە خاك ، سەرینی لە بەرد
دەرگـای دووهـەمی بۆ ڕۆحی پاکـە
قاپیی ڕەحمـــەتی خالیقی تاکـــە
قاپیی تەربی‌یەو تەمێی ئینسانە
مەدرەسەی عەقڵو عیلمو ئیحسانە
قاپیی ئیتاعـەی خـودای عالەمە
قاپیی شەریعـەی دینی خاتەمـــە
تەماشـا ئەکـا پڕە لـــە دۆسان
دۆسانی ساغی مائیل بە ئیحسان
مەجلیسی یاران پڕە لـــە شوعوور
دەماغ پڕ ئەکا لـە نەفحەی عوتوور

باش ڕائەبوێرێ لەگـەڵ یارانا
جوانە وەکوو گوڵ لـــە بەهارانا
سەد ساڵ بمێنێ هــەر وەك ساتێــکە
هـــەر ساتێ کـــاتی بەرەکاتێــکە
کــە لاکاتەوە بۆ لای کەسبی مـــاڵ
ڕووئەکاتە لای جێــگەی کشتوکاڵ
یا باغو بێستان پڕ گوڵو گوڵزار
ئەشێ بە پایەی ئومـــەرای کیبار
یا بۆ لای دووکان بۆ بازرگانی
دە جــار سوود دێنێو جـــارێ زیانی
یا بۆ لای کاریتری بەحورمەت
قازانجی تیـــابێ بۆ خۆیو ئوممــەت
دەرامەتەکەی لـــە ڕێی خـــودادا
ئەبەخشێتەوە بە فوقەرادا
یا بۆ مزگەوتو مەدرەسەی خـــاوێن
لەبۆ مامۆستا لــە ســەر تا داوێن
چینێ پێ‌ئەگا لـــە زانای ئیسلام
وەکوو فریشتەی لایق بە ئیــکرام
هـــەموو ڕەهبەر بن بۆ موسوڵمانان
هـــەموو دڵبەر بن بۆ ئەهلی ئیمان
کــاتێ کــە عومری هــاتە ئینتیها
فریشتەی بۆ دێ بە قـــەدرو بەهـــا

ڕۆحــە پاکەکەی ئەبەن بۆ فــەلەك
ئەبێ بە هاوڕێی ئەفرادی مەلەك

★ ★ ★

جـــا بێینە سەیری ئەم دوو دەروازە
هەردوویان بۆ عـــام هەمیشە وازە
یەویانا بڕوا حـــاڵی بەدحـــاڵە
یەمیـانا بڕوا مـــایەی کەماڵە
ئەوەی ئەفامێو تێ ئەگا لـە حـەق
جیائەکاتەوە عاقڵ لـــە ئەحمەق
ئەزانێ دنیـــا لـەبۆ ئینسانە
بۆ ئەوکەسەیە خـــاوەن ئیحسانە
ئەرنا نەك ساڵێ ، لـە سـەد تا هـەزار
یاخـــود ملیۆنێ یاخـود بە ملیـار
ئینسان بمێنێ لەســەر بەدحاڵی
کامـەتە قـەدریو کامـە کەماڵی
غەیری خواردنو نووستنی حەیوان
کـە زۆر ئاسانە بۆ وەحشی کێوان

★ ★ ★

لـــە خودام ئەوێ بە سیرڕی ڕەحمـەت
کـەوا ڕەسایە بۆ هــەموو ئوممەت
بمانخاتە سـەر ڕێی دەرگای ئینسان
تا نائیل ببین بـە مـــایەی ئیحسان
لـە دنیـــای ژینـا بە سەرفرازی
بـگەینە مـــایەو پایەی شانازی

(نامی) بە ناوی ڕەسوولی ڕەهبەر
بمێنێو بمرێو بڕوا بۆ مەحشەر
کاکە ئەم دنیا سارای سەیرانە
لە سەیرانەکەیش ئینسان حەیرانە
ئەڕوانێ لەبۆ گیانلەبەرەکان
بنیادەم ، حەیوان ، وەحشی کێوەکان
پەلەوەر لە سەر ، ماسی لە دەریا
هەر کام هەر بەرگێ هەیە لەبەریا
وان لەناو هەراو شۆرو غەوغادا
چ لە وشکانا ، چ لە دەریادا
نەهەنگێ هەزار ماسی قووت ئەدا
واشە هەزاران پەلەوەر ئەبا
هەر دڕندەیەو گیانلەبەر ئەگرێ
نەك جارێ بەڵکو هەتاکو ئەمرێ
هەروا ئینسانە ئەدا لە ئینسان
نێكو بەد لەلای چون یەکەو یەکسان
هەرکەس دەستێکی بێ لە کارا
ئەڵێی دوژمنە لە کارزارا
هەر سەربڕینەو کوشتنو بڕین
تیر هاویشتنەو کینەو تانەو قین
بەکورتی جیهان وەك شێتخانەیە
هەرکەس لەوی‌تر بە بەهانەیە
هەزار خانەدان دران بە بادا
هەزار بارەگا چوو بە هەوادا

هـەزاران کـەسی لێهاتووی هوشیار
بە زۆری زۆردار هەڵبەسران لـە دار
هـەزاران لاتی بێ‌کەس‌و بێ‌دەس
فـەوتان بە سزا بۆ هـــەواو هەوەس
چی‌یە ئەم دنیـــا ، لەبەرچی وایە ؟
تۆ بڵێ ، کـام سڕ لـەم کارەدایە ؟
کاکـە پێت‌ئەڵێم جیهـــان جوانە
دادگای زاتی خـودای مەننـانە
خودا زاتێـکە زیندووەو زانا
بیناو شنەوا ، گۆیاو توانا
دەستووری هـــەیە دەستورێ ڕەسا
بۆ گیانلەبەران ، ئێستا یا ئەوســـا
ئادەمی‌و حـەیوان لە هـەموو جۆرێ
باڵدارو بێ‌باڵ ، گشت زەردو بۆرێ
جـارێ واز بێنــە لـە غەیری ئینسان
کـاریان وا لەلای خالیقی مەننـــان
بێ تەماشاکە لەبۆ ئادەمی
لـە هـەر بابەتێ لـــە ناسالمی
بە دەستووری حـەق وان لـە ژیانا
حەقیان چۆن هەبێ دێ لـــە عەیانا
یا لـــە دنیـــادا دایێ بەسـەریا
یا لـەو دنیـادا کـە وا لەبەریا
هـەر ستەمکارێ کـــارێ بەد بـکا
ڕەقـەمی هـــەیە یەك لەلای یەکا

چەندێکمان بینی ئینسانی نامـــەرد
مرد بە ئازارو بە ئێش‌و بە دەرد
ئەو زاتە کـــەوا تاك‌و تەنیایە
یاســای داناوە بۆ ئەم دنیـــایە
مسقاڵە زەڕەی گوم نابێ لــــە زات
ئاگادارە ئەو لـــە گشت کائینات
هــەقی حەیوانێ کۆڵ‌و دامـــاوە
ئەسێنێ لـەوەی قۆچی لێ داوە
نەهەنگ‌و ماسی ، مــــارە یا گـەژدم
بەرازە یا شێر ، جیننە یا مـەردوم
یەك یەك حیسابیان لەگـەڵدا ئەکرێ
هــەموو شت جەزای ڕاستی وەرئەگرێ
ئیتر باوەڕت گـــەر هـەیە بە خوا
بەو شـەرعە پاکـەی بە حـەق دانرا
بە حــەق ئەزانی کــــە حــەق ناسووتێ
زۆری پێ ئەچێ بەڵام نافـەوتێ
بەڵام ئینسانێ بێتـە سـەر عـەناد
مـەر خـودا بیبا بۆ سـەر ڕێی ڕەشاد
ئەم باسـە بە حــەق دوورو درێژە
گــەلێ مەســافەی نابارو لێژە
بۆ ئەوە ناشێ مرۆیەکی شـــەل
بەســەریا بڕوا هـــەروا پەلەپەل
(نامی) تۆمـاری نامـەی خۆی تەی‌کرد
چاکـەو خراپە ، چیی کرد هەمووی برد

# ئارامیی دنیا لەسەر نیزامە

ئارامیی دنیـــا لەســەر نیزامـە
دنیـای بێنیزام دۆزەخی عامـــە
کـــە نیزام نەبوو دنیـــا فووزایە
کەس کەس ناناسێ ، هــەراو غەوغایە
(فووزا) ـ بۆری بێ (فێ)کەی ـ مەسدەرە
مەسـدەری کـاری بێ سەروبەرە
(معتل العین)ە ، چـــاوی نەخۆشە
عەینەن بە وێنــەی شەخسی بێهۆشە
(مقصور اللام)ە ، کورتە باڵایە
مـایەی میحنەتو دەردو بەڵایە
بنەمــــای فووزا لـــە نەزانینە
لەســەر غورووری هـــەوای بێدینە
ئەوەی نەزان بێ کـــەللەی بایی‌یە
دوور لـــە ڕێوبانی ئاشنایی‌یە
بە جــەهلو غورور ئینسانی بەدبەخت
سەری خۆی ئەدا لـە بەردی سەرسەخت
جەهــلو غورووری بەنی‌ئادەمە
سەرچاوەی دەردی هـــەموو عالەمە
هــەر ئەم دوو دەردەن لـــە ڕووی دنیـــادا
ڕەحــەتیی بەشــەر ئەدەن بە بادا
ئینسانی بایی ژیواری بایە
کەللەی کوولەکەی پڕ لــە هــەوایە

★ ★ ★

بزانن یاساو نیزام بە یەقین
یەکێ بۆ دنیاو یەکێ لەبۆ دین
یاسای دنیایی بۆ ژینی مەخلووق
بۆ پاراستنی شەرەفو حوقووق
یاسای دین لەبۆ ئیمان بە غەیبە
ئیتاعەی خودای پاکی بێعەیبە
بۆ پێوەندی دڵ لەلای خوداوە
بزانێ خودا حازرە بەلاوە
جا ئەمانەتی عالەم ڕائەگرێ
نەفسو ناموسی کەس داناگرێ
ئەمینو ئەمان بە ناموسو ڕۆح
خاوەن ویژدانو دڵ پڕ لە فوتووح
ئەوەند مسقاڵێ خەیانەت ناکا
ئەیەوێ لە دەس خەیانەت ڕاکا
بێ نیزامی دین ئەم حاڵە نابێ
بێ یەقین یەقین ئەمانەت نابێ
باش دەرئەکەوێ بۆ ئینسانی ژیر
فەرزە دینداری بۆ شاو بۆ وەزیر
نیزامی جیهان بە دینەو دنیا
ئەمە ئەزانێ ئینسانی وریا
(نامی) دەستێکیوا بە دنیاوە
ئەو دەستەکەیشی بە دینی خواوە

## دەرمانی دڵەی ...

دەرمـانی دڵـەی پڕ دەردو ئێشم
سامانی گڵەی پڕ خـارو نێشم
هـەر وەسڵی تۆیە لـە ڕۆژگارا
هـەر مەیلی تۆیە بۆ مـــن لە کارا
دنیـا چۆڵێـکە وەحشەتـگای گیانە
پڕ لـــە ئازارە ، دژی ژیانە
بێ باڵای لەیلای پڕ نەخش‌و نیـگار
دنیـا بەڵایە ، زینهـار سـەد زینهار
جیلوەی جیهـانم لە دیاری‌و پەنهـان
لەسەر خۆشی‌یە بۆ دڵی ئینسان
دیدەی پڕ ئێشم بێ ماوەی ویساڵ
ئارام بوونەوەی مەحـــاڵە مەحـــاڵ
سینەم مەنجەڵی پڕ جۆش‌و تاوە
کەللەم مەسینەی حـەوت جۆشی ئاوە
سـا دۆستی گیـانی دەستێکت بێنە
گیـانی شیرینم لـە مـن بستێنە
ئەو دەستەی ئەیدەی لـە جەستەی خەستەم
دەوایە بۆ زام کـەوەمار گەستەم
ڕۆحی ڕەوانم مـاوای خۆش مەکان
بۆ دامـاو نی‌یە لـــە دەوری ئیمکان

بێ تەبیبی حـــاڵ زانا بە دەردم
بێ دەرمـان بـکا سینەکەی سـەردم
مەشرەب مەسیحای مردوو زیندووکەر
عەرەب کەرامەت ، ئەدەب موعتەبەر
تۆزێ لـە تۆزی ڕێـگەی ئیسراکەی
گـەردێ لـە گـەردی مەلەك سیماکەی
بێنێو بیکاتە پێڵووی چاوی دڵ ،
قەتشیفام نایێ تا ئەچمـە ژێر گڵ
سـا ئەی دڵبـەری دڵداری عالەم
ئەی تەبیبەکەی ئازارو ئەلەم
بێ ، دڵەی تەنـــگم بلاوێنەوە
گـەردی سـەر دڵم بڕەوێنـەوە
بەڵـکو ساکن بێ دەروون لە ئازار
ئەم دنیـا ڕەشـەم ببێ بە گوڵزار
بەو حاڵە بژیم لـە ڕووی جیهانا
بەستەی خۆم بڵێم لـە گشت مەیدانا
بمرم بە شـەوقی لیقـای دڵدارم
گۆڕ ببێ بە جێی گوڵو گوڵزارم
کە لە کۆڕ دەرچووم ، ڕووم کردە مەحشەر
ذیکرم (یا دۆس) بێو نیدام (یا دڵبەر)
(نامی) بەمجۆرە بژی تا ئەمرێ
یەعنی بە خۆشی جێگەی خۆی بـگرێ

# یاسا گۆڕان لە دنیادا

یاسای خودایە لەسەر ڕووی جیهان
چ بە زاهیر بێ یاخود لە پەنهان
کاتێ کە ویستی کردارێ بکا
ئەسبابەکانی ئامادە ئەکا
کە ویستی چەرخی ئاخری بێنێ
چەند کاری غەریب بۆ عام ئەنوێنێ
عالەم سڕ ئەکا لەو کارە کە بوو
وێنەی وێرانەی ماوای کوندەبوو

★ ★ ★

کە چەرخێکی‌تر بێنێتە ڕووی کار
دڵی عالەمی بۆ دێتە ژێر بار
دڵی پیرەکان لەبۆی دێتە جۆش
چجایێ جوانی سەربەستی سەرخۆش
نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە
ئەم باسەی کردم بۆت ڕوون‌کەمەوە
سەرەتای سەدەی ئیستای بیستەمین
کەوتنە تەقەلا ئەهلی ڕووی زەمین
کەوتنەڕێ بەرەو خاکی ڕۆژاوا
بە هیوای چوونە ڕیزی عولەما
بەڵام ئەنجامی هیوایان وابوو
هیوایێ بوویان زۆری هەوا بوو

ڕۆڵـەی ناسـکی پاکی موسوڵمان
کەوتنە سـەر خوڵقی ئەورووپایی‌یان
ماوەیەکی زۆر لـەوێ مـانەوە
لەسەر هەوای نەفس پاش حەسانەوە
بۆیان ڕێ‌خستن ئەسبابی هـەوا
بە هـەموو بارێ لـە ڕۆژو شـەوا
لـە ڕێی ئیسلامی دەرچوون بەئەغلەب
غەیری یاسای دین کرا بە مەتڵەب
کاتێ شەهادەی دەرچوونیان پێ‌دان
بـەو شەهادەوە هاتنـەوە لامـان
لایاندا لـە ڕێی ئوسووڵی ئیسلام
کەوتنـە گۆڕینی ئەفـکاری عـەوام
کۆمەڵیان دانا لـەبۆ پێشکەوتن
هـەتا هەموویان لـە حەق پاش‌کەوتن
ڕشتەی مەحکەمی یەکێتی بڕا
پەردەی ئیعتیصام تەواوی دڕا
بە دەستی ئەمـان مەبەستی دوژمن
باش جێ‌بەجێ بوو زاهیرو باتین
نیزامو نەزمی قـەدیمی نەمـا
کۆشکی پایـندەی جارانمان ڕمـا
کافر لەسەرمان تەواوی زاڵ بوو
بە وەستای مێشکی گـەورەو مناڵ بوو
دەوڵـەتی ئیسلام شەوکـەتی بڕا
ئاگری جەنـگی یەکـەم هەڵـگرا

چوار ساڵ ڕووی جیهان بوو بە تۆزو گەرد
ئاگر بەربووە شیوو دەشتو هـــەرد
بەشــەر مــاندوو بوون لــە زۆریی کوشتار
لــە قاتوقڕیو وێرانیی دێو شار
گرانی داکــەوت لــە هــەموو لایە
لــە سەدی پەنجای خەڵك چوون بە زایە
کـــە لەئەنجاما شــەڕ بڕایەوە
چــەرخی ئەورووپا هـــاتە کایەوە
خـــاکی ئیسلامی داگرت سەراسەر
هــەر یەك بەجۆرێ بەشێکی دا بەر
بە ئارەزووی خــۆی گــەورەی بۆ دانا
لەگــەڵ مامۆستاو کارگێڕی توانا
ئەمجــار بە تەدریج بە پلە پلە
کەوتنــە تەفرەدان قــەومی جەهەلە
یەکەم یاسایان گۆڕینی تەعلیم
وا کــە کز ببێ ئیمـــانو تەسلیم
لەبۆ نەمـــانی ئادابی ئەوســا
لیباسیان گۆڕی بە هیی ئەورووپا
سەر ڕووتو مل ڕووت ، قاچو قول گشت ڕووت
پێی هــەزاران گــەنج بەوە هەڵەنگووت
چاکەتو پانتۆڵ تەنگ بوون بەجارێ
ڕوکووعو سوجوود بوون بە ئازارێ
نازانن سەر ڕووت نوێژی مەکرووهە
تەقلیدەکەیشیان کارێ مەشبووهە

بەرگێ قـەوارەی لەش بخاتە ڕوو
نوێژی مەکرووهە ، دایماڵە زۆر زوو

★ ★ ★

دانشگا گۆڕان بە یاسای ئەوان
یاسای دانشگای قەدیمی نەمان
بە چەند چینی جوان زێباو نازەنین
کوڕانو کچان بوون بە یاسابین
ئیهمالی دەرزی عیلمی دین کرا
لە سەدا دەی ما ، ئەوی لابرا
ئیهمالی تەتبیق بۆ عولوومی دین
بوو بە عادەتی هەموو موسلیمین
تا چینێکیوا نەفسو هەوا خوا
هاتنـــە ڕووی دنیا لـە دین بێئاگا
ئەوەند جەسوور بوون بێشەرمو شکۆ
بەرانبــەر بە دین دایانە درۆ
بەربوونە ئەحکام بۆ وێران کردن
فەوتانی دینیان باش خستە گەردن
بە قسەی زلو قـەبەو بێمەعنا
قیمـەتێ نەمـــا بۆ پیـــاوی زانا
پاشان بە مـاوەی چەند ساڵێکی کەم
چینێتر دەرکەوت بۆخۆی خاترجەم
بوون بە دزدەسەك بۆ عـەدووی ئیسلام
نە ئەسڵیان ڕاگرت نە فـــەرعی ئەحکام

بۆ زاناکانیش لەقەبیـــان دانا
بەســەر زمـــانی بێگانەکانا
هەتا ناوەکەیش خاوەن هەیبەت بێ
زاناکـــە زۆرتر بەئەهمیەت بێ
وەهایان گۆڕی یاسا بە ناحەق
نەزان زانایەو زانامان ئەحمەق
ئێستە ئەڕوانی ئەمسەر تا ئەوسەر
نایابە زانای لـــە دین باخـــەبەر
نوێژەکان مـاون بە بێ هێزو گیان
قورئان دامـــاوە لـە دەستی نەزان

★ ★ ★

جـــا ئیتر پەنا هەر پەنای خـــوایە
هەر خۆی خالیقی هـــەموو دنیایە
بە دەستی ئەوە قـەبزو بەستی کار
لای ئەوە پایەی عـەونو ئیعتیبار
چون نائومێدی نەی لێکراوە
ئینسان نائومێد نەبێ تا مـــاوە
ئیمانم وایە خـــوا بە مەرحەمەت
هێز بداتەوە بە هێزو هیممەت
پێویستی ئیسلام ســـەبر کردنە
یەعنی حوقووقی حـــەق ڕاگرتنە
ئەڵبەتە ئێمـــە زۆر بێحوقووق بووین
بۆ دایەی ئیسلام خاوەن عوقووق بووین

بۆیه وا خـودا سەرکزی کردین
لەناو عالەمـــا ناچیزی کردین
هــەر خودا ڕاستەو هـــەر ئەو ڕاس ئەکا
هەرکەسێ بۆ خۆی ئیتر باس ئەکا
لەلایێکەوە لا بـکەیتەوە
چوار چێوەی تەئریخ ناگەڕێتەوە
بەپێی ئەم ڕۆژە فــەرزە هەڵسووڕێین
شێوەی تەربی‌یەی منال بگۆڕین
ناو ماڵی خۆمـــان وەکوو مەدرەسە
مامۆستا بێنین بە بێ وەسوەسە
حەفتەیێ شــەوێ ، سێ مانگ لە ساڵێ
دەرزی دین بڵێین بە گشت منالێ
ئەخلاقی زاتی پاکی پێغەمبەر
دەربخەین بۆیان ئەبن بە بەشەر
(نامی) ئەیەوێ بەگوێرەی عادەت
منداڵ بخـاتە سەر ڕێی عیبادەت
(سَنة الله)یەو یاسـای خودایە
هــەرچی ڕووئەدا لەم ڕووی دنیـایە
لەسەر ئەسبابە ، هوشیار ئەزانێ
بێ سەبەب کارێ ناکرێ هیچ ئانێ
خەرمانی کۆکۆ لــە هۆهۆی گـایە
لــە باو بارانەو لــە شنەی بایە
کۆمەڵ بە گــەورەی زاناو هوشیارە
ئیــدارە لەســەر مــەردی بەکارە

گەورەیی عەقڵەو دەستو دەهەندە
عەفوەو چاوپۆشی لـــە خەتای بەندە
ناوو شۆرەتو نەژادی باڵا
بۆ ئینسان ئەبن بە شنەی ئاڵا
بەرگری لەســەر چــەکی چالاکە
سەربەرزی لەســەر ڕەوشتی چاکە
کوتەك بە کوتەك ، کەمەن بە کەمەن
حیلە بە حیلەی مـــەردی هۆشمەن
ئاسن بە ئاسن شمشێر بە شمشێر
نێزە بە نێزەی جەوانمەردی تێر
ئـەو بە تفەنگ‌و تۆ بە قسەی‌دەم
بەشت بەزینـــە (والله أعلم)
مـادەم ئەسبابت بۆ ڕێنەکەوێ
چەك ڕێـکەوتنە ئەگەر بۆت بلوێ
مودارا فەرزە بۆ ژینی ئینسان
ئەگـەر بەرانبــەر بفامێ ئیحسان
کـە دەستت بڕا لـە کـەوانو تیر
پێویستە پەنا بە قـەڵای تەدبیر
بەڵێ بۆ گـــەورە مەرجـە یارمەتی
بە دەستەو بەستەو عـــالی هیممەتی
گـەورە کـە دەستەی خەیانەتبار بێ
فەرزە بێ شـانو بێ ئیعتیبار بێ

★ ★ ★

مەبدەء پێویستە بۆ گـەورەو بۆ گـەل
لەسـەر مینهاجی خوای (عز وجل)
گەلی بێ مەبدەء هەرزەو گورزەیە
چەند ڕێکوپێك بێ هەر شپرزەیە
فەرزە ڕەوشتی مـەردی بەناموس
عەدالەت فەرزە بۆ عـامو خوسووس
قـەومی بێ عەقڵو بێ عـەرزو ناموس
ناوی نابینی لـە پەڕەی قاموس
ئەگـەر هەڵـكەوێ چـەن ساڵێكەو بەس
ئەنجامی مەرگـە بە تەنگیی نەفەس
سیاسەت فـەرزە حوسنی ئیدارە
نەك فڕوفێڵی گـەورەی بەدچارە
مەبدەئی مەحکەم دینی ئیسلامە
هـەر دینی ئیسلام پوختو تەمامـە
کـام مەبدەء وەهـا پاكو بێعەیبە
بناغەی لەسەر ئیمان بە غەیبە
دووری لـە تۆزی خووی خۆپەرستی
دووری لـە هـەواو هەواپەرستی
دووری لـە حوببی مـەوادو خاشاك
ڕووکردنە لای ذاتی خـودای پاك
شـەشن ئەرکانی پیرۆزی ئیمـان
یەکەمیان باوەڕ بە زاتی یەزدان
بە مەلایـکەو فریشتەی قودسی
بە پێغەمبەران عـامو خوسووسی

ئادەم تا خاتەم گەورەی ئەنبیا
گشت پێغەمبەر بوون بە ئەمری خودا
ئیمان بە وەحیی خودا بۆلایان
بەو کتێبانەی خوا ناردنی بۆیان
بە قەزاو قەدەر ، واتە هەر خودا
پەروەردگارە لەبۆ ماسیوا
کەس نیيە زەڕڕێ تەئسیری هەبێ
بۆ دروستکاریی شتێ کە نەبێ
قانوونی لەسەر ئیعتیدال وایە
کاسیب بەشەرەو خالیق خودایە
کاسیبە بەشەر لەو شتا ئەیکا
سەرفی ئیرادەی جوزئیی خۆی ئەکا
ئیمان بە ڕۆژی بەرزی ئاخیرەت
زیندوو بوونەوە لەبۆ قیامەت
لەبۆ حیسابو میزانی کردە
پاداش دانەوەی چی گەورەو وردە
ئەمانە هەموو ئیمان بەغەیبن
مەعقوولی عەقڵی پاکی بێعەیبن
بەشەر بەشەرەو خودا خودایە
قەت خودایەتی لە بەشەر نایە
مەبدەئی ئیسلام بۆ کردەوەو کار
پێنجن مەشهوورن ، دیارن دیار
شەهادەت لەسەر یەکێتیی خودا
کە هەر خۆیەتیو بە بێ ماسیوا

شەهادەت بەوەی زاتی موحەممەد
هاتووەتە سەرمان لەلای خوداوەند
پێنج فەرزەی نوێژەو ڕۆژووی ڕەمەزان
زەکاتی ماڵو حـــەجی بێنوقسان
بەو ئادابانەی بەیان کراون
لەناو کتێبی شەرعا نووسراون
لەگەڵ ئیخلاصو ئەدەب بۆ خودا
ئاگاداریی حـەق لـە ڕۆژو شـەوا
کام دین وەهایە بۆ چاودێریی عـــام
سەرفی ماڵ فەرز کا لەسـەر گشت ئیسلام
پێنج یەکو دەیەك ، بیست یەکو چل یەك
بدا بە دەستەی دامـــــاوان یەك یەك
پێنج یەك بۆ خەزنە ، دەیەك کشتوکاڵ
بیست یەك بۆ کشتە لـە هەندێ ئەحواڵ
چل یەك بۆ نەختـە لـە زێڕو لـە زیو
بۆ دەسگرۆیی دامـــاوو هەتیو

★ ★ ★

کێ بۆلای دامـــاو لائەکاتەوە
کێ قـــەرزی قەرزار وا ئەداتەوە
کێ ئەبێ بە هۆی ئازادیی بەندە
بەوجۆرەی ئیسلام لێی بەهرەمەندە
هـــەر خێرێ ببێ لـەلای بێـگانە
گشت وەرگیراوە لـــەم دینە جوانە

ئایینی دادو ئازادیی ئینسان
دینی ڕەحمەتو کەرەمو ئیحسان
دینی دڵپاکی لە غەشو کینە
دینی ڕووناکی هەروەك ئاوێنە
دینی یەکێتی بۆ هەموو ئیسلام
ڕەگەزپەرستی مەمنووعەو حەرام
دینێ مانیع بێ لە فێڵو ساختە
دەروون ڕاگرێ خاوێنو پوختە
خەڵقی بانگ بکا بۆ ڕەوشتی جوان
بیکا بە سەنگو ترازووی ژیان
بەر لە گشت دینێ دینی ئیسلامە
دینی موحەممەد (خیر الأنام)ە
ئەوکەسەی ئەڵێ من موسوڵمانم
خاوەنی عەهدو دینو ئیمانم
بەڵام ئەخلاقی ئیسلامیی نەبێ
پێی باوەڕ مەکە هەرچی بێ ببێ

★ ★ ★

بە دڵ لە خودا ئەپاڕێمەوە
بەجۆشی دەروون ئەلاڵێمەوە
بە میهرەبانیو ڕەحمەتی عامی
دامانمەزرێنێ لەسەر ئیسلامی
وەکو چۆن بە فەزڵ دروستی کردین
لە ڕیزی عەبدا ناونووسی کردین

تەوفیقمان بدا بۆ ئیخلاسی دڵ
بۆ نی‌یەتی پاك ، بۆ پاکیی مەنزڵ
بۆ ئەو ڕەفتارەی مەقبووڵە لەلای
بۆ ئیرشاد ، بۆ لای ئەسبابی ڕەزای
بمانپارێزێ لـــە غوباری دڵ
لە هـــەر مەینەتێ گران بێ‌و موشکوڵ
(نامی) داعی‌یە بە تووڵی ئەیـام
بەهرەمەند ببین بە حوسنی خیتام

## انا عرضنا الأمانة

(انا عرضنا..) ئایەتێ بەرزە
شادەرزە ، فامی لەسەرمان فەرزە
(ئەمانەت) واتە : سپەردەی خودا
چ لـە باوەڕو چ لـــە کردەدا
لـە داشۆرینی نەفس لـــە ڕەزایل
ڕازاندنەوەی ڕۆح بە فـەزایل
ئەمـــانە وێنـــەی باوەڕ بە خـودا
بە هـەرچی مەرجـە لە ئیعتیقادا
هـــەرچی پێویستە بۆ ئیقامـەی دین
لەسـەر بەیانی ( خیر المرسلین )
ئەم ئەمانەتە پارێز ناکرێ
بێ پاکیی دەروون کـەوا ژەنگ نەگرێ

پاکیی دەروونیش بە دوو جۆر ئەبێ
یەکـەم بەخشینی خوایە کـە ببێ
دووهەم سولووکی ڕێـگەی سەفایە
بە شوێنی مـەردێ کـــە بولوەفایە
یەعنی حـەزرەتی ڕەسوولی سەروەر
( خاتم الرسل ، افضل البشر )
هەرکەس ئەخلاق‌و ڕەوشتی وابێ
ڕێـکی ڕەوشتی (رسول الله) بێ
سابیرو سادق خـاوەن جیهاد بێ
بۆ موسوڵمانان خاوەن ئیرشاد بێ
بەپێی دەسەڵات بگەیەنێ سوود
یەقین ئەوکەسە ئەگا بە مەقسوود
دڵسۆز بێ لەبۆ گشت **موسوڵمانان**
ڕەحم‌و شەفەقەت ، ڕاگرتنی پەیمان
ویجـــدانی پاك‌و خزمـــەتی عالەم
یەکـــەم ڕەوشتە بۆ زاتی خاتەم
باڵاتر لـە گشت ئەخلاقی ئینسان
گەیشتنە بە مەرتەبەی ئیحسان
ئینسان کـە گەیشت بەو پایە بەرزە
ڕەزا بە قـەزای حازرو فەرزە
ڕەزا بە قـەزا تەسلیمە بە دڵ
بۆ کاروبارت لـە جوزءو لـە کول
نایەتە دڵم لەمـــە باڵاتر
پایەیێ ببێ بۆ نەوعی بەشـەر

کــە بووی بە دارای ئەم سیفەتانە
یەقین هەڵــگری لەبۆ ئەمـــانە
(نامی) لــە خــودا ئەپارێتەوە
لــە خوڵقی حــەزرەت جیانەبێتەوە

## (الله) خودایە

(الله) خودایە ، حــەیو قەییوومە
بەو ڕاگیراوە هـــەرچی مەعلوومە
عەلیمــەو زانا بە جوزئیو کوللی
پاکــە لــە وەسفی حاللیو مەحەللی
کێویٚ کایێکە دامـــاوی قودرەت
کایێ کێوێــکە بۆ عیلمو خیبرەت
هەموو ئەستێرە پڕتەو بەخشەکان
هەموو دیمەنە پڕ لـــە نەخشەکان
خۆری ئاسمانی پڕ شەوقو پڕتەو
وەکوو نوختــەیێ وەهان لەلای ئەو
حووتی ســەد پووتی بە شێوەی ڕاسی
بێ وەزنە لەلای وەك وردە ماسی
پادشــاو گــەدا بەندەی دەرگــایە
هەمووی مەخلووقەو خالیق خودایە
گەلێکمان بینی کەللەی پڕ هـــەوا
وەکوو بڵقی ئاو لاچوون لەناوا

ئەوەی چــەند ڕۆژێ بە تەختو تاجــــە
خــاوەن بورهانو خــاوەن تاراجە
زۆری پێناچێ تاجی ئەکــەوێ
تەختی نامێنێ بە تاقـــە شــەوێ
بێفەرقە لای ئەو زاناو نەزانا
بێدەستو بێکەس لەگـــەڵ توانا
هــەروەکوو سێبەر تابیعی ئاوە
کائینات فـــەرعی ئیشارەی چـــاوە
بە (لمح البصر) وێرانی ئەکـــا
جا فریشتەی صوور سەیرانی ئەکا

★ ★ ★

بە دڵو زوبان بڵێ ئەحـــــەدە
فەردی بێوێنەی دوور لـە عەدەدە
سەمەدەو پەنا بۆ هـــەموو عالەم
لە گەورەو بچووك ئادەم تا خاتەم
کەسی لێ نەبوەو کەسی لێ نابێ
جینسی کەس نی‌یە هـــەتاکو وابێ
جەهلی موتڵەقە بەدبەختی بۆ فـــام
ئیددیعای میسلو وێنـــەی بۆ عەللام
بێکوفئە ، قەتعەن موماسیل نی‌یە
لــە (مایماثل) قەتعـــەن بەری‌یە
ئەوەند ئەزانم هـــەر ئەو باقی‌یە
ئیتر ماباقی ئاوی ساقی‌یە

★ ★ ★

وتاری زیاد سەر دێنێتە ئێش
هاتو تاڵیش بوو دڵ ئەدا لە نێش
وتار دەرمانە میزانی فەرزە
بۆ گەداو بۆ شا ، بۆ بێگانەو خوێش

★ ★ ★

واتە : تەعلیمەو تەوجیەو تەنبیە
بۆ بنیادەمی هوشیاری وەجیە
لەگەڵ هەرزەدا هەرزن تاشینە
دەستی دڵ ئەبڕێ قسە بۆ سەفیە

★ ★ ★

دنیا دووکانە کرداری ئەوێ
ڕێکیی کرداریش وتاری ئەوێ
چی دەس ئەکەوێ کابرا شەوو ڕۆژ
بدوێ بە بێ‌کار خەوی لێ کەوێ

★ ★ ★

کاروان شەوەکی ئەڕوا بە ڕێدا
نووستوویش ڕائەکشێ لە تەختی جێدا
ئەم دوائەکەوێ‌و ئەو گەیوەتەجێ
ئەنوێ لە جەزای ماندوویی ڕێدا

★ ★ ★

تەختی ژیانی ئەم ڕووی جیهانە
زانستو هۆش‌و کاری مەردانە
مەردان بە مەردی ئەگەن بە مەتڵەب
نامەردی نەفام شێتی مەیدانە

★ ★ ★

جێ باخی بابەت کـەژو کێوێ بوو
جێـگەی دڕندەی وێنـەی دێوێ بوو
ئەو هات تەختی‌کرد ، جا کردی بە باخ
بەری بە سـەدان بەهێ‌و سێوێ بوو

★ ★ ★

ئەگـەر بتوانی خزمـەتێ بـکەی
وشکەنێ ببڕی‌و ئاویشی بدەی
خێری هەردوولا دوولانە ئەبێ
تۆیش ئیستیفادە لەو موڵـکە ئەکەی

★ ★ ★

ئینسان بۆ ئازار دروست کراوە
ئازار بۆ گوڵزار نیشان دراوە
هەرکەس ڕەنجی برد گەنجێ وەرئەگرێ
تەمـــەڵ بە مردوو ناوی براوە

★ ★ ★

دە ســـاڵ ڕەنجی تۆ بەشی ســەد ساڵە
ئیحسان یەك بە دەو ، حەوسەد کەماڵە
نان لــە ئینسانی تەمـەڵ حەرامـە
نان هــەر بۆ مرۆی عامیل حەڵاڵە

★ ★ ★

ئایینی ئیسلام لەســەر ئەساسە
عیلمەو عەمەلەو سەعیەو ئیخلاسە
ئەم ئەساسەت بوو بینـات بۆ ئەبێ
ئەگینا مـایەت لەســەر ئیفلاسە

★ ★ ★

دەلیلی ئیسلام کیتابەو سوننەت
ئیجماعی دەستەی شارەزای ئوممەت
دەلیلی چـوارەم هــەر ئیجتیهادە
ئەبێ بە مــایەی ڕەحمەت بۆ میللەت

★ ★ ★

ئیسلام دینێکە عــامو بەردەوام
هەزاران موشکیل دێنــە ڕێی زەلام
قــەت قابیل نی‌یە حەللی موشکیلات
بێ‌ئیجتیهادی عولەمــای ئەعلام

★ ★ ★

کاری مەشرووعیش فەرزو سوننەتە
فــەرز یا فەرزی عــەین یا کیفایەتە
سوننەت بەهێز بوو موئەککەدەیە
بێ هێز تەتەووع بێ نیهایەتە

★ ★ ★

مەعنــای ئەلفازی دینی شەرعی‌یە
ئەگــەر ئەسڵی‌یەو ئەگــەر فەرعی‌یە
بیدعەت لــە شەرعا ئەبێ خاریج بێ
لــەو چــوار دەلیلەی بۆ دین مەرعی‌یە

★ ★ ★

لەغــوە گرتنی مەعنــای لوغەوی
مەگــەر لای شەخسی گومڕاهی غەوی
کە ئەمەت زانی ، بزانە بە حـــەق
تەتەووع هەمووی بەرزەو مەعنەوی

★ ★ ★

بیدعەت بەم مەعنا لـە ڕێ لادانە
تەقسیم کردنی کـاری نەزانە
بەڵێ تەقسیمی بیدعەی لوغەوی
پێنج بەشـە لەلای ، بێ لێدوانە

★ ★ ★

ثابتـە لەلای (ئوسووڵی) بە عام
بە عورفی شـەرعی بەیانی ئەحکام
بڕوانە لەبۆ باوەڕو بۆ نوێژ
بۆ حـەجو عەمرە بۆ لەفزی صیام

★ ★ ★

سەد ئەسەف لەسەر وەفاتی زانا
نەزان پەرەی سەند لە ڕووی جیهانا
(نامی) لـە داخی نەخواندەی نەفام
وەختـە دەربچێ لەناو ناوانا

★ ★ ★

گەلێ شتم دی لـە دەورەی ئافاق
نەمدی بەدچـارە بە وێنـەی نیفاق
نیفاق لـە دونیـا کوفرێـکی سافە
بۆ کاری دونیـا مـایەی خیلافە
کەسبی باوەڕی هـاوڕێ لـەبۆ تۆ
چـاترە لـە زێڕ بارستاییی کۆ
ئەمەیش دێتەسەر بە ڕاستی وتار
بە سەخـاو کەرەم بەبێی ڕۆژگـار

دێتـەجێ لەسـەر ئیختیاری غـەیر
لەکـاتی دەسکەوت لـە ئەسنافی خـەیر
دێتـەجێ لەسـەر پارێز لـە غـەیبا
لەبۆ هاوڕێـکەت لـە کاری عـەیبا
دێتـەجێ لەسـەر ئەمانەتـکاری
بۆ مـاڵو مـادە کـاتی ناچاری
لەسـەر لانەدان لـە ڕێـگەی ڕاسان
لەسـەر دامەزران بە شێوەی خاسان
ئەمـانەن مایەی باوەڕ بوونی عـام
بە مـن یا بە تۆ لـە چـەرخی ئەییام
دێتەجێ لەسـەر پاکیی دەستو دڵ
لـە دەر ، لە غوربەت ، لـە شارو مەنزڵ
دێتـەجێ لەسـەر دووری لـە کینە
کۆنە کینەی پووچ ، بە بێ بنچینە
دێتەجێ لەسـەر وەفای وەفادار
لەگـەڵ یارانا تووڵی ڕۆژگـار

★ ★ ★

ئاخ بێوەفایی ، تۆ چـەند نامەردی
ئاخ نەئەمردم تا تۆ ئەمردی
لـەوانە بەدتر بێئینسافی‌یە
تەنیـا ئەم عەیبـە بۆ شـەڕ کافی‌یە
لەویشە بەدتر حـاڵی ئەنانی
یانێ بایی بوون لەسـەر نەزانی

لەوانەیش بەدتر بێویژدانی‌یە
مەعنـای ئـەم خـاڵە نائینسانی‌یە
بێویجدان ، چ دین چ عەهـدو پەیمان
بە خـوا خاڵی‌یە لـــە ڕۆحی ئیمان
ئینسان بە سـەلبی فەسـاد سالمە
ئەگـەر فاسید بێ خودا عالمە
(نامی) زۆر ئەدوێ لـەم سیفەتانە
ناحـەقی نی‌یە ، حـەقی ئینسانە

## هەوای میهرەبانی

چـەند خۆشە هـەوای میهرەبانیی زات
جۆشی شادی‌یە بۆ ڕووی سەربسات
دنیـا پڕئەکا لـــە شنۆی ڕەحمەت
عالەم پڕئەکا لـە نازو نیعمـەت
ئەو هـــەوا بدا لـە سەرچاوەی دڵ
ئەبێ بە کـانی بۆ ئاودانی گوڵ
نووری ئیمـــانو سیفاتی جوان جوان
بەو هـەوا ئەشنی وەك گەڵای داران
عیلمو عیرفانو سیدقو سەفای دڵ
سـەبرو سوپاسی نیعمەتەکان کول
هەموو حاسڵی هەوای ڕەحمەتن
هەموو ئەسبابی فەیزی نیعمـەتن
میهرەبانیی حـەق بە شێوەی تەعمیم
دەردێ لە جیلوەی ڕەحمانو ڕەحیم

نەوەدونۆیە لـــە دنیـــا ئیسمی
هەرکام جۆرێـــکە تەجەللاو ڕەسمی
یەکێ لــە ئەسمای حوسنای ئەو نووره
جیلوەکەی لەســەر عیلمو شوعووره
نوور ڕووناکیىیە بە بێ ئیشتیباه
بە حـــەق دیارە وجوودی (الله)
خـــودا دیارە لەگـــەڵ ئایاتا
دیارە بۆ عـــاقڵ لــە سەربساتا
دیارە بە ئاسار لـــە کائیناتا
دیارە لــە ئەرزو لــە سەماواتا
کــە فەرمووی ( الله نور السماوات )
یانێ خـــوا دیارە لەگـــەڵ بەیینات
ئەنفوس‌و ئافاق دەلیلن بۆ ئەو
ئاســار شاهیدن بە جیلوەی پڕتەو
ئەوەند دیارە لـــە کائیناتا
وەکوو چرای زەیت لەناو میشکاتا
جا ئەو میشکاتە چۆنە تەفسیری
تۆ موختـــاری بۆ شەرح‌و تەقریری
ئەتوانی بڵێی ئەرزو ئاسمان
میشکاتن لــەبۆ ئەنواری عیرفان
ئەتوانی بڵێی ئەو مزگـــەوتانە
هەرکامیان بگری میشکاتێ جوانە
فەرمووی : « في بيوت أذن أن ترفع »
یەعنی : أذكره فيهن تسمع

ئەتوانی بڵێی سینەی موسوڵمان
میشکاتە لـەبۆ ئیمـان بە یەزدان

## خانەدانەکان

خانەدانەکان خـــاوەن دیوەخـان
ڕووناك بە ڕەحمـەت وێنـەی چراخان
کـە ئەغڵەب پڕبوون لـە مەردانی مـەرد
ئەدیبو زاناو هوشیارانی فـەرد
بە ڕۆژو بە شەو بەپێی وەزعو کات
پڕبوون لـە مەردیخاوەن دەرەجات
هـەر ڕۆژی دوو تاق سینی دەرئەچوو
بە بێتەفاوت میوان هەرچەند بوو
بێجگە لـە خێرات بە موستەحەققان
لـە دەسگرۆیی گـەلی سادیقان
بێجگە لـە خێرات بەوەی پێی ئەشێ
لـە دەسگرۆیی پیـاوی بێ ڕێوجێ
پاش مەرگی بابە بوون بە جێی مناڵ
هەرزەو سادەدڵ بێ هۆشو کەماڵ
دیوەخانەکان بوون بە دێوخانە
پڕبوون لـە هـەرزەی بێ یارو یانە

★ ★ ★

هــــەروا بارەگای مـەلایانی بەرز
بوون بە جێی جاهیل لە گشت جۆرو تەرز

کتێبخانەکان بوون بە جێگەی جام
جامی شەرابی سەرخۆشی نەفام
قورئانیان فرۆشت بە تای تەمووره
کتێبی حەدیث بە متوموورە
کتێبی دەسنووس گشت هەڕاج کرا
بۆ کتێبخانەی ئەورووپا برا
ئاساری دین‌و عیلم‌و مەعریفەت
لە سەد بوو بە دە بۆ مایەی حەسرەت
نە بە شەو نە ڕۆژ لە گاو بێ‌گادا
ناتوانی بڕۆی بەو بەردەرگادا
بە ڕۆژا فەڕاش یەخەت پێ ئەگرێ
بە شەویش سەگی یارۆ ڕێ ئەبڕێ

★ ★ ★

هەروا بەم‌جۆرە خانەدان نەمان
نە هیی دەوڵەمەند نە هیی زانایان
سیرڕی ئەم کارە لای وریا دیارە
کە فرۆشتنی دینە بە پارە
ڕاستە تەوژمی بێگانە دەرکەوت
ئاساری خێری قەدیمی گشت کەوت
بەڵام ئەگەر هۆش نەبوو لەلایان
نەیانهێشتەوە ناوی بابایان
شوکری نیعمەتی خودایان نەکرد
خودایش نیعمەتی ئەوانی لابرد

# دنیا مەزرەعەیە

دنیـا مەزرەعەی مـەردی وریایە
ئەوەندە پانە ئەڵێی دەریایە
خۆڕێکخستنی ئەوێ بە حیکمەت
خۆپاراستنی ئەوێ بە سەنعەت
دەمـاری ئەوێ بۆ کـــاتی دیاری
یارمـەتیی ئەوێ بۆ کـــاتی یاری
بە دەستێ گرێ قـەت ناکرێتەوە
پیـــاوێ نەتەوەی لێ نابێتەوە
نازانی خـــودا بە لوتفو کـەرەم
حەووای دروستکرد بۆ یاریی ئادەم
دیاریی نەتەوەیش لـەبۆ پارێزە
یا لەبۆ هـەلی ڕەوتو گورێزە
بۆ خۆشەویستان بۆ هێزی دڵە
بۆ کردنەوەی گرێی موشکوڵە
دەسداران بە ماڵ ، ڕاستان بە دوعـــا
دۆستان بە ڕووی پەناو ئیلتیجا
هـــەموو یارمـەتیی برادەرانە
مایەی ڕزگاریی دۆستو یارانە

★ ★ ★

هوشیاران چـاویان لـە یاسـای چەرخە
پاراستن لـە گورگ دەوامی بەرخە

هێلانەی گـەلی تەیرو پەلەوەر
بۆ پارێزگاریی جووجەڵەو فەرخە

★ ★ ★

ئەو پیرەژنەی کولانەی نەبێ
چۆن چۆنی جووجکەی بۆ بەخێو ئەکرێ
دنیـا ئەسبابە بـە مەیلی خـودا
بۆ گەورەو بچووك هەرچۆن بی‌یەوێ

★ ★ ★

مـایەی پیرۆزیی ئادەمی شەرعـە
حودوود بۆ ئەحکام پێویستی فەرعـە
ئەوەی بێ‌دینـە ویجـدانی نی‌یە
بێ‌بەزەیی‌یەو گـەلێ بەدتەبعە

★ ★ ★

قەی‌ناکا ببن بە بزنە کێوی
چـاترە لـەوەی ببن بە ڕێوی
مەبن بە وەحشیی دڕندەی وەك هار
مەبن بە جـەردەو جەندرمەی لیوی

★ ★ ★

یانێ ئەم دنیـا بۆ هوشیارانە
هوشیاریش کـاریان لەگـەڵ یارانە
ئەوەی بتوانێ یاری ڕاستی بێ
سەربەرزی هـەموو ڕۆژگارانە

★ ★ ★

(نامی) هـەر ئەوەی ئەویَ لـە ژینا
بە یاری بژی لەژێر سـای دینـا
ئینسانی بێیار باری گرانە
دوژمن ئامـادەن بۆی لـە کەمینا

## مەردی گیرۆدە

مـەردی گیرۆدە بە تاریـکیی بیر
دەرناچێ بە بێ ڕووناکیی تەدبیر
خەلاس لـە گێژی دەریای بێ کەنار
پەنا بردنە بە خـــودای قـەدیر

★ ★ ★

ئەو خـودا کـەوا مووسای کرد تەحریر
لـە دەس هامانو فیرعەونی بەدشیر
ئەیشتوانێ هـەروا خەلیل ڕزگار کا
لە ناری نەمروود نامەردی بێپیر

★ ★ ★

بیر چرای بەرقـە نووربەخشی ئەکا
بە هەموولادا ڕووناکی ئەدا
مـەرج ئەو مەرجەیە دڵت بلوور بێ
خۆیشی ڕۆشن بێو ڕۆشنی‌یش بدا

★ ★ ★

کاکە ، بەراورد نیشانی داوین
ئێمـە گیرۆدەی کەمەندی داوین

فەررە هاتوچۆ بەپێی تەدبیر بێ
تا نەفەس بدەین هــەتاکو ماوین

★ ★ ★

دنیــا باخێــکە دەورەکەی دڕکە
دڕکی شیلانو دڕکی تووتڕکە
هوشیار بن چــاوتان دڕکی پیا نەچێ
تا کوێرتان نەکـــا نووکی ئەو دڕکە

★ ★ ★

(حفت الجنة..) فەرموودەی فەردە
ئەو فەردەی عالەم بۆ ئەو سەرگەردە
ئارەزوو قوفڵی دەرگای بەهەشتە
بەهەشتت ئەوێ ئارەزوو بەردە

★ ★ ★

ئەگــەر یارمەتیی خــودا یارت بێ
ئیرشادی ئوستاد مەدەدکارت بێ
لە هەزار دەردو مەینەت دەرئەچێ
مادەم لــە کــارا هۆش هاوکارت بێ

★ ★ ★

ئەنواری خــودا وێنــەی کــارەبا
ژەنــگی سینەو دڵ هــــەموو لائەبا
با دژی (عاد)ە ، نەك دژی عیباد
ئەوەی ژەنــگی ڕەش لــە دڵ لائەبا

★ ★ ★

فەرزە تەکرارم بۆ ئامۆژگاری
مادەم مەبەستم ساغـە بۆ یاری
لەسەر هـەر حەرفێ سەد جەزا هەیە
ئەبن بە مـایە لەبۆ ڕزگاری

★ ★ ★

(نامی) لـە چـەند گێژ دەرچوو بە خۆشی
زائیقـەی تامی ڕەحمـەتی نۆشی
ئەو ڕەحمەتانە پێم‌ئەڵێن (نامی)
فەرزە تا مـاوی بۆ حـەق تێکۆشی

★ ★ ★

ئینسان عونسورێ پیرۆزو پاکـە
دڵی بە نووری خودا ڕووناکـە
بە ئیمـان ئەبێ بە چرای بەڕڕاق
بە ئیحسان نووری ئەگا بە ئافاق
ئیمـان باوەڕە بە خـواو فریشتە
بە ڕەهبەرانی مەلەك سروشتە
بە ڕۆژی ئاخر ، بە قـەزاو قەدەر
ئەمـانە ڕوکنی دینن سەرانسەر
ئیحسان نوورێـکە مافەوقی ئیمان
یەعنی حوزووری حەزرەتی مەننان
قـەت غافڵ نەبی لـە یادی خـودا
لـە بێداری‌دا ، مەگـەر لە خەودا
ئەمجـار ئەرکـانی ئیسلامی هـەموو
شەهادەتەین‌و پێنج‌فەرزەو ڕۆژوو

حەججی بەیتوڵڵاو عەمرەو زەکاتە
بەمـــانە ئینسان عالی سیفاتە
بەرگی جـــوانی ئینسانی نەجیب
ئەخلاقە وێنــەی حــەزرەتی حەبیب
بۆ وێنــە وێنــەی سەبرو خۆگرتن
سیدق‌و ئینساف‌و ڕەحم‌و دڵڕشتن
ویجدانت ببێ لەگــەڵ عالەما
جـا حــەقە بژیت لەناو ئادەما
بەمەرجی دووریی کینەو کیبریا
ستەم‌و درۆو نیفـاق‌و ڕیا
کیبریا مەعنـــــای هەوابازی‌یە
ئەنجـامی هــەوا بەرزپەوازی‌یە
هەرکەس بە هــەوا بـگاتە سەما
دایێ بە پشتا یا بەســەر دەمــا
هــەر دڵێ ببێ بە مـاوای هــەوا
ناگا بە سـایەی ڕەحمــەتی خــودا
هەرکەس کەوتە دوا ، لەســەر هەوا بوو
لەسەر ئارەزووی سەرو سەودا بوو
گــەلێ بایی بن ناگــەن بە پایە
مـایە سووتاون بێ ئایەو مــایە
ئای لــە ڕەشەبای ناموسوڵمانی
بوو بە شوومی شەڕ بۆ ئاوەدانی
ئەم ڕەشەبایە لـــە هــەرکەس بدا
ئەگــەر کێویش بێ ملی با ئەدا

(نامی) زەعیفە ، خودا بە کـەرەم
دووری ڕاگریٚ لـە ڕەشەبای خەم

## گەلێکم هەیە

گەلێـکم هـەیە لـە گەلانی گـەل
بۆ جوانمەردی ئەکریٚ بە مەسەل
چ لە ڕووی زانست ، چ لە ڕووی کردار
چ لـە ڕووی پارێز یا پاکیی ئاسار
بۆ سەخاوەتو غیرەتو مـەردی
بۆ شەجاعەتو زیرەکیو وردی
بۆ مەسـەل ئەڵێم گەلێکم هـەیە
وێنـەی ئەفرادی لـە دنیـا نییە
بەڵام ئەوکاتەی تێـکەڵ بن بە یەك
دێتە خوارەوە پایە بۆ سەدیەك
گەورەیان ناویٚ گـەر لە خۆیان بیٚ
گەر بێـگانە بیٚ کیٚ دیٚ بڵێن بیٚ !
سیرڕی ئەم وەزعـە ئەوەیە بایین
هـەموو داواچیی کڵاوی شـایین
گـەلیٚ سادەدڵ غوڵامی وەختین
بۆیە بەم پایە لەگەڵ بەدبەختین
ئەمڕۆ پاش لێـدان خەڵاتیان بـکەی
نارِوانننە دوێنیٚو نارِواننـە سبەی

خوویان گرتووه بەم پەندە جوانە :
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لـە خوانە
گشت ئارەزووویان لەسـەر تەعریفە
واتەی تەمێیان لـە لا تەکلیفە
بزنیـان مـەڕەو مەڕیان مانـگایە
مانگایشیان مانـگای دایم شیرایە
مریشکیان هـەموو ئەبێ شـامی بێ
دوو شاخ‌و باڵ سـەوز یا بادامی بێ
هێلکەی مامریان دوو زەردێنەیە
جووجکەیان نایاب ، زۆر بێ‌وێنەیە
دەماخیان پڕە لـە تۆزی هـەوا
نەك لـە بای سـەبا ، لـە بای ڕەشەبا
ئەر ئارام ئەبوون بە وێنـەی شەماڵ
بە حـەق ئەبوونە خاوەن حاڵ‌و ماڵ
گـەلێ لـە زاناو مـەردی هۆشمەند
لـە عیلم‌و عـەقڵا پایەو بەهرەمەند
بەداخیـانەوە مردن بەحەسرەت
هەندێ لە وڵات ، هەندێ لە غوربەت
(نامی) تۆیش بمرە بەدەم دەردەوە
سەربنێ بە لای سەنـگی سەردەوە
بەختێ لـە ئەسڵا سیاچارە بێ
وازی لێ بێنـە با ئاوارە بێ

# بوونی زاتی حەق

بوونی زاتی حـەق ئەوەندە دیارە
ئەیزانێ بە حـەق ئەوەی هوشیارە
کایەنێ بۆ کـا بێ خـاوەن نەبێ
چلۆن کائینات بێ خـــاوەن ئەبێ
ئەگـەر تەنبیهت ئەوێ بڕوانە
بۆ یەکێ لـەم سێ ئیحتیمالانە
یا هەموو ئەجزای عالەم واجبە
یا هـەندێ مومکین ، هـەندێ واجبە
یا هـەمووی ئەجزای لـە مومکیناتە
بوونو نەبوونی ئیحتیمالاتە
یەکەم هەڵەیە باش موسەللەمە
دووهەمین هەروا چون موحەککەمە(١)
سێهەم ئیحتیمال مەعقوولە بۆمـان
خالق پێویستە بێشوبهەو گومان
ئەمجار بێرەوە ئەی برای عالم
بۆ دەلیلیتر سـادیقو سـالم
کائینات ڕامـــە بۆ خزمەتـکاری
ڕۆژو ئەستێرەو هـەوری بەهـاری
سەرچاوەو دەریاو ساراو کۆساری
دارو درەختی قـەراخ ڕووباری

---

(١) موحەککەم : واتە دەعوای بێدەلیل •

هەریەك بە بارێ ، هەرکـام بۆ کارێ
هەریەك دانرا بە خزمەتـکارێ
پەروەردگاری سەراسەر عالـــەم
ئەبێ سانیع بێو مەخدووم نەك خادیم

★ ★ ★

نەوعێتر دەلیل حـــازرە لەلات
لەســەر خالیقی هــەموو کائینات
هاتوچووی گەردوون دیارە بە چاو
بە دوو شــەوو ڕۆژ بۆ تۆ دێتە ناو
موتەحەڕڕیکیش قەتعــەن موحتاجە
بەو موحەڕڕیکەی خاوەن عیلاجە
ئەو موحەڕڕیکەیش گــەر بێشوعوورە
بۆ نیزامی چەرخ لــە شوعوور دوورە
گــەر بە شووعورو خــاوەن سیفاتە
ئەوە خالیقی ئــەم کائیناتە
خــاوەن جیلوەیە بە کردگاری
شوئوونی فیعلی لەیلو نەهاری
بە ( کل یوم هو في شأنٍ )
خۆی نیشانئەدا بە جیلوەی شانی
بە باوەڕی مـــن زاهیرە زاتی
( الله نور للسماواتِ )
سیفەتی نەفسی بە حەق وجوودە
خــاوەن ڕەحمــەتو کــەرەمو جوودە

سیفەتی سەلبی بەقـــایەو قیدەم
وەحــدەتە قیـــام بە خــودای عالەم
موخالیف لــەبۆ هــەموو موحدەثات
یەعنی ڕووی دوورە لــە ڕووی مومکینات

★ ★ ★

سیفاتی ذاتی بۆ ذاتی باری
( حسب نصوص القرآن الساري )
حەیاتەو عیلمو ئیرادەو قودرەت
سەمعو بەسەرەو کەلام بەحوجەت
بەمـــانە ئەڵێن سیفاتی مەعنا
ڕای‌بگرە بە دڵ کاکی دڵ بینا
مەعنەوی وەکوو (کونە حیا)
هەتا بە ئاخر ببە موهەییا

★ ★ ★

سیفاتی فیعلی تەجەللی‌یاتن
عەلاقــەی قودرەت بە کائیناتن
سیفاتی زاتی خــودا بێ‌عەیبە
لەلای هوشیاران بەری لــە ڕەیبە
کافی‌یە لەبۆ عەقڵی موسوڵمان
ئەوەند بزانێ بێ‌شوبهەو گومان
(واجب الوجود) پەروەردگارە
تەنیــاو کامڵو خــاوەن ئاسارە

بە بێ خواستی ئەو زەڕڕەیێ نابێ
چی خواستی ئەو بێ فەرزە هەر وا بێ

★ ★ ★

یادی حـەق بـکە بە دەروونی شاد
لـە هـەردوو چەرخا ئازادی ئازاد
جیهان بە ئیمکان مەعلوولەو مەعیووب
خـودا بە وجووب عالی‌یەو مەتڵووب
( قل هو الله أحد ) حەققە
خودا سەمەدەو پەنای موتڵەقە
( لم یلد ) قەتعەن ، ( لم یولد ) ئەوە
هەر ئەو واجبـەو ئەبێو هـەر بووە
( ولم یـکن له کفوا أحد )
کەس هاوتای نی‌یە بە بێ ئەخزو ڕەد
خودا دەرمان کەی لە قاڵو لە قیل
پێویستمان نەبێ بە بەڵـگەو دەلیل
(نامی) هەمیشە ئەپاڕێتـەوە
خوا خۆی لـە دڵم نەشارێتەوە

★ ★ ★

هەزار بێزاری لـە بەرەی بێـگانە
هەروەها لەوەی ناموسوڵمانە
ئەوان دێنـە پێش بە مەرحەبایێ
ئەمـان بۆ ئەوان چـون گیانفیدایێ
ئەوان بە وەعـدەی بەری لـە وەفا
ئەمـان بە وەفـاو ئیخلاس‌و سـەفا

ئەوان بێئاگان لـە حاڵو ئەحواڵ
ئەمـان دێن ئەڵێن ئەسراری ناومـاڵ
چی بوو ئەم دەردە ، لەکوێوە دەرکەوت
بۆچی پەرەی سەند ، چۆن بوو وا سەرکەوت
ئەسبابی زۆرن ، دێمـە سـەر بەیان
تا ڕوون ببنەوە بۆ خوێندەواران

★ ★ ★

یەکـــەم زەعیفیی دینو ئیمـانە
ئیمان هـەر پەڕەی (جینسی‌یە)کانە
دووهەمین جەهلەو نەزانیی ئینسان
نەزانو کێوی هاوسانن ، هاوسان
سێهەمین لاتیو بێدەستەڵاتی
ساڵی هەزاریان ئەمرن بە لاتی
بە فـەرموو فـەرموو وا بایی ئەبێ
ئەبێ ئەم بەندەو ئەو هـەر ئاغە بێ
چوارەمین دووری لـە کـارو پیشە
کـەلی بێ پیشە بێ ڕەگەو ڕیشە
پێنجەم ئەوەیە بێـگانەی ئوممـەت
پێش‌کەوت لەسەرمان بە عیلمو سەنعەت
پێشکەوتووی وەهـا خـاوەن پارەیە
عالـەم لەبەریا سەرەوخوارەیە
پارە کەمـەندە شێر ئەخەسێنێ
شـا لەبۆ پارە سـەر ئەنەوێنێ

ئەوەیش بزانە قەومی پێشکەوتوو
خۆی ئەکا بە شای میللەتی نووستوو
چارمان ئەوەیە بە عیلمو سنعەت
بەرز بینەوە بۆ پایەی ڕەفعەت
ئەگەرنا هەتا بەرەو هەوا بین
ئێمەی ئاسیایی ئەبێ هەر وا بین
شەشەم سەبەبی پاشکەوتی ئێمە
نەمانی خوڵقو یاسای سەلیمە
لەسەر دنیادا ئوممەت ئەخلاقە
کە ئەخلاق نەما دەردو مەراقە
(نامی) هاواری بێتفاقی‌یە
هاواری لە دەس بێئەخلاقی‌یە

## سیرڕو ئەساس

سیرڕو ئەساسی ئەم گابازارە
کە تۆ ئەیبینی لەم ڕۆژگارە
ئەمەیە هەندێ هەڵخەڵەتاون
بۆ پایەو مایە جگەرسووتاون
بێ پایەو مایە ، بێ عیلمو زانست
هاتنە پێشەوە گەلێ خۆپەرست
قیبلەیان مادەو مەبدەء ئارەزوو
بە ڕۆژو بە شەو کەوتنە هاتوچوو

به درۆ به دەعوای تەرویجی ئیسلام
کیتابو سوننەت بەسن بۆ ئەحکام
پێویستیان نی‌یە بە عیلمو زانست
به فیقەو ئوسووڵ بۆ ڕێی حەق‌پەرست
هـــەر خوێندەواری ڕۆژنامە خوێنـــە
پێی‌بڵێ دەی بێ فـکرت بنوێنە
بۆ خۆت تۆ زانای لــە دینی ئیسلام
ئەتوانی دەستت بەری بۆ ئەحکام

★ ★ ★

جـــا بێنە ســـەیری ئەم ناتەواوە
له ڕێـــگەی ڕاستا چەندێ دامـــاوە
پێی‌بڵێ برا بۆ ڕەزای خـــودا
بێن بۆ لای خوداو لادەن له هەوا
قورئانو حـــەدیث هەردوو عەرەبی
هەردوو پڕمەعنـــاو نوکتـــەی ئەدەبی
یەکـــەم پێویستە بە دەرکی لوغەت
لوغەتی مـــاددەی کیتابو سوننەت
دووهـــەم موحتـــاجی بە عیلمی تەجوید
لەبۆ تەرتیلی قورئانی مەجید
سێهەم بزانێ یاســـای ئیشتیقاق
بۆ ئەسڵو فەسڵی کەلامی خەللاق
چوارەم موحتاجی بە عیلمی ئیعراب
بۆ خوێندنەوەی بە شێوەی صەواب

یەکێ نەزانێ مەسدەری ئەفعال
نەزانێ مازیو حالو ئیستیقبال
نەزانێ عومدەو فوضلەی کەلامی
چلۆن ئەفامێ یاسای ئیسلامی
پێنجەمین علمی بەلاغەی کەلام
فەرزە بۆ فامی مەقسوودو مەرام
شەشەم پێویستە زانستی سوننەت
مەرتەبەی زیعفو حوسن تا سیححەت
حەوتەم زانستی مەوریدی نزوول
هەتا نەخلەتێ بە واتەی فوزوول
هەشتەم مەوقیعی ویفاقو خیلاف
لەسەر بەسیرەت بە وێنەی ئەسلاف
نۆهەم زانستی ئەقسامی کەلام
ئەفرادو تەرکیب بۆ فەهمی ئەحکام
یاسای مەعانی بۆ حەزفو ئیجاز
یاسای بەیانی حەقیقەو مەجاز
یاسای ئوسوولی مەنتووقو مەفهووم
یا موشتەرەکو موختەسسی مەعلووم
یاسای عامو خاس لەگەڵ ئەمانە
ئیتلاقو تەقیید فەرزی ئینسانە
موجمەلو موبەیەن بۆ فەهمی مەبەست
ناسیخو مەنسووخ بە ڕاستو دروست

ئەمـــانە فــەرزن بۆ ئەهلی ڕەشـاد
بەمـــانە ئەبێ پایــەی ئیجتیهاد
ئەگــەر پرسیار بــکەن لــە ئەحباب
کــەی ئەمــانە بوون لــە عــەهدی ئەسحاب
بڵێ ئەسحابی حــەزرەتی ڕەهبــەر
شاگردی دین بوون لەلای پێغەمبەر
صــەلاتو ســەلام ببارێنــە ســەر
ڕۆحی پیرۆزی حــەزرەتی ڕەهبــەر
ئەوەی مرادی زاتی خـــودا بوو
لــە دڵی ئــەوا باش ئاشکرا بوو
ئەویش بەیانی ئەفــەرموو بۆیان
حوکمی خوداوەند باش ئەبوو عەیان
ئیتر چ حاجەت لەبۆ فامی ناس
لەبۆ زانستی وەسفی عــامو خــاص
عــەلاوە گــەلێ تازە بێنــەدەر
حازر بن لەلای حــەزرەتی ڕەهبەر
چلۆن تێئەگــەن یاســای ئیستیلاح
هــەتا فێر ببن بە یاســای ئیسلاح

★ ★ ★

بەڵێ پاش فــەوتی حــەزرەتی ڕەسوول
گران بوو لێیان تەریقــەی وسوول
بە موشاوەرەو یاســای فــکری ڕاس
بەیانیان ئەکرد ئەحــکام لەبۆ ناس

هـەتا گەیشتە دەوری تابیعین
( رضي الله عنهم اجمعين )
ئەمجـارە جـەمعی ئەحادیث کرا
دەست بۆ تەرتیبو تەبویبی برا
دەسیانکرد بە سـەعی بۆ فامی دەلیل
بە نەصی کیتاب یا سوننەی جەلیل
عیلمی ئوسووڵی فیقـــە دانرا
دەست بۆ تەخریجی ئەحکامیش برا
بۆ عامو بۆ خاص ، بۆ ظاهیرو نەص
لەبۆ موشتەرەك هەروەها موختەص
بۆ مورادیفو موباین هـەموو
تەعریفیان دانا بە هـەر نەوعێ بوو
سیغەی ئەمرو نەهی تا بیستوپێنج جار
مەعنایان دەرخست عولەمای کیبـــار
ئەگـــەر قەرینـــە دانەنرێ بۆیان
چۆن حاڵی ئەبی لە مەبەست لێیان
ئەگـــەر تۆ زاناو مــەردی واقیعی
بـگرە ڕیسالەی مــەولای شافیعی

★ ★ ★

دەهــەم فەرموودەی ڕەسوولی ڕەهبەر
کردەوەکانی بە یاســای خـــەبەر
صەحیحەو حەسەن ، زەعیف دەرەجات
شـــەرتی قوبووڵی ئەیەوێ ئیسپات

غەریبو شاذو مونـکەرو مەعلوول
زیادەی مەردوودو زیادەی مەقبوول
موسەلسەل یاخود نەقلی مودەللەس
تەفسیل دراون هـەتا بڵێی بەس

★ ★ ★

بێرە سـەر باسی ڕیوایەو ئیسناد
بە تەبەقاتی ڕیوایەی ئەمجـاد
ڕاوی عـامی بێ یاخـود عالم بێ
عەقڵی موختەل بێ یاخـود سالم بێ
ڕاوی ڕەفتـاری ببێ بە حـەدیث
یا ڕەفتار نەکا بە قـەولی ڕەئیس
ڕاوی ئاحاد بێ یا موتەواتیر
مەروی موجمەل بێ یا بەشی زاهیر
تەعاروض ببێ لـە مەرویاتا
بێ بە هۆی شـەڕ لە دیرایەتا
یاخود سالم بێ لـەم دەردە ڕەشە
زانای پێویستە بۆ ئەم بەش بەشـە
ئەم تەفسیلاتە ئەگـەر نازانی
بۆ دەعـوا ئەکەی لەسـەر نەزانی
عالمو جاهیل لەکوێ وەك یەك بوون
کەی نەبوون ئەگا بە دەرەجەی بوون
یا دینی ئیسلام غەریبـەو بێکەس
ژێر چەپۆکەیە بۆ شەخسی ناکەس

★ ★ ★

ئەگـەر تۆ ئەڵێیت کتێبم لایە
ئەڵێم پێویستە بـگەی بە غـایە
غـایە زانستی ڕێـگەی دەلیلە
نەزان لـە ڕێدا گـەلێ زەلیلە
سیحاحی سیتەو باقیی مەسانید
هەموو پێویستن بۆ زانای ڕەشید
تۆ سـەری واوێ نی‌یە لـە دەمتا
چۆن لەگەڵ زانا ئەبی بە هـەمتا
پێویستت هـەیە بە مامۆستایێ
زاناو فاهیم بێ ، زۆر بەئاگایێ
ئینسانی نەزان نابێ بە زانا
بە بێ مامۆستای زاناو توانا
یاخود پێت‌ئەڵێن بدوە لەبۆ خـۆت
بە هـەر وتارێ ڕێ‌ئەکەوێ بۆت
بێـگانە هـاتوون بۆ تالاّنی دین
ئێوەیش بەشی خـۆ بەرن لـە ئایین

★ ★ ★

بۆ تێ‌نافکرن لـە نوصووصی دین
هیچ نەبێ دیارە موعین‌و ئەمین
( وفوق کل ذي علم علیم )
بۆچی دانانێن بە ڕێـگەی سەلیم
ئایەی ( فاسألوا اهل الذکر ) هەم
دەلیلە لەسـەر عالم‌و ئەعلەم

( ولو ردوه الى الرسولِ )
هەم دەلیلێکە ڕاستو ئوسوولی
ئەمـــانە ئەڵێن فـــەرزە بۆ ئینسان
دارای شوعوور بێو ئینسافو ویجدان
ئەگــەر بەشوعوور لەگــەڵ ویجدانا
بڕوانی ، مــەردی لــە ڕووی مەیدانا
ئەو کتێبانە وان لـــە خزمـــەتا
جامیعی حـــەقن بە ڕێی سوننـــەتا
فەزرە بزانی پایەی ڕاوی‌یان
تا بە شێوەی حـــەق بێتە ســەر بەیان
وەرنا بە هــەواو بە دەعــوای بەتاڵ
چۆن بەیان ئەکــەی حــەرامو حــەلاڵ
ڕجایە لەبەر ویجـدانی خۆتان
بێنە خوارەوە لــە شــاخی شەیتان

★ ★ ★

کــەمێ بترسن لــە خودای قەههار
پەروەردگاری چـــەرخی ڕۆژگار
کە دنیای دانا بەگوێرەی ئەسباب
بۆ هــەموو کارێ داینـــاوە حیساب
هــەر سەنعەتێ بەرز لــە ڕووی دنیــادا
فێربوونی ئەوێ بەگوێرەی توانا
خــەیات دارتاشی نازانێ ، دیارە
دارتاش ناخوڕێ قــەت لــە تەیارە

پزیشك قــەت نابێ بە ئەندازیار
زانا قەت نابێ بە نەخوێندەوار
هەرکەس پیشەیێ ، هەرکەسێ کارێ
هەرکەس بەندەنێ ، کۆیێ ، کۆسارێ
تۆ بێ خوێندنی عولوومی ئیسلام
بە چی ئەگەیتە ئیخراجی ئەحکام
لەفزی نازانی سەروبۆر بـکەی
چۆن لــە نهێنیی ئەحــکامی ئەگەی
(نامی) سەرسامە لەم چەرخو دەورە
مناڵ هەوڵئەدا بۆ کـــاری گەورە !

## تاریکیی تاوان

تاریکیی تاوان دنیـــای گرتووە
ئادەمی حــەیران لــە هاتوچووە
موشکیلات زۆرن حـــەل کەمو نایاب
کــەم کەس ئەبینی ڕوو لــە ڕێی صەواب
ئەچیــە لای سەرۆك ، سەرۆك بێباکە
خۆی وا ئەبینێ لــە چەرخا تاکــە
بۆ لای پیر ئەچی ، تیرە مـــار زۆرن
کورتو درێژو کــەوەو ســەر بۆرن
نە زوهدی تەواو ، نە وەرعو تەقوا
کەللەیان گەرمە بە فیزو دەعوا

لای مـەلا ئەڕۆی کـە زانای دینـە
لای خۆی خاوەنی ( علم الیقین )ە
بەرگی عیلمی شڕ ، گشت پینەپینە
نە عیلمی دنیاو نە عیلمی دینە
نە ئیستیقامەت لەسـەر شەریعەت
نە دەوام لەسـەر ئادابی تاعـەت
هەرکەس هەوایێ ، هەرکەسێ بایێ
هەرکەسێ لەگەڵ خەڵقا دەعوایێ
لەلای عالمـان مەزهەب نەماوە
لەناو عالەمـــا موجتەهید باوە
ئەمـــانە ماوای خێرن بۆ دنیـا
ئەگـەرنا دنیـــا پڕە لە وریا
وریا بۆ نەفسو بۆ ئارەزووی خۆی
حەولئەدا هەرکەس چۆن ڕێکەوێ بۆی
ئەم وەزعە چی‌یەو کامەیە سیرڕی
سیرڕیت پێ‌بڵێم ئەگەر گوێ ئەگری
زەعیفیی دینو هێزی هـەوایە
کەللەی پڕ بووە لـە هیوای مایە
بە سیرەت کوێرەو بەسـەر کوێرترە
زانا لـە نەزان بەدهەواترە
چاری ئـەم بارە تەنیـــا بە خوایە
کەسی‌تر ناکـــا چـــاری ئەم بایە

★ ★ ★

سیرڕی حەقیقی لەلای بەهرەمەند
مونحەسیر مـاوە لـە کاری پێوەند
داری بەڕوودار پێوەند بوو لە بەی
بەرەکەی بەیە ، ئۆخەی سەد ئۆخەی
ئەگـەر داری بەی لـەو پێوەند بکرێ
لەباتیی بەهێ هەر بەڕوو ئەگرێ
یاسای خوێندنی ئەم سەردەمانە
وێنـەی پێوەندە باشی بزانە
تا ئـەم پێوەندە لەکـارا هـەبێ
باوەڕ مەکـە دین کاری سەربگرێ
(نامی) دەمێـکە لەسـەر بەراورد
لە حەق گەیوە ، ئەوجا قسەی کرد

## سنة الله

(سنة الله)یە لـە ڕووی جیهـانا
خـودا ڕووداوی بە ئەسباب دانا
جـا هەتا ئەسباب لەگەڵ شوعوورە
موسەبەب سەهلە ، نزیك یا دوورە
تەربی‌یەی منـداڵ تۆمی ڕەحمـەتە
ئەنجامی بەرزیی چینی ئوممەتە
ئەوەی بە وردی تەربی‌یەی کرا
کـاتی گـەورەیی ئەبێ بە چرا

چرای ڕووناکیی دەروونی ئوممەت
بۆ بەرزیی ڕەوشت ، بۆ بەرزیی هیممەت
گەلێ ڕووناکە شەوی تاریکی
گەلێ گوشادە ڕێگەی باریکی
ئەوەیش بە فەساد پەروەردە کرا
ئەبێ بە مەینەت بۆ باوکو برا
ئەبێ بە دەردی ساری بۆ ئوممەت
ئەبێ بە مایەی ئازارو زەحمەت

★ ★ ★

تەربی‌یە ئەبێ بە مایەی عادەت
عادەت بە چاکە خێرەو سەعادەت
هەروەها ئەگەر عادەت بە شەڕ بێ
ئەبێ ژیانی تاڵو بێفەڕ بێ
تەمێی باوکو دایك ، دەرسی مەدرەسە
هاوڕێی بەشەرەف بۆ بەرزی بەسە
بەڵێ وائەبێ تەیاری دەورە
ئەگۆڕێ تەمێی بچووکو گەورە
لێرەدا پەنا هەر پەنای خوایە
چونکە حەوادیس لەسەر قەزایە

★ ★ ★

ئینسان کانێکی خامی خودایە
بۆتەی تەصفیەی چەرخی دنیایە
قاڵب هەرچۆن بێ کاتی داڕشتن
وایەو ، بێسوودە ئیتر خۆکوشتن

لێرا دەرئەچێ نیشانەی ئەڵطاف
قاڵب وەها بێ دوور بێ لە خیلاف
مەبەس ئەوەیە دنیـا ئەسبابە
سەعی بۆ ئەسباب نەصی کیتابە
هـەتا مومکینە بۆ ئادەمیزاد
فـەرزە تێکۆشێ بۆ بەرزیی مەعاد
دنیـا هەرچۆن بێ هـەر ئەبڕێتەوە
ئاخیرەت بۆمان نابڕێتەوە
(نامی) لـە خـودا ئەپاڕێتـەوە
دەرگای پیرۆزیی بۆ بـکرێتەوە
ثەنا بۆ خـــودای ( واجب الوجود )
پەروەردگارو خالقو مەعبوود
سەلامی خودا لـە پێغەمبەر بێ
لـە یارو ئالی دڵ مونەووەر بێ
ئەی مـایەی ڕەحمەت بۆ هـەموو عالەم
فریشتەو پەری بۆ بەنی ئادەم
ئەی مـایەی ڕەحمەت بۆ ئەهلی جیهان
مایەی کەرامەت بۆ موسوڵمانان
جوودی وجوودت بە فەیزی ئیحسان
هات بۆ فریشتەو بۆ پەریو ئینسان
ئەتوێ ڕەهبەری دڵپاکی ئەمین
هـاتی بە ڕەحمەت لەبۆ عالەمین
پەروەردگاری زانای توانا
کاتێ کـە مـاددەی جیهـانی دانا

نووری وجوودی تۆی کرد بە ئەساس
لەبۆ کائینات لـە عـامو لە خاص
مەبەستی لـە خەلق تەنیا ئولفەت بوو
هەر مەعریفەتو هـــەر عیبادەت بوو
مەعریفەت یەعنی زانستی مەوجوود
بە زاتی خودای ( واجب الوجود )
تا بە مەعریفەت عیبادەت بـکەن
بە بەرزیی بورجی سەعادەت بـگەن
جـا چون زانستی ئادابی ئیسلام
ڕەهبەری ئەو بوو بۆ دەرکی ئەحکام
بڕیاری فـەرموو ڕەهبەر بنێرێ
یەك یەك ئادابی ئیسلام بژمێرێ
جـا ڕەهبەرەکان فـەردو جەماعەت
هـاتن بۆ موژدەی عیلمی سەعادەت
هەرکام لەوانیش کـە ئەهاتەدەر
موژدەی ئەهێنا بۆ ( خیر البشر )
ئادەم بە ناوی تۆوە تـکای کرد
تا خوای میهرەبان دوعای قوبووڵ کرد
تۆ بووی مەبەستی زاتی ئیبراهیم
ڕەوانە بـکرێ بۆ عیلمو تەعلیم
تۆ بووی مەنعووتی تەوراتو ئینجیل
تۆ بووی مەوصووف بووی بە وەصفی جەمیل
سیرەتی تۆ بوو صەحبی ئەصفیا
سیرەتێ کە وا لە سیفری شەعیا

مۆژدەی دا عیسای مەسیحی ئەمجەد
( يأتي من بعدي اسمه أحمد )
هەیبەتی تۆ بوو مانیع لەبۆ فیل
کـە ڕووی نەدەکرد لـە کەعبەی جەلیل
سوپای دڵ سیای ئەبرەهەی عەلیل
فەوتان بە سیربی ( طيراً أبابيل )
ئەیوانی کیسرا چەند تاقی شەق بوو
پەرویز بێهێز بوو ، جێگەی پێ لەق بوو
دەریاچەی ساوە ئاوەکەی ڕۆچوو
هێزی بورکانی هیممەتی تۆ بوو
بۆ تۆ بوو دەنـگی هاتیفی غەیبی
بۆ ئەمینیی تۆو پاکیو بێعەیبی
ئەو وەزعە خۆشە کەوتە ڕووی دنیا
مەعلووم بوو لەلای ئینسانی وریا
هەمووی لە یومنو پیرۆزیی تۆ بوو
هەمووی نیشانەی دڵسۆزیی تۆ بوو
چۆن بەیانی کـەم شەرحی تەعریفت
تەقریر ناکرێ باسی تەشریفت
کاتێ کـە عالەم پڕ بوو لە غوبار
بە ڕوخساری تۆ پڕ بوو لە ئەنوار
بووی بە مەرکەزی کارەبای عالەم
لەبۆ تەنویری پەریو بنیادەم

دنیات هەڵسووڕاند لە تاریکیی چـــاو
جیهان ڕووناك بوو بە وێنـــەی هەتاو

★ ★ ★

ســا ئەی ڕەهبەری پەری تا بەشەر
پەنای تاوانبار لە سارای مەحشەر
کاتێ کــە عالەم دێتــــە بەلبەلە
دڵی دڵداران دێتــە زەلزەلە
نائومێد ئەبن عالەمی دنیـــا
لە تــکاکاریی هــەموو ئەنبیا
دێن سوجدە ئەبەن بۆ زاتی خودا
تا لای خوداوە دێ لەبۆت نیدا
سەر بەرزەوە کە لەبۆ شەفاعەت
جا تــکا ئەکەی بۆ هــەموو ئوممەت
جا دەرگای تــکا واز ئەکرێتەوە
هەرکەس بەقــەد خۆی ئەپاڕێتەوە
لەوکــاتا قوربان بە میهرەبانی
(نامی) ڕزگار کەی لە دەس تاوانی
هیوایە بەندەی دەرگای ئەحمەدی
بــگا بە ڕەوحو سەفای سەرمەدی
ئەوسا بە وێنــەی بولبولی گوڵزار
بێت ســەلام بــکا لە شاهی موختار

★ ★ ★

# سەروەرم

ئەی سەروەرم ئەی ڕەهبەرو مەحبووبی تەعالا
نوختەی وەسەتی دائیرەکەی عالەمی ئەعلا
بارانی سـەلامو کـەرەمی باری بباریێ
بۆسەر خۆتو یارانو هەموو پەیڕەوی والا
ڕوون بوو ئوفوقی ڕەحمەتی باری لە جەمالا
شەوقی شەفەقی ڕۆژی سەعادەت لە کەمالا
هاتیف بە هەوای تەلعەتی تۆ بوو بە نەواخوان
هەرچەندە حیجازی نەبو ئەوسا لـە خەیاڵا
ئینسان بە سەفای سینەوە ڕووی کردە خوداوەند
یا ڕەببی ببارێنە بەسەر ڕوبعی شیمالا
مەسکوونەیی عالەم هەمو با بێتە حەدیقە
بۆ مەقدەمی ئەحمەد لە ڕەبیعی سەری ساڵا
چەرخێترە چەرخی شەرەفی زاتی موحەممەد
عەهدێترە عەهدی کەرەمی ئەو لە کەمالا
ئەی نووری بەسەر ، شەمسو قەمەر ، مەتڵەعی ئەنوار
کێ بوو وەکو تۆ دەستی عەتای بوو لە جەلالا
مەعلوومە لەسەر حیکمەتە تەرتیبی دەرو ماڵ
ئەوکاتە کـە شا بێتە گوزەر لەو دەرو ماڵا

مەشهووره شەوی هاتنی قورئان شەوی قەدره
بڕوانی ئەبینی شەوی میلادی لەپاڵا
شاتالیعی سەعدت لە ئوفوق دەرچو بە ئیقباڵ
لەو مانــگی ڕەبیعا کە ڕەبیعیش بو لە ساڵا
دووشەممەیی پیرۆزی دوازده بە ژمـــاره
هــەم بیستەمی نیسان بو بە تەوفیقی تەعالا
ڕێکەوتی لەگەڵ پێنج‌سەدو حەفتاوو هەوەندی
میلادی مەسیحە کــە مەدیحە لـــە خیسالا
تێفکره تەفائول لــە هەموو لایەکەوە دێ
بۆ ناوی خۆیو باوکو دایــکی لە خەیاڵا
خووی حەمدو سەنا ، بابی بە حەق عەبدی خودا بوو
ئامینە بو دایــکی کە ئەمین بوو لە میسالا
ئەو دایەنە وا ناوی حولەیمەی بەسەرۆ بوو
مەسدەر بوو لەبۆ حیلمو سەعادەت لە مەجالا
بارانی کەرامەت لە هەموو لاوە ئەباری
لافاوی کەرامەت ئەڕژا بە دەرو ماڵا
ڕۆژی سەدەفی فەزڵو شەرەف دەرچو لە دەریا
پڕتەو دەری عــالەم بو لەســەر فەیزی موعەللا
دەرچوو لە ئوفوق ، پێ لە زەوی ، سەر لە سەماوات
دەم پڕ لە سەناو ، دڵ لە ڕجا ، سینە لە حاڵا
بەهبەه چ گوڵێ بوو لە گوڵستانی جیهانا
بەهبەه چ برۆو چاوی وەکوو نەرگسی شەهلا
بەهبەه کە چ سەروێ بو لە بوستانی وجوودا
بەهبەه کە چ دڵبەر بوو لەسەر سوورەتو باڵا

چۆن تەربی‌یەتی دراوە وەها لایقی ڕەهبەر
بۆ ئەو کە موئەددەب بو بە حەق حەزرەتی مەولا
ڕاستە کـە خودا تەربی‌یەتی دا بە حەقیقەت
بەو تەربی‌یەتەی لایقـــە بۆ سەیدی والا
تا کاتێ گەیشتە تەمەنی هیممەتی شەخسی
یەعنی تەمەنی ڕوشدو مەقاماتی موعەللا
ئیلهامی کرا حەیفە بە غەفڵەت بڕوا عومر
ڕۆژان بە شەوو شەو بە خەوێ دەرچێ لە ساڵا
بت سوورەتی بێ سیرەتە ، بێ‌عەقڵو شوعوورە
کوێرە ، کەڕە ، بێ‌قیمەتە ، سەربەستە لە چاڵا
ڕووی کردە تەفەککور وەکوو ئوستادی موحەققیق
کەوتە نەزەرو عیبرەتو تەحقیقو موتاڵا
مانـگێ لە هەموو ساڵێ بە خەڵوەت بو حەیاتی
سینەی ئەبووە مەزهەری ئەنواری تەجەللا
تا عومری عەزیزی گەیبە موددەتی چل ساڵ
پڕ بوو دڵو سینەی لە سەفای عالەمی باڵا
جا لەودەمە جیبریلی ئەمین هاتە حوزووری
چەند ئایەتی بۆ خوێندەوە ئایاتی تەعالا

★ ★ ★

پاش موددەتێ ئەم وەحیە بە حەق کەوتە تەکامول
دنیا هەموو پڕ بوو لە قسەی ئەسفەلو ئەعلا
تا کەوتە نیداو دەعوەتی عالەم بە سەراحەت
بۆ مەقسەدی تەوحیدی خوداو ڕەحمو موالا

جیلێکی جەلیلی بەشەرەف کەوتنە مەیدان
بۆ سەرفی حەیاتو سەرو سەرووەت بە تەقالا
ئەم دینە وەها بوو بە سەفای سینەیی عالەم
بۆ ڕەحمەتو بۆ نیعمەتو بۆ فەیزی تەعالا
بێ حەددو حیساب بێتە دڵت ڕەحمەتی باری
ئەی ڕەحمەتی عامی هەموو عالەم بە تەوالا
ئەی چەشمەیی دەریای کەرەمو مەرحەمەتی عام
ئەی عەینی عەتای حەزرەتی سوبحانە تەعالا
(نامی) بەتەمای ئاوی حەیاتی کەرەمی تۆ
خوا زەمزەمە یا حەوزە وەیا کەوسەری والا
دەریای کەرەمت مەوجی وەکوو (هادی)یە حەققەن
نمنم کەمە بۆ دەم ، ئەمەوێ کاسی موحەللا

## ڕووی دڵی گوشادی تۆ ..

ڕووی دڵی گوشادی تۆ ، وا لە کەعبەی خوداوە
وەك جیهازێـکی بلووری ، کە ڕووبەڕووی هەتاوە
دڵت جیهازی نوورە ، ڕووی وا بەلای مەولاوە
وەرئەگرێ نووری ڕەحمەت ، ئەیدا بە هەموو لاوە
یەعنی مەنبەعی نوورە ، عەینی هەموو ئەنوارە
ڕووناك ئەکا سەرزەوی ، ئەڕوا بەرەو هەواوە
لـە تۆوە نوور دەرئەچێ ، بەرەو ئەرزو سەماوە
عالەم نوورانی ئەکا ، بەملا یاخود ئەولاوە

دڵمان گڵۆپی چرا ، وایەر باوەڕ بە خودا
بەقەد گوشادیی وایەر ، ئەنوار دێنێتە ناوە
ئەتۆی کـەرەمی واسیع ، ئەگەی بە هەموو لاوە
مەرکەزی دەوری ئەنوار ، ثابیت لە ڕووی دنیاوە
بەڵام کوێری سکوماو ، کافری دڵ فەوتاوە
دوکتۆری دەست ناکەوێ ، بە دوو چاوی بیناوە
هەروا شەمشەمەکوێرە ، ئەڕۆن بەرەو حەواوە
ئینکاری تاویان ئەکەن ، نی‌یە لە ڕووی دنیاوە
بەڵام نە کوێری تەواو ، بە شەوکوێری بێتە ناو
سەد جار بڵێن ڕۆژ نی‌یە ، ون نابێ ئەو هەتاوە
ئەوەیش هۆش ناتەواوە ، حەق ون‌ئەکا لەو تاوە
لەم ئایینە پیرۆزە ، هەردوو دەستی بڕاوە
هەرکەس بە سورمەی شوعوور ، دڵی بڕێژێ بە نوور
ئەوجار لە نزیکو دوور ، نووری دڵی تەواوە
بە تۆ ئەی سوڵتانی دین ، هەموو سەماو سەرزەمین
پڕ بوو لە نووری یەقین ، دڵیان شەپۆلی داوە
ئایاتی خوا هاتنە خوار ، شەوو ڕۆژ لە دێو لە شار
تا هەموو یارو ئەغیار ، چاوی دڵیان کراوە
لا اله الا الله ، محمد رسول الله
دنیای پڕکرد ماشەڵڵا ، بت جێی نەما لەو ناوە
ئینسان دەرچوو لە زوڵمەت ، کەوتە سەر عیلمو حیکمەت
بوون بە سەرچاوەی ڕەحمەت ، بڵاو بوون بە دنیاوە
چەند مەردی وێنەی عومەر ، ڕوخسار بە وێنەی قەمەر
بۆ دەرزی دین هاتەدەر ، دەم بە سەنای خوداوە

بت‌پەرست گزبوون هەموو ، چاوانیان پڕ بوون لە موو
بە شەو کەوتنە هاتوچوو ، شەوارە بوون لەو ناوە
چرایێ خوا هەڵی‌کا ، بۆ ڕووناکیی هەڵئەکا
هەرکەسێ فووی لێ بکا ، یەقین ڕیشی سووتاوە
تۆیش بە هیممەت دەستوبرد ، بانگی هوشیارانت کرد
بەیاسای ئاسانو ورد ، تێت‌گەیاندن لەو ناوە
ئەتوت خودا تەنیایە ، خودای هەموو دنیایە
زانایەو تەوانایە ، جیهانی لە بەرچاوە
ئەوەی موسوڵمان ئەبوون ، کافران بۆیان ئەچوون
ئازاریان ئەدان هەموو ، لە ئاشکراو پەناوە
ڕەهبەرو خزمی یەکسەر ، لە مەککە کرانەدەر
لە شەعبی ئەبووتالیب ، کەوتنە تەنگی دنیاوە
پێنج کافر بەدەستوبرد ، مۆری ئەم غەدرەیان کرد
ڕێگە نەدەن بە خزمان ، بۆ مەککە بێنە دواوە
تا پێنج کەسی بەوەفا ، بە یاسای سیدقو سەفا
لەبەر دڵی مستەفا ، تێکۆشان لە پەناوە
تا خزمانی بێ‌لەکە ، گەڕانەوە بۆ مەککە
هەموو لە شوێنی خۆیان ، بە خۆشی پاڵیان داوە
جارێکی‌تر کافران ، بێ‌ئیمانو بێ‌ئەمان
بە زیدی موسوڵمانان ، کەوتنە جەنگو داواوە
ناچار لە بت‌پەرستان ، دەرچوون بۆ حەبەشستان
بەخ بۆ خاوەن هیممەتان ، وەریان‌گرتن لەلاوە
تا بیستیان کافران ، سوجدەیان برد بۆ یەزدان
دڵیان خۆش‌بوو لەم حاڵە ، جا کۆچەری گەڕاوە

دیسان بە یاسای پەستان ، کافران بۆ شەڕهەستان
سەرلەنوێ کۆچی ئەسحاب ، لەبۆ حەبەش گەڕاوە
جارێــکی تر وەك مەستان ، موشریك بە جارێ هەستان
تا دەرنەچێ لە دەستان ، بڵێن ڕەهبەر نەماوە
لە هەر هۆزێ غەدداری ، گردەوەبن بۆ کاری
لێی‌دەن بە شیر بەجاری ، ئیتر زەحمەت بڕاوە
ئەمجار بە ئەمری خودا ، لەگەڵ یاری بەوەفا
صیددیقی خاوەن صەفا ، دەرچوون بە شەو لەوناوە
چەند شەو لە غاری سەورا ، ئەشکەوتێ بوو لەو دەورا
وەکوو هەتاو لە هەورا ، ون بوون لەو بەندو داوە
پاشان ئەو دوو دڵدارە دەرچوون لەناو ئەو غارە
ئەرزی طەیبە گوڵزارە ، جێی ڕەحمەتە لە خواوە
جا هەردوو بەدەستوبرد ، ڕێــگەی مەدینەیان گرت
لەگەڵ وشترەوانا ، لە ڕێی دووری دەریاوە

★ ★ ★

قوربان ، بووم بە جەفایی ، لە جەفای بێ‌وەفایی
لەبەر ئازاری دڵتان ، عەقڵو هۆشم نەماوە
بڕوانە بۆ دڵ جارێ ، تەبیبی برینداری
تا دەرچێ ژاری مارێ ، لە دڵەی خاوەن جەفاوە
(نامی) شێتو شەیدایە ، دیلی داوی جەفایە
هیوای دەریای سەفایە ، شەپۆل بدا بەملاوە
(نامی) تەبیعەت خامە ، عاشقە بەو دڵ جامە
ئەگا بە هەرچی کامە ، ئەگەر لاکەی بەملاوە

(نامی) غوڵامی تۆیە ، گەلێ بێڕەنگو بۆیە
دێوانەی عەشقی تۆیە ، مەیلێ فەرموو بەملاوە

## سەلامی حەق

سەلامی حەق لەسەر ئەو نوورە بێ ڕۆحە لەبۆ ڕەهبەر
لەسەر ئالو لەسەر یارانو جوملەی پەیڕەوی یەکسەر
سەلامی حەق لەسەر ئەو نوورە بێ نووری عەلا نوورە
موحەممەد ، ئەحمەدە ، مەحموودە ، شافیع ، سەییدە ، سەروەر
لەسەر ئالو لەسەر یارانو جوملەی پەیڕەوانی بێ
لەسەر مەجمووعی زانایانی دینو ئەولیای دڵبەر
(تعالی الله) چ‌فەردێ بوو فەریدی عالەمی تەوحید
کە تەوحیدی گەیاندە ئەهلی دنیا ئەکبەرو ئەسغەر
ڕەسوولێ بوو بە حەق ڕەهبەر لە بابی ڕەهبەری ئەنوەر
بە بێ فەرقو تەفاوت بۆ بەشەر ئەبیەز هەتا ئەحمەر
ڕەسوولێ بوو لە فیتنەی کافران یەزدان پەنای پێدا
لە غاری سەورەدا چەند شەو هەتا لەو غارە هاتەدەر
لەپاش چەند شەو وەکوو پڕتەو لەگەڵ دەرچوو بە هێزو تەو
بەرەو تەیبە بە ڕێگەی ساحیلا وەك باریقەی ئەنوەر
کە کافر تێ‌گەیشت وا ڕۆژی حەق ئاوابوو لەو قوترە
بە شەو بوو ڕۆژی ڕۆشنیان ، پەرێشان بوون لە ماڵو دەر
هەموو کەوتنە تەقالاو دەو ، بە دڵتەنگی بە ڕۆژو شەو
غوڵامو شارەزایان نارد لەبۆ ساراو لە دەشتودەر

لەبۆ ئەو هاتنە هاتوچوو ، بە یەك یەك یا لەسەر دوو دوو
(سوراقە) لەو کەسانە بوو لە ئەرزی ڕێگەدا یەکسەر
بە هێزو هەیئەتی (حسبی)[1] بە ئەرزا چوو پەلی ئەسپی
پەنای هێنا (مع الخسف) بە ڕەحمی حەزرەتی ڕەهبەر
لەپاش ئەو حاڵەتە ڕەهبەر بە تەعبیری بەشارەتدەر
سوراقەی تێگەیاند بۆ ئەو ئەبێ تاجی سەری سەروەر
گەڕاوە جا سوراقەو حەزرەتیش ڕۆیی بە ڕێی خۆیا
گەیشتنە چەند مەڕێکی (أم معبد) وشکەرۆی بێفەڕ
مەڕێکی وشکیان دۆشی لەبۆ ماڵ بوو بە هۆی خۆشی
نەوەك هەر شیرو دۆی نۆشی ، گەلێ خێراتی غەیری مەڕ
کە مەیلی بوو خودای عالەم بدا بەهرە بە بنیادەم
بە ئارەق ڕشتنێکی کەم لە دەیما پێی ئەدا دێبەر
لەوێدا ماوەیێ ماوە کە دەرچوون لەو دەرو ناوە
جیهان ڕووناك بوو بەو تاوە هەتا قەریەی قوبای ئەنوەر
لە ڕۆژی دووشەمەی دوازدەی ڕەبیعولئەووەلا ئەنصار
لە خانووی عەمری بن عەونا مونەووەر بوون بە ڕووی ئەنوەر
لەوێ چەند ڕۆژێ ماوە چون بینای مزگەوتی داناوە
لەسەر تەقوا موئەسسەس ئاوەها بوو مەسجیدی سەروەر
لەپاش جومعە لەوێ دەرچوون ، بەرەو شاری مەدینە بوون
بە ئیستیقبالو ئیکرامو بە تەشریفی لە حەد ئەودەر
نەشیدی (طلع البدر) بە دەفلێدان لەوێ دەرچوو
فریشتە هاتنە هاتوچوو لەبۆ تەشریفی ڕێی ڕەهبەر

---

(١) واتە فەرموودەی : حسبي الله ونعم الوكيل •

سەنای نایێتە سەر دەفتەر ، چ ئیستیقبالێ بۆ سەروەر
پەیاپەی ڕاسەری ئەنوەر ئەباری ڕەحمەتی داوەر
گەیشتە شارەکەی تەیبە ، ئەمینی عالەمی غەیبە
نزوولی لای ئەبوو ئەییووب بە میوانی بە خێرو فەڕ
فیدات بم لایقی باڵاتە کاڵای عیزەتو ئیکرام
فیدات بم لایقی ئاڵاتە نەجمی نەسرەتی ڕەهبەر
فیدات بم ڕەهبەری ئەنوەر ، فیدات بم سەییدی سەروەر
فیدات بم پێشەوای ڕەهبەر ، فیدات بم جازیبی دڵبەر
فیدات بم خاوەنی هیجرەت ، فیدات بم ساحێبی نەسرەت
فیدات بم مەنبەعی ڕەحمەت لەبۆ ئەکبەر لەبۆ ئەسغەر
فیدات بم قاسیدی تەئسیسی دینی خالیدی ئیسلام
فیدات بم ساحێبی تەدریسی عیلمی عالەمی کەوسەر
نیگاهێ فەرمو بۆ (نامی) ، غوڵامی مەسلەکی جامی
بە عەشقی شاهی ئیسلامی موشەڕڕەف بێ بە تاجی سەر
چ حەددێکی هەیە قەیسەر بگاتە خادیمی بەردەر
هەزاران سەییدو سەروەر لە دەرگاتایە دەس بەر سەر
کەرەم فەرموو قوبووڵم بێ لە بۆ هەر دەرکێ بۆ تۆ بێ
عەجەب نابێ ئەگەر نەمبێ مەقامی خزمەتی سەروەر
موهاجیر تا بە ئەنسارت ، هەموو ئامادە بۆ کارت
نە تەنیا بۆ تۆ بۆ یارت لە کوردە یا سەری بەربەر

## نەشیدی نەبەوی

ئەی مایەی ڕەحمەت بۆ هەموو عالەم
ئەی تاجی سەری حەزرەتی ئادەم

ڕۆحت ڕەهبەر بوو پێش خەلقی ئادەم
لە جیسما تۆ بووی بە شەخسی خاتەم
سەلامی خودا لە گیانی تۆ بێ
با گیانی ئێمەیش قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

تۆ بووی هۆی نەجات لە تاریکستان
یانێ تاریکیی ڕێی بتپەرستان
کەعبەت لە ژەنگی بت پاككردەوە
دنیات سەرانسەر ڕووناك کردەوە
یەکێتیی خودات نیشاندا بە خەڵك
ناوی بتانت لەبیربردەوە
سەلامی خودا لە گیانی تۆ بێ
با گیانی ئێمەیش قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

بێهۆشی ڕابوورد ، دەرکەوت هۆشو فام
بتپەرستی مرد ، ژیاوە ئیسلام
یاسای بەدخوڵقی کز بوو لە چەرخا
ژیاوە خوڵقی ئینسافو ئیکرام
هەرچی سیفەتی بەرزە بۆ ئینسان
کردت بە یاسا بۆ ئەهلی ئیسلام
سەلامی خودا لە گیانی تۆ بێ
با گیانی ئێمەیش قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

هیجرەتت فەرموو لە مەککەی ئەمین
چووی بۆ مەدینە بۆ نەسرەتی دین
بۆ غەزا لەگەڵ کافری لەعین
خوا یارمەتیی داو بۆت بوو بە موعین
حەققە یارمەتیی خودا لەبۆ تۆ
( حق علینا نصر المؤمنین )
سەلامی خودا لە گیانی تۆ بێ
با گیانی ئێمەیش قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

تۆ بووی نەلەخشای بە تەمای دنیا
نەلەخشای بە ماڵ ، بە پایەی عولیا
نەلەخشای بە بای ئارەزووی نەفسی
لای تۆ نمێکە شەپۆلی دەریا
کێ بێ خۆی بگرێ بۆ خزمەتی دین
لانەدا لە دین بۆ مایەی دنیا
سەلامی خودا لە گیانی تۆ بێ
با گیانی ئێمە قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

تۆ قوبووڵت کرد واتەی نەزانان
واتەی بێمەعناو بێوەزنو میزان
تۆ مانگی چواردەی دەرچووی لەسەر کەل
با سەگ بووەڕی لە مانگی تابان
تۆ ڕۆژی بەرزی لە ئاسمانا
پڕتەو ئەبەخشی بۆ هەموو جیهان

ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی ئینسان قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

ئاسایش دایێ لە جەزای سزا
لە جەزای ڕەویەی ڕەزا بە قەزا
شەرت کە هاتەجێ جەزا پێویستە
ئەمەیە یاسا تا ڕۆژی جـــەزا
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی ئوممەت قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

لەپاش گرانی دایێ هەرزانی
لەدوای وشکەساڵ دایێ فەرحانی
وا دامەزراوە یاسای ئەم دنیا
(ان مع العسر یسراً) ئەزانی
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی موخلیس قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

بنیادەم ئەغڵەب شێتی دنیا بوون
ئەگەر بێئاگاو ئەگەر وریا بوون
بە بانـگی ڕەهبەر ڕوویان کردە حەق
ئەگەر بێئاگاو گەر بەئاگا بوون
ئـەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی ئوممەت قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

چرای کارەبای ڕەحمەتی خودا
بەدەستتەوە بوو لە ڕۆژو شەوا
عالەمت هەڵنا بۆ ڕێـگەی خودا
لە هەموو گەلێ لە کۆنەو نەودا
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی ئێمە قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

فیداکاریت کرد بۆ خواپەرستی
ئینسانت لادا لــە بتپەرستی
تەعلیمت کردن دەرزی هوشیاری
لاتدان لە ڕێـگای بێهۆشیو مەستی
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی موخلیس قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

پەیمانو وەفاو مەردیو مرووەت
تۆ هێنات بۆمان بەقەدرو قیمەت
ئەم سیفەتانە لەبۆ هوشیاران
وەها دامەزران بوون بە تەبیعەت
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
گیانی سادیقان قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

ئینسان تینوو بوو بۆ ئاوی حەیات
بۆ نەجات لە دەس هــەواو خەیاڵات

تۆ بووی بە ئاوی بارانی ڕەحمەت
ئاوتدا داری عیلمو کەماڵات
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
گیانی سادیقان قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

دنیایێ تازەت هێنا پێشەوە
بۆ ئیمان بە حەق هـاتە کێشەوە
یەکسـان بوو یاسات بە حەق پەرستی
چ لای بێگانەو چ لای خوێشەوە
لە مەککە دەرچووی بۆ نەسرەتی دین
بەرەو مەدینە جێی دینو تەمکین
گەیشتیتە دێی قوبای نازەنین
چەند ڕۆژ مایتەوە بۆ نەشری ئایین
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
با گیانی یاران قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

(طلع البدر) لەگەڵ تۆیان بوو
مەحەبەتی تۆ بە دڵو گیان بوو
ژینی تۆ بە حەق ژینی ئەوان بوو
ئاوی حەیاتی هەموو ئاوان بوو
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
گیانی موحیببان قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

حەقیان بوو بە حەق بنە فیدای تۆ
بە فیدای سەبرو سیدق‌و سەفای تۆ
باسی ناکرێ چونکە وەفای تۆ
سیفەتی سەبرو سیدقی جەفای تۆ
ئەی نووری ڕەحمەت سەلامت لێ بێ
گیانی موحیبان قوربانی تۆ بێ

★ ★ ★

پاش دامەزرانی سەیدی ئەبرار
کەوتە سەر بینای جامیعی ئەنوار
بینای مزگەوتی جامیع بۆ بەشەر
بۆ عیبادەتی خالیقی ئەنوەر
باغێکی کڕی لە بەنی‌نەججار
بە نرخی ئەوسا کردی دە دینار
هەرچەند مەمنوون بوون تەسلیمی بکەن
بە بێ موقابیل تەقدیمی بکەن
لەم کارا دەرکەوت واجبە ئینسان
بینای حەق دانێ بێ شوبهەو نوقسان
لە موڵکی ساغ‌و خالیسی شەخسی
جێ‌بەجێی بکا مەعبەدی قودسی
جا مزگەوتەکەی بینا کرد بە دڵ
بۆ تەعلیمی دین کرا بە مەنزڵ

★ ★ ★

مزگەوت مەزهەری نووری خودایە
ئایەی (في بیوت) ئەم باسەی تیایە

مزگەوت مەڵبەندی ئەهلی تەقوایە
شوێنی تاعــەتی زاتی خودایە
جێگەی تەعلیمو تەبلیغی دینە
جێگەی تەنویری ئەهلی تەمکینە
جێی ڕێخستنی کاری جیهادە
جێی دابەستنی نوێژی عیبادە
هەر باسێ سوودی ئیسلامی تیایە
بەشێکی زۆری لە مزگەوتایە

★ ★ ★

سێ مزگەوتی عال لە ڕووی دنیادا
پایەیان بەرزە لــــە لای خودادا
(مسجد الحرام) یەکەم مەقامە
دووهەم مەسجیدی ڕەوزەی ئیسلامە
سێهەم (مسجد الاقصى)ی موقەددەس
فەزڵی پێ داون خودای فریادڕەس
لەبۆ نوێژکردن لەم سێ شوێنانە
باربەندی حەققە لە ڕووی زەمــــانە
لەبۆ نوێژکردن لە باقی مزگەوت
باربەندی نی‌یە یا سەفەر بە ڕەوت
دەی ( لا تشد الرحال ) بە حەق
هەر لەبۆ نوێژە ، لێت بێ موحەققەق
مەعنای وا نی‌یە حەرامە سەفەر
بۆ کەسبی عیلمو حەدیثو ئەسەر

یا لەبۆ جیهاد یا سیلەی ئەرحام
یا بۆ زیارەتی (سید الأنام)
یا بۆ زیارەتی ئەحبابی دینی
تێبگە ئەگەر ئەهلی تەمکینی
یا بۆ زیارەتی ماوای ئەولیا
مردوو یا زیندوو لە هەر لای دنیا
ئەمانە هەموو حەقی ئوممەتن
هەندێ واجبو هەندێ سوننەتن
(في فتح الباري ، شرح البخاري
في فضل الصلاة ) ثابتەو جاری

★ ★ ★

لەپاش هیجرەتی شای عالی مەکان
هیجرەتیان فەرموو موهاجیرەکان
چ لە حەبەشەو چ باقیی وڵات
هاتنەوە بۆ لای خاوەن بەرەکات
گەیشتن بە یار بە خۆشیو شادی
لەگەڵ سەربەرزیو عیززو ئازادی
پاش تاریکەشەو بەرەبەیانە
کاتی بینینی ڕووی دڵدارانە
لە دەوری شەمعی ڕوخساری یاران
بەروانە زۆر بوون بە وێنەی جاران

★ ★ ★

لەپاش ئەمانە سەیدی ئیسلام
برایی ڕێخست بۆ سەحبی کیرام

هـــەتا بزانن ئایینی ئیسلام
بۆ برایی هات نەك لەبۆ خیصام
ئایینی ئیسلام بۆ ئیعتیصامە
لەبۆ یەکێتیی گـــــەلی ئیسلامە

★ ★ ★

پاش دامەزرانی ئەسحابی کیرام
جیهاد دامەزرا لەســەر ئیهتیمام
بۆ هیچ نیازێ نا هەر بۆ نەشری دین
(رضي الله عنهم اجمعين)
لە ماوەی دوو ساڵ یا کەسرێ کەمتر
شەستوسێ حەربی کرد لەگەڵ کافر
لە بیستوشەشی بۆ خۆی حازر بوو
بۆ ئیسلام بوونی قەومی کافر بوو
مەشهوور لەوانا مەعرەکەی بەدرە
کە لەبۆ ئیسلام عیززەتو قەدرە
سێسەدو سیازدە لە موسوڵمانان
هەزارو سێسەد لە دوژمنانیان
خــوا نەسرەتی دا بە دینی ئیسلام
حەفتا کەسیان کوشت لە دەستەی لیئام
حەفتایش بە دیلی هاتنە مەدینە
بەخ بەخ لەم نەصرە چەندە موبینە
حەربی لای ئوحود گەلێ گەورە بوو
زیانی گەلی شاهی دەورە بوو

سیڕڕی ئەوەبوو دەرچوون لە ئەمری
حەزرەتی ڕەهبەر ( في ذاك الأمرِ )
خەندەق‌و وەزعی نەسرەتی خەندەق
بوون بە نەسرەتی موسوڵمان بە حەق
لەپاش ئەمانە فەتحی مەککە بوو
پڕشانازی‌تر گشت مەعرەکە بوو
پاش فەتحی مەککە مەعرەکەی حونەین
بۆ موسوڵمانان بوو بە عیلم‌و عەین
لە ساڵی دەدا ( حجة الوداع )
سەدو چوار هەزار حەجاجی شوجاع
ئایەی ( اليوم أكملت لـكم )
لەم حەجەدا هـات بە بێ زیادو کەم
یەعنی قورئانی پڕقەدرو قیمەت
کافی‌یە لەبۆ ئەسڵی شەریعەت
چونـکە بەیانی ڕەسوولی سەروەر
هەیە بە خیطاب لەگـەڵ پێغەمبەر
حوکمی ئیجماع‌و ئیجتیهاد بۆ دین
لە قورئانا هـــەن ئەبێ بیزانین
ئەم ئایە مەعنای ئیکمالی دین بوو
ئیکمالی وەحیی شای مورسەلین بوو
پاش گەڕانەوەی لە حەجی شەریف
چەند مانگ مایەوە ڕەسوولی حەنیف
ئاخری سەفەر کەوت بە نەخۆشی
مەولوود شەربەتی وەفاتی نۆشی

باڵداری گیانی فڕی بۆ جینان
پاش ئەوەی نامەی خوای بە خەڵك گەیان
صەلات‌و سەلام لـە ڕۆحی پاکی
لە باخچەی بەرزی پایە ئەفلاکی

★ ★ ★

بەجێی‌هێشت بۆمان سێ سەرچاوەی دین
سێ شتی بەسوود بۆ گشت موسلیمین
یەکەمیان قورئان ، دووهەمیان سوننەت
کەوا سەرچاوەن لەبۆ شەریعەت
(خیر الكتاب كتاب اللهِ)
(والهدي هدي رسول اللهِ)
سێهەم ئەسحابی (خیر الأمة) بوون
خاوەن ئیمان‌و خاوەن هیممەت بوون
(خیر الأمة) بوون بۆ حیفزی قورئان
بە بێ دەسکاری ڕایان‌گرت بۆمان
بە جەمعی صیددیق بۆ هەموو قورئان
ئایات‌و سوورەت بێ زیادو نوقسان
بە جەمعی عوسمان لەسەر یەك لەهجە
کە هیی قورەیشە ، بووە بە حوججە

★ ★ ★

(خیر الأمة) بوون لەسەر ئیستیخلاف
بەیعەت بە صیددیق (سید الأشراف)
بووبەکری دانا لە نەخۆشینا
کردی بە پێشنوێژ لە ڕێـگەی دینا

ئیمامێ حەزرەت بیکا بە ئیمام
ئیتاعەی فەرزە بۆ هەموو ئیسلام
(خیر الأمة) بوون لە ڕێی جیهادا
لە ڕێی تەبلیغا ، لە ڕێی ئیرشادا
دەوری چوار یار هەتاکو حەسەن
(خیر الأنام)ن (أحسن فأحسن)

★ ★ ★

ئەوکەسەی حوببی یارانی هەبێ
لە سیمای ناوچاو نیشانی ئەبێ
ئەزانێ شەخسی خاوەن هۆش‌و فام
حوببی سەحابە ڕۆحە بۆ ئیسلام
کە موخاطەب بوون بە (خیر الأمة)
یەعنی مومتازن بە عەتری هیممەت
ئوممەتی ئیسلام وێنەی جەسەدە
دڵ : خۆشەویستیی زاتی ئەحمەدە
سەری ئەسحابەو یارانی نەبی
سـەدری ئەئیممەی علمی عەرەبی
چینی یەکەمی شاگردی ئیسلام
یارانن ، ئوستاد سەییدی ئەنام
ئەوان کتاب‌و کیتاب‌لەبەر بوون
ئەوان یاوەری (خیر البشر) بوون
یەکەم تاقمێ بڕواتە بەهەشت
ئەسحابەکانن ، باقی وان لە دەشت

( والسابقون الأولون ) به حه‌ق
ئه‌سحابه‌كانن ته‌به‌ق به ته‌به‌ق
بیروباوه‌ڕی جوانی ئه‌وان
له ده‌فته‌رێكا نایه‌ته عه‌یان
ئه‌وان ئیسلامیان گه‌یانده عالەم
ئه‌وان كلیل بوون بۆ عیلمو عه‌له‌م
دنیایان گێڕا به حه‌دیقه‌ی دین
ناشتیان تیایا دره‌ختی یه‌قین
خوێنی ئه‌وان بوو به ئاوی ڕووبار
ئاوی دا باغو چیمه‌نو گوڵزار
دنیای پڕ له خار بوو به گوڵستان
ده‌شتی دێمه‌كار كرا به بێستان
بۆ چه‌رخی ئیسلام بوون به سه‌رده‌فته‌ر
پاش ڕه‌سوول گه‌ڕان به (خیر البشر)
ئه‌وه‌ی ئیمانی ببێ به قورئان
ئیمانی هه‌یه به قه‌دری یاران
ئه‌وه‌ی باوه‌ڕی نه‌بێ به‌مانه
مه‌ڵێن ئه‌وكه‌سه خاوه‌ن ئیمانه
قورئانی مه‌جید به حوسنی به‌یان
پڕه له سه‌نای هیممه‌تی ئه‌وان
عه‌جه‌ب مه‌مێنن چونكه ئه‌سحابه
یه‌كه‌مین حه‌ڵقه‌ی ده‌رزی كیتابه
ئه‌ی (خیر البشر) له ڕووی عالەما
ئه‌ی (هادی السبل) له‌ناو ئاده‌ما

ئەی ڕەهبەری عام بۆ پەری‌و بەشەر
ئوستادی دەرزی بەسیرەو بەسەر
هەروا کــــە زاتت (خیر الأنام)ە
قورئانەکەیشت (خیر الکلام)ە
سوننەتەکەیشت بۆمان ئیمامــە
ئایینی بەرزت دینی ئیسلامــە
ئەسحابەکانت (خیر الاصحاب)ن
تابیعینەکان (خیر الأحباب)ن
ئیمامانی دین (خیر العباد)ن
ئەولیاکانیش خــاوەن ئیرشادن
ئێمەیش واین لەگەڵ هەموو ئەمانە
زەمانەکەیشمان ئاخر زەمانە
تــکا بفەرموو لە خزمەت خودا
نەمانداتە بەر گێژاوی بەڵا
(نامی) بە هێزی ڕەحمەت ڕاجی‌یە
داخڵ بین لەناو فیرقەی ناجی‌یە
داخڵ بین لەناو زومرەی تابیعین
( رضي الله عنا اجمعين )

★ ★ ★

ئامۆژگاری‌یە لەبۆ هەمووتان
ڕایبگرن بە دڵ بۆ حاڵی **خۆتان**
ئێمە ئوممەتی ( خیر الأنام )ین
مەنسووبی نووری دینی ئیسلامین

موحیبین لەبۆ خوداو پێغەمبەر
بۆ ئاڵو ئەسحاب ، بۆ ئیسلام یەکسەر
موحیبین لەبۆ ئەولیای ئیسلام
خادیمی دینین بەگوێرەی ئەحکام
هــەر باوەڕێ وا لەلای ئەوانە
ئەوە باوەڕی ئێمەومانانە
قەت لێی لانادەین بە ئیزنی خودا
هەتاکو گیانمان مابێ لەبەردا
هەر لەو عەسرەوە هەتا ئەم عەسرە
ئیقتیدا بەوان ئەسبابی نەسرە
ئیتر گوێ مەدەن بە واتەی بەتاڵ
شیرین وەربگرن دەم مەدەن لە تاڵ
کە ئیجماع حەققە دەلیلە بۆ دین
یا ئەکسەرییەت باشە بە یەقین
ئێمــە تابیعین بە ئیمامەکان
ئەوانەی ڕێــگا ڕوون ئەکەن بۆمان
دینیش وەستاوە لەســەر چوار پایە
فەرزی عەین لەگەڵ فەرزی کیفایە
سوننەتی بەرزی موئەککەدەی حەق
غەیرە موئەککەد ، تەطەووع موتڵەق
هەر تەطەووعێ بکرێو کرابێ
باشە مەر ئەوەی نەی لێ کرابێ
گوێ مەدەن بەوەی ئەڵێ بیدعەتە
ئەوە خۆی مایەی دەردو مەینەتە

بیدعەت لە شەرعا ئەوەیە کەوا
دژ بێ بەو چوارەی کە ناویان هێنرا

★ ★ ★

هەر قەول‌و فیعلێ بەجێی‌بهێنین
مادەم لەو شتە نەهی نەبینین
دروستە بکرێ فەرزە یا سوننەت
یا تەطەووع بێ ، خێرە بۆ ئوممەت
بیدعەت لە عورفی شەرعا ئەوەیە
ـ وەك لە کتێبا ڕوون کراوەیە ـ
زیددی کیتاب‌و سوننەو ئیجماع بێ
دژی ئیجتیهاد ، دوور لە ئینفاع بێ
نەك ئەو کارەیە لە عەهدی حەزرەت
نەکرابێ لەلای کۆمەڵەی ئوممەت
ئەگەرنا ئەبێ ئایینی ئیسلام
ڕەسایی نەکا بە کاری ئەنام

★ ★ ★

تەطەووع دەوری هەیە لە دینا
لەنەزەر ئەهلی عەقڵ‌و تەمکینا
ذیکری حەق بۆ فەرد یا بۆ جەماعەت
ڕەوایە بە حەق لەلای شەریعەت
بۆ تەنیا دیارەو لەبۆ جەماعەت
هەر تەعاونە بۆ خێری ئوممەت
گردبوونەوە بۆ مەولوودی ڕەهبەر
ئەوەندە خێرە نایەتە دەفتەر

هەموو تەقدیرەو نەسرەتە بۆ ئەو
بخوێنەرەوە ئەعراف بە پڕتەو
باسی میعراجو مەقـامی حەزرەت
پیرۆزی ئەدەن بە دڵی ئوممەت
زیارەتی ڕەوزەی بەرزی مصطفا
بۆ دڵی موئمین ئەبێ بە صەفا
قەدرو حورمەتی عولەمای ئیسلام
قەدرو حورمەتی ئەولیای کیرام
دەست ماچ کردنیان ، هەستان لەبەریان
بۆ حورمەتی دین حەقە لەسەرمان
فاتیحە لەبۆ ئەرواحی مردوو
خێرو ڕەوایە بە بێ یەكو دوو
ئەوەی مونكیرە بۆ ئەم خێراتە
دوور بێ لێت شێتە لـەو سەربیساتە
دوعـاو شەفاعەت لەلای موسوڵمان
لەبۆ موسوڵمان باشە بێ گومان
هـــەموو ثابیتن بە یاسـای ئیسلام
گەلی گومڕاهان مەکـــەن بە ئیمام
سەلامی خودا لەسەر ڕەهبەر بێ
لەسەر یارانو ئالی سەروەر بێ
بەقەدەر پەڕەی گوڵی گوڵزاران
کـە سـەر دێننەدەر فەسڵی بەهاران
(نامی) نامەکەی بۆ ڕۆژگارە
لەبۆ تەربیەی ڕۆڵەی هوشیارە

هیوام ئەوەیە بەسوود بێ بۆ عام
بێ بە سەبەب بۆ حوسنی خیتام

★ ★ ★

سوپاس بۆ خودای تەعالا ئەم کتێبە تەواو بوو لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممەی یەکی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٠٩ی کۆچی ، ڕێکەوتی ٦-٢-١٩٨٩ی میلادی لە حوجرەی مەدرەسەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (نور الله روحه وزاد فتوحه) • وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه وسلم • وأنا الخادم للعلم والدين المدرس والامام في جامع حضرة الشيخ المعزى اليه ، نفعنا الله ببركاته وسلك بنا مسالك كراماته آمين ، عبدالكريم بن محمد الكردي الشهرزوري • غفر الله له ولوالديه وللمسلمين آمين •

★ ★ ★

ڕۆژت لێ ئەڕوا خواهیو نەخواهی
بە سفیدی بێ یا بە سیاهی
بێفەرقە لەلای گەداو دەوڵەمەند
بێجێ یا جێگر بە پادشاهی
جا ئەگەر مەردو خاوەن شوعووری
پاكو چالاكو ڕوو لە ئیلاهی
لە ژینا كەسبی پیرۆزی بكە
هەتاكو بمری بە خاوەن جاهی

ڕۆژی یەكشەممە ١٩ی شەعبانی ١٤٠٩ ڕێكەوتی ٢٦-٣-١٩٨٩

# پێڕەس


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٥ | ڕەزا بە قــەزا |
| ٥ | ئیخلاس بە دڵە |
| ٧ | دنیا پڕە لە ئاشووب |
| ٨ | ئامۆژگاریی گشتی |
| ١٠ | سکاڵاو پاڕانەوە |
| ١٣ | ئامۆژگاری |
| ١٨ | ڕاستی ناڕاستی ناحەزی یەکن |
| ١٩ | ئەساسی فەساد |
| ٢٠ | ڕزگاری لە شەڕ |
| ٢٢ | جیهان جۆرجۆرە |
| ٢٥ | ئاساری پێشینان نامێنێ |
| ٢٦ | سئلني سائل |
| ٢٧ | ئادەمی پێویستی بە یاسا هەیە |
| ٣٠ | ئیمان چەند جۆرە |
| ٣٣ | خير أمة أخرجت للناس |
| ٣٨ | نەحوو سەرفو عولوومی‌تری ئیسلامی |
| ٣٩ | عیلمی ئوسووڵی فیقه |
| ٤٠ | عیلمی ئوسووڵی دین |
| ٤٢ | زانایانی دین |
| ٤٣ | ئەولیاو خاوەن تەریقەتەکان |
| ٤٩ | ئیمانو ئیحسانو ئیسلامو مەحەببەت |
| ٥٢ | خودا خاوەنی هەموو شتێکە |
| ٥٣ | هوشیار ئەزانێ |
| ٥٥ | بەختیار کێیە ؟ |
| ٥٧ | دنیــا بۆ تۆیە |
| ٥٩ | دامەزراوی مەرجی پیرۆزی‌یە |
| ٦٠ | یەکێتی‌و تێکۆشین |
| ٦١ | حــەقو ناحــەق |
| ٧٢ | یاسا بە هێز ئەبێ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٧٣ | ئەدەب بەسوودە |
| ٧٥ | مەعنای وجوودم نازانم |
| ٧٦ | خودا تۆ خودای |
| ٧٧ | هۆی زەفەری بێگانە |
| ٨٣ | ئەو یاسا دژی دینی نەبی بێ |
| ٨٨ | خۆلادان لە هەوا |
| ٩١ | ئینسان بە ئەخلاقە |
| ٩٥ | یادنامەی مەردان |
| ١٠٢ | کەس نەڵێ من بەرزم |
| ١٠٤ | حیکمەتی بالیغە |
| ١٠٦ | فام پێویستە |
| ١١٢ | پێویستە ئینسان بفامێ |
| ١٢١ | ئارامیی دنیا لەسەر نیزامە |
| ١٢٣ | دەرمـــانی دڵەی ... |
| ١٢٥ | یاسا گۆڕان لە دنیادا |
| ١٣٦ | انا عرضنا الامانة |
| ١٣٨ | (الله) خودایە |
| ١٤٥ | هـــەوای میهرەبانی |
| ١٤٧ | خانەدانەکان |
| ١٤٩ | دنیـــا مەزرەعەیە |
| ١٥١ | مەردی گیرۆدە |
| ١٥٥ | گەلێکم هەیە |
| ١٥٧ | بوونی ذاتی حـــەق |
| ١٦٢ | سیرڕو ئەساس |
| ١٧٠ | تاریکیی تاوان |
| ١٧٢ | سنة الله |
| ١٧٨ | سەروەرم |
| ١٨١ | ڕووی دڵی گوشادی تۆ |
| ١٨٥ | سەلامی حەق |
| ١٨٧ | نەشیدی نەبەوی |

٨٩٢/٧١

م ٤٤٥ مدرس ، عبدالكريم

نامەی هوشیار / دانراوی مەلا **عبدالكريمی مدرس**

[ب • ش : ب • ب ] ، ١٩٩٢ (بەغدا : چاپخانەی «الحوادث» ) •

٢٠٨ ل ، ٢٣ سم •

١ ـ هۆنراوەی ئایینیی کوردی (الشعر الديني الكردي) •

أ • ناوونیشان •

**لە گەنجینەی بەڵگەو کتێبخانەدا لە بەغـــدا ،**

ژمـــارە (٦١)ی ســـاڵی ١٩٩٢ای دراوەتێ